هەرێمی کوردستان/ عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی باخچەی منداڵان

# کاریگەریی بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لە ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی - توێژینەوەیەکی ئەزموونیی

پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت / زانکۆی سلێمانی کراوە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە باخچەی منداڵان / ڕاگەیاندنی پەروەردەی منداڵ

لە لایەن :

نەبەرد محمود حمە صالح

بە سەرپەرشتی

پ. ی. د. یۆهان عثمان حمەحسین

پ. د. نـــیان نامـــق صابر

٢٧٢٢ کوردی

٢٠٢٣ زایینی

## بڕیاری سەرپەرشتیاران

ئەم نامەیە بە ناونیشانی **(کاریگەریی بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لە ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی – توێژینەوەیەکی ئەزموونی)** بە سەرپەرشتی و لە ژێر چاودێری ئێمەدا لە لایەن خوێندکاری ماستەر (نەبەرد محمود حمەصالح) لە زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری پەروەردە/ ڕاگەیاندنی پەروەردەی منداڵ، لەو پێناوەدا واژۆمان کرد .

| | |
|---|---|
| واژۆ | واژۆ |
| پ .ی .د . یوهان عثمان حمەحسین | پ .د . نیان نامق صابر |
| ڕێکەوت:  /  / ٢٠٢٣ | ڕێکەوت:  /  /٢٠٢٣ |

بە پێی ئەم پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەین

واژۆ

پ .د . صابر بکر مصطفی
سەرۆکی بەشی باخچەی منداڵان

ڕێکەوت :  /  / ٢٠٢٣

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی **(کاریگەریی بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لە ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی)** لەگەڵ خوێندکاری ماستەر (نەبەرد محمود حمەصالح) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا کە شایستەی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەر لە باخچەی منداڵان/ ڕاگەیاندنی پەروەردەی منداڵ پێبدرێت، لەو پێناوەدا واژۆمان کرد .

واژۆ :

ناو : پ .ی .د . شێرکۆ جبار محمد

ئەندام

ڕێکەوت : / / ٢٠٢٣

واژۆ :

ناو : پ .ی .د .جوان أسماعیل بکر

ئەندام

ڕێکەوت : / / ٢٠٢٣

واژۆ :

ناو : پ .ی .د .عبدالصمد أحمد محمد

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت : / / ٢٠٢٣

واژۆ :

ناو : پ .ی .د . یوهان عثمان حمەحسین

ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕێکەوت : / / ٢٠٢٣

واژۆ :

ناو : پ .د .نیان نامق صابر

ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕێکەوت : / / ٢٠٢٣

لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە ( ) لە ڕێکەوتی ( / / ٢٠٢٣) پەسەندکرا .

واژۆ

پ .ی .د . حسن فخرالدین خالد

سەرپەرشتیاری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

ڕێکەوت : / / ٢٠٢٣

**پێشکەشە بە :**

**هەموو ئەو کەسانەی کە سوود لەم**

**هەوڵە زانستییە وەردەگرن . . . .**

نەبەرد

## سوپاس و پێزانین

- سوپاسی بێپایان بۆ سەرۆکی بەش و مامۆستایانی بەشی باخچەی منداڵان، لە پایی ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی کە هەیانبووە لە کۆی کردەی خوێندنی ماستەر و بە ئاکام گەیاندنی ئەم نامەیە .
- سوپاسی سەرۆك و ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی گفتوگۆی توێژینەوەکە دەکەم لە پایی هەڵسەنگاندن و دەوڵەمەندترکردنی توێژینەوەکە بە سەرنج و تێبینییەکانیان .
- سوپاس بۆ سەرپەرشتیارانی بەڕێز (پ .د .نیان نامق صابر) و (پ .ی .د . یوهان عثمان حمەحسین) بۆ ڕێنوێنی و سەرنجە زانستییەکانیان .
- سوپاس بۆ هاوسەری ئازیزم (خەندە علی حمەأمین) کە هاوکارێکی زۆرم بوو لە تایب و دیزاینکردنی ئەم نامەیەدا .
- سوپاسی بێ پایانم بۆ کاك (عیسی عبدالقادر) کە هاوکارم بوو لە کاری دۆبلاژ و تۆمارکردنی ڤیدیۆ بەکارهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیەدا .
- سوپاسی دەستەی کارگێڕی باخچەی (کازیوە)ی حکومی کە بواریان پێدام ئەزمونی توێژینەوەکەم لە باخچەکەیاندا ئەنجام بدەم .

توێژەر

# پێڕستی نـاوەرۆك


| ژمارەی لاپەڕە | ناوەرۆك |
| --- | --- |
| ا | ناونیشان |
| ب | بڕیاری سەرپەرشتیاران |
| ت | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆكردن |
| ث | پێشكەشكردن |
| ج | سوپاس و پێزانین |
| ح – خ | پێڕستی ناوەرۆك |
| د | پێڕستی خشتەكان |
| ذ | پێڕستی پاشكۆكان |
| ر | پوختەی توێژینەوەكە بە زمانی كوردی |
| ١ – ١٠ | **١. بەشی یەكەم : پێناسی توێژینەوەكە** |
| ٢ | ١ . ١ كێشــەی توێژینەوەكە |
| ٣ | ١ . ٢ گرنــگی توێژینەوەكە |
| ٥ | ١ . ٣ ئامانجی توێژینەوەكە |
| ٥ | ١ . ٤ گریمانەی توێژینەوەكە |
| ٦ | ١ . ٥ سنـووری توێژینەوەكە |
| ٦ | ١ . ٦ دیاریكردنی چەمك و زاراوەكان |
| ٦ | ١ . ٦ . ١ مەڵتی میدیا |
| ٨ | ١ . ٦ . ٢ دڵەڕاوكێ و دڵەڕاوكێی دابڕان |
| ١٠ | ١ . ٦ . ٣ منداڵی باخچە |
| ١١ – ٦٤ | **٢. بەشی دووەم : چوارچێوەی تیۆریی و توێژینەوەكانی پێشوو** |
| ١٢ | ٢ . ١ تـــەوەری مــەڵتی میدیا |
| ١٢ | ٢ . ١ . ١ پێكهاتە سەرەكیەكانی مەڵتی میدیا |
| ١٣ | ٢ . ١ . ٢ تایبەتمەندیەكانی مەڵتی میدیا |
| ١٦ | ٢ . ١ . ٣ هۆكارەكانی بەكارهێنانی مەڵتی میدیا لە بواری پەروەردە و فێركردندا |
| ١٧ | ٢ . ١ . ٤ سوودە پەروەردەییەكانی مەڵتی میدیا |
| ١٨ | ٢ . ١ . ٥ گرنگی مەڵتی میدیا لە باخچەی منداڵاندا |
| ١٩ | ٢ . ١ . ٦ گرفتەكانی بەردەم بەكارهێنانی مەڵتی میدیا |
| ٢٠ | ٢ . ٢ تـــەوەری دڵەڕاوكێی دابڕان |
| ٢٠ | ٢ . ٢ . ١ چەمكی دڵەڕاوكێی دابڕان |
| ٢١ | ٢ . ٢ . ٢ نیشانەكانی دڵەڕاوكێی دابڕان |
| ٢٣ | ٢ . ٢ . ٣ كاریگەرییەكانی دڵەڕاوكێی دابڕان |
| ٢٤ | ٢ . ٢ . ٤ تەمەنەكانی توشبوون بە دڵەڕاوكێی دابڕان |
| ٢٦ | ٢ . ٢ . ٥ هۆكارەكانی دڵەڕاوكێی دابڕان |
| ٢٨ | ٢ . ٢ . ٦ ڕێگاكانی پاراستنی منداڵ لە توشبون بە دڵەڕاوكێی دابڕان |
| ٢٩ | ٢ . ٢ . ٧ ڕێگاكانی چارەسەركردنی دڵەڕاوكێی دابڕان |
| ٣٢ | ٢ . ٢ . ٨ تیۆرەكانی دڵەڕاوكێی دابڕان |
| ٤٠ | ٢ . ٣ تەوەری منداڵ و باخچەی منداڵان |

| | |
|---|---|
| ٢ . ٣ . ١ قۆناغی بەراپی منداڵیی (قۆناغی باخچەی منداڵان) | ٤١ |
| ٢ . ٣ . ٢ باخچەی منداڵان | ٤٢ |
| ٢ . ٣ . ٣ گرنگی باخچەی منداڵان | ٤٢ |
| ٢ . ٣ . ٤ تایبەتمەندیەکانی قۆناغی بەراپی منداڵیی | ٤٤ |
| ٢ . ٣ . ٤ . ١ گەشەی جەستەیی | ٤٥ |
| ٢ . ٣ . ٤ . ٢ گەشەیی جوڵەیی | ٤٦ |
| ٢ . ٣ . ٤ . ٣ گەشەی ژیریی | ٤٦ |
| ٢ . ٣ . ٤ . ٤ گەشەی زمان | ٤٨ |
| ٢ . ٣ . ٤ . ٥ گەشەی هەڵچوونی | ٤٩ |
| ٢ . ٣ . ٤ . ٦ گەشەی کۆمەڵایەتی | ٥٠ |
| ٢ . ٣ . ٥ پێداویستیە دەروونیەکانی بەراپی منداڵیی | ٥١ |
| ٢ . ٣ . ٥ . ١ ئاسایش و هەستکردن بە پارێزراوی | ٥٢ |
| ٢ . ٣ . ٥ . ٢ نرخاندن و پاڵپشتیکردن | ٥٢ |
| ٢ . ٣ . ٥ . ٣ ئازادبوون و سەربەخۆبوون | ٥٢ |
| ٢ . ٣ . ٥ . ٤ گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی پێوەریی | ٥٣ |
| ٢ . ٤ تـوێژینەوەکانی پێشـــوو | ٥٤ |
| ٢ . ٤ . ١ تەوەری مەڵتی میدیا | ٥٤ |
| ٢ . ٤ . ٢ تەوەری دڵەڕاوکێی دابڕان | ٥٧ |
| ٢ . ٤ . ٣ گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو | ٦٢ |
| **٣. بەشی سێیەم : ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە** | ٦٥ - ٧٢ |
| ٣ . ١ ڕێبازی تـــوێژینەوەکە | ٦٦ |
| ٣ . ٢ کۆمـــەڵگەی توێژینەوەکە | ٦٦ |
| ٣ . ٣ نـــمونەی توێژینەوەکە | ٦٦ |
| ٣ . ٤ ئـــامرازەکانی توێژینەوەکە | ٦٧ |
| ٣ . ٥ جێبەجێکردن | ٧٠ |
| ٣ . ٦ کەرەســـتە ئـامارییەکان | ٧١ |
| **٤. بەشـــی چوارەم : خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان** | ٧٣ – ٨٤ |
| ٤ . ١ ئەنجـامەکان | ٧٤ |
| ٤ . ٢ دەرئەنجامەکان | ٨٣ |
| ٤ . ٣ ڕاســپاردەکان | ٨٣ |
| ٤ . ٤ پێشـنیارەکان | ٨٤ |
| **سەرچاوەکان** | ٨٥ – ٩١ |
| **پاشکۆکان** | ٩٢ – ١٢٨ |
| بەرگی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی | I |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | Ii |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | Iii |
| بەرگی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | Iv |

## پێڕستی خشتەکان


| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، بڕوانامەی دایک، شوێنی کاری دایک، ڕیزبەندی منداڵ لە ناوخێزاندا) | ٦٧ |
| ٢ | ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا | ٧٤ |
| ٣ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T . test) بۆ جیاوازی نمرەکانی پێشەکی و پاشەکی پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان | ٧٥ |
| ٤ | قەبارەی کاریگەری مەڵتی میدیا لە ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە | ٧٦ |
| ٥ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T . test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ لە تاقیکردنەوی پیشەکی بۆ گۆڕاوی ڕەگەز | ٧٧ |
| ٦ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T . test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ لە تاقیکردنەوی پیشەکی بۆ گۆڕاوی شوێنی کاری دایک | ٧٩ |
| ٧ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (One Way ANOVA) لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ | ٨٠ |
| ٨ | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (One Way ANOVA) لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ گۆڕاوی بڕوانامەی دایک | ٨٢ |


## پێڕستی پاشکۆکان


| ژمارەی پاشکۆ | ناونیشانی پاشکۆ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | نوسراوی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی بۆ پشتگیریکردنی توێژەر | ٩٣ |
| ٢ | ئاماری فەرمی بەشی ئاماری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی بۆ ژمارەی منداڵانی باخچەکان لە شاری سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣ | ٩٤ |
| ٣ | فۆڕمی ڕاپرسی شارەزاییان | ٩٥ |
| ٤ | ناوی هەڵسەنگێنەرانی ڕاستی ڕواڵەتیی ئامرازی توێژینەوەکە | ٩٨ |
| ٥ | شێوەی کۆتایی ئامرازی توێژینەوەکە | ١٠٠ |
| ٦ | فۆڕمی هەڵسەنگێنەرانی ڕاستی وەرگێڕانی ڤیدیۆ بەکارهاتووەکان | ١٠٣ |
| ٧ | ناوی هەڵسەنگێنەرانی ڕاستی وەرگێڕانی ڤیدیۆ بەکارهاتووەکان | ١٠٤ |
| ٨ | دەقی ڤیدیۆکان بە هەردوو زمان | ١٠٥ |
| ٩ | ناوەڕۆکی جێبەجێکراو | ١٢٢ |
| ١٠ | ناوی کەسایەتی بەکارهاتوو لە توێژینەوکەدا | ١٢٧ |

## پوختەی توێژینەوەکە :

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لەناو منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە و، کاریگەریی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز، شوێنی کارکردنی دایك، ڕیزبەندی منداڵ، بڕوانامەی دایك) لەسەری ئاستی بەربڵاویەکەی، هەروەها کاریگەریی بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لە سەر ڕەواندنەوەی ئەو دڵەڕاوکێیە . بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە توێژەر ڕێبازی ئەزموونی بەکارهێناوە، لە ناو کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا کە پێکهاتووە لە سەرجەم منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە لە ناوەندی شاری سلێمانی، (٣٠) منداڵی بەشێوەی مەبەستدار وەك نموونەی توێژینەوەکە و ئەندامانی گروپی ئەزموونی لە باخچەی (کازیوە) هەڵبژاردوە، ئامرازی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا بریتیە لە تێبینیکردن و پێوەرێکی تایبەت بە دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە کە لە لایەن دایکانەوە وەڵام دەدرێتەوە .

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات کە دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە لە ئاستێکی بەربڵاودایە، هەروەك دەرکەوت کە گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، ڕیزبەندی منداڵ، بڕوانامەی دایك) هیچ ڕۆڵێکیان نییە لەسەر ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی گروپی ئەزموونی، بە پێچەوانەی گۆڕاوی (شوێنی کارکردنی دایك) کە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ئەو منداڵانەی کە دایکیان کابانی ماڵە و ئەو منداڵانەی کە دایکیان لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ئەو منداڵانەیە کە دایکیان بۆ کار دەچنە دەرەوەی ماڵ، کە ئەمەش دەریدەخات ئەو منداڵانە لە میانەی بەجێهێشتنی ڕۆژانەوە دڵەڕاوکێی دابڕانی بەردەوامیان هەیە لە جیابوونەوە لە دایکیان . هەروەها ئەنجامەکان دەریدەخەن جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و تاقیکردنەوی پاشەکیدا، جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکیدایە، ئەمەش دەرخەری کاریگەریی بەکارهێنانی مەڵتی میدیایە لە سەر ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی گروپی ئەزموونیی توێژینەوەکە .

لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا توێژەر چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێکی خستۆتە ڕوو .

.

# بەشی یەکەم

## ١ . پـێناسی توێــژینەوەکە

## ١ . ١ کێشــەی توێژینەوەکە

## ١ . ٢ گرنــگی توێــژینەوەکە

## ١ . ٣ ئامـــانجی توێژینەوەکە

## ١ . ٤ گریمانەی توێژینەوەکە

## ١ . ٥ سنـووری توێژینەوەکە

## ١ . ٦ دیاریکردنی چەمکەکان

### ١ . ١ كێشەی توێژینەوە :

دڵەڕاوکێی دابڕان یەکێکە لە بەرچاوترین ئەو دیاردە دەروونیانەی تێبینی کراوە لای منداڵانی قۆناغی منداڵی بەرایی بەتایبەت لە سەرەتای پەیوەندی کردنیان بە باخچەی منداڵانەوە، بەهۆی گواستنەوەیان لە ژینگەی خێزان و ماڵەوە بەرەو ژینگە و جیهانی دەرەوەی خێزان، توێژینەوەکان بە دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام و پەرگیری ئەو قۆناغەی دەناسێنن کە دەرهاویشتەی ترسی جیابوونەوە و دابڕانی چاوەڕوانکراو و ڕاستەقینەی منداڵە لەو کەسەی کە پەیوەستیی و پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵیدا هەیە لە پێشەنگی ئەو کەسانەش (دایك)ە . کە بەگشتی منداڵ لە ڕێگەی گریان و غەمباری و نەگونجان و کەم و کورتی لە کردە کۆمەڵایەتیەکان گوزارشتی لێ دەکات .

ئەم جۆرە لە دڵەڕاوکێ، بە دڵە ڕاوکێیەکی دەرەکی سەرچاوە، یاخود وروژێنراو (Exogenous) ئەژمار دەکرێت، بەو پێیەی سەرچاوەکەی دیار و ئاشکرایە و بریتییە لە جیابوونەوە لە دایك، بەڵام مانەوە و چارەسەرنەکردنی ئەم گرفتەش سەردەکێشێت بۆ چاندنی دڵەڕاوکێیەکی ناوەکی و دروستکردنی گرفتی گەورە بۆ منداڵ (شیهان،١٩٨٨ : ٢٠) . ئەمەش کاریگەریی نەگونجاو دروستدەکات لەسەر گەشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی منداڵ لەم قۆناغە هەستیارەدا کە زۆر پێویستی بە ڕەخساندنی زەمینەی لەبار و گونجاو هەیە بۆ گەشە و بونیادنانی کەسێتی و تووشی کێشە و گرفتی دوورمەودایی دەکات، چونکە ئەم جۆرە لە دڵەڕاوکێ جیاواز لە دڵەڕاوکێی سروشتی کە ئاماژەیە بۆ گەشەی تەندروست، منداڵ دەخاتە ناو جۆرێك لە داخراوی و دابڕاوی لە ژینگەی دەووروبەر (عائشە، ٢٠١٩ : ٤) . زۆر جار بۆ چارەسەرکرنی ئەم کێشەیە، ڕێگەچارەی نەریتی جۆراوجۆر دەگیرێتە بەر وەك ئەوەی بۆ ماوەیەك دایکەکە لەگەڵ منداڵەکەدا لە باخچە بمێنێتەوە، یاخود یەکێك لە مامۆستایانی باخچەکە، بە تایبەتی خۆی تەرخان بکات بۆ گرنگی پێدان و دڵدانەوەی منداڵەکە، تاوەکو ئەو کاتەی منداڵەکە بارودۆخەکە قبوڵدەکات و بە ناچاری بەشداری چالاکییەکانی باخچەکەی دەکات، بەڵام هەموو ئەمانە پێویستی بە کات و کۆششێکی زۆر هەیە و هەندێك جار نەکردە و نەگونجاو دەبێت لەگەڵ کات و بواری دایکەکە و مامۆستای باخچەکەشدا، هەرچەندە ڕەنگە بتوانێت چارەسەری هەڵوێستەکە بکات وەك هەڵوێستێکی دیاریکراو، بەڵام ناتوانێت دڵنیایی ئەوە بدات کە گرفتی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵەکە ڕەوێنراوەتەوە .

لەبەرئەوە چارەکردنی ئەم گرفتە لە ڕێگەی بەرنامەی ڕێنمایکردنی دەروونی و پەروەردەییەوە جێگەی بایەخی پەروەردەکاران و پسپۆرانی بوارەکەیە هەوڵەکان بۆ گونجاندنی بەرنامە ڕێنماییەکان

لەگەڵ سروشتی منداڵاندا چرکراونەتەوە، دوای ئەو باڵادەستییەی میدیای نوێ لە جیهانی ئێستادا گرتویەتیەدەست و پاش ئەوەی توێژینەوە نوێیەکان سەلمێنەری کاریگەریی میدیای نوێ و ئامرازەکانی میدیای نوێ بوون لە سەر کردەکانی فێربوون، ئاراستەکردنی منداڵان لە بوارەکانی بەها و رەفتار و زمان و زانستەکاندا و بە پشت بەستن بەو ڕاستیەیی کە وروژاندنی زیاتر لە هەستەوەرێك کاریگەریی ئەرێنی دەبێت لەسەر کردەی فێربوون، هەروەها دڵخوازی منداڵ بۆ ئامرازە مەڵتی میدیاییەکان وەك نوێنەری ئامرازەکانی میدیای نوێ، توێژەر کێشەی توێژینەوەکەی چڕدەکاتەوە لە پرسیاریی : ئایا بەکارهێنانی مەڵتی میدیا کاریگەریی هەیە لەسەر ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە؟

لەگەڵ چەند پرسیارێکی لاوەکی کە ئەوانیش دەربارەی ئاستی بڵاوی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە بە شێوەیەکی گشتی و کاریگەری گۆڕاوەکانی (ڕەگەز ، ئاستی بڕوانامەی دایك ، شوێنی کاری دایك ، ڕیزبەندی منداڵ ) لە سەر ئاستی ئەو دڵەڕاوکێیە .

## ١ . ٢ گرنگی توێژینەوە :

قۆناغی منداڵی بەرایی (٤-٦ ساڵ) ئەو قۆناغەی بە یەکێك لە گرنگترین قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی دادەنرێت، منداڵ تێیدا پەیوەندی بە باخچەوە دەکات، کە وەك یەکەم ئەزموونی چونە دەرەوەی منداڵ بۆ جیهانی دەرەوەی خێزان ئەژماردەکرێت لە ژیانی زۆربەی منداڵاندا، هەرچەندە لەم قۆناغەدا منداڵ هێشتا لە پشتبەستنی بە کەسانی دیکە بەردەوامە، بەڵام حەزی زانین و خێرای گەشەی لایەنەکانی کەسێتی لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و هەڵچوونییەوە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم قۆناغەن . هەروەها هەستیاری قۆناغەکە بە ئاستێکە کە زانایانی دەروونناسی و پەروەردەیی وەك فرۆید و میکارینکۆ پێیان وایە کە ئەم قۆناغە کاریگەریی تەواوی لەسەر کەسێتی منداڵ و بناغە سەرەتاییەکانی پەروەردە هەیە .

لەبەرئەوە دووچاربوون بە هەرگرفت و پەشێوییەکی دەروونی لەم قۆناغەدا وا دەکات کاریگەرییەکی خراپ و بەهێز جێبهێڵێت لە سەر کەسێتی ئێستای منداڵ و داهاتووی، بەو پێیەی کاریگەریی دەبێت لەسەر کۆی کردەی گەشەی لایەنە جیاجیاکانی کەسێتی کە هەموو وەك زنجیرەیەکی پێکەوە لکاو کاردەکەن و پسانی هەر ئەڵقەیەکیان دەبێتە هۆی تێکچوون و پەککەوتنی کۆی کردەی گەشەکردن و پەکخستنی بناغەی پەرەپێدانی توانا و لێهاتوییە زگماکەکانیشی کە هەوێنی

کارامەییە نوێیەکان و گونجاندنیەتی لەگەڵ ژینگە و ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی (أبوعلی، ٢٠١٤ :١٥) . هەموو قوتابخانەکانی دەروونناسی کۆکن لەسەر ئەوەی کە دڵەڕاوکێ بنەمای سەرەکی هەموو پەشێوییەکانی کەسێتی و تێکچونە ڕەفتارییەکانە و هۆکارن بۆ پەشێوی و نەخۆشییە دەروونییەکان (عبدالواحد،٢٠١٣ :١٨) .

هەروەها قۆناغی منداڵی یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ، بەو پێیەی بە بناغە و سەرەتای وێناکردنی شێوەکانی کەسێتی و دیاریکردنی گەشەی جەستەیی و ئەقڵی وکۆمەڵایەتی و دەروونی دادەنرێت، کە بە کەمی ئەزموون و شارەزایی دەناسرێتەوە، لەبەرئەوە لێرەدا هەلێکی گونجاو دێتە ئاراوە بۆئەوەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاری خۆیان بکەن بەپێدانی زانیاری و کارامەیی زمانەوانی و فێرکردنی بەهاو نەریتە ئەرێنییەکان (صالح،٢٠١٥، ٤٤) .

لەم قۆناغەدا دڵەڕاوکێی دابڕان یەکێکە لەو پەشێویە دەروونیانەی ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە لای منداڵان، لای زۆرینەیان بە ڕوونی تێبینی دەکرێت بەتایبەت کاتێ بۆ یەکەم جار پەیوەندی دەکات بە باخچەوە و لە باخچە بەجێدەهێڵرێت (ملال و كبداني، ٢٠١٧ : ١٠٢) . بەو پێیەی کە باخچەی منداڵان وەك یەکەم ناوەندی فەرمی پەروەردەکردن تەواوکەرێکی گرنگی ڕۆڵی خێزان و کۆمەڵگایە لە پەروەردەکردن و ئامادەکردنی منداڵ بۆ قۆناغەکانی دیکەی پەروەردە و فێرکردن، بۆیە گرنگی و پێویستبوونی هیچ گومانێك هەڵناگرێت و بۆتە بابەتێکی چەسپاو و ناتوانرێت دەستبەرداری ببین، بەڵکو دەبێت چارەسەری ئەو گرفتانە بکرێت کە دەبنە لەمپەر و ڕێگر لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم ناوەندەی پەروەردە .

ئەزموونی نوێی دابڕان و جیابوونەوەی منداڵ لەو کەسەی سەرچاوەی پاراستن و دابین کەری پێداویستیەکانیەتی (کە لە بارە سروشتیەکەیدا ئەو کەسە دایکە) لای منداڵ هیچی کەمتر نییە لە دابڕانی لە دایك بوون، دەبێتە هۆی جۆرێك لە دڵەڕاوکێ کە بە دڵەڕاوکێی دابڕان ناوزەند کراوە و توێژینەوەکان بە دڵەڕاوکێیەکی توند و پەرگیر ئەژماریدەکەن . هەربۆیە چارەسەرکردنی ئەم گرفتە و ڕێنمای کردنی منداڵ بۆ تیپەڕاندنی ئەو دۆخە و بەدەستهێنانەوەی هاوسەنگی دەروونی، یەکێکە لەو ئامانجانانەی پێویستە لە باخچەکاندا پەیڕەو بکرێت، منداڵان لە سەرەتای پەیوەندیکردنیان بەو ناوەندانەوە سوودی لێوەربگرن، وەك ئاشکرایە سروشتی منداڵیش پێویستی بەوەیە چەندین تەکنیك و ئامراز و شێوازی جۆراوجۆری لەگەڵدا بگیرێتە بەر، بەو پێیەی ئامرازەکانی میدیایی نوێ لە زۆرێك لە بوارەکانی فێرکردندا توانراوە سوودی لێوەربگیرێت و بخرێتە خزمەتی کردەکانی پەروەردە و فێرکردنەوە

و گرنگییەگی بەرچاوی هەیە لەو بوارانە و بەکارهێنانی لەلایەن منداڵانەوە، بۆیە بەکارهێنانی لە گەیاندنی پەروەردەیشدا گرنگی خۆی هەیە و لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیە و هاوشێوەکانییەوە دەتوانرێت هاوکارێکی باش بێت بۆ باخچەکان و یارمەتی زووتر گونجاندنی منداڵان بدات لەو ژینگە تازەیەی کە پەیوەندی پێوەدەکات و یارمەتی باخچەی منداڵانیش دەدات لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکانیدا .

لەبەرئەوە گرنگی قۆناغەکە و بەرچاوی کێشەکە و گرنگی کاریگەرییەکانی میدیایی نوێ و ئامرازەکانی میدیای نوێ و بەتایبەت مەڵتی میدیا وادەکات گرنگی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە بگاتە ترۆپك و توێژەر هەوڵی سەلماندن و وەڵامدانەوەی کێشەی توێژینەوەکەی بداتەوە .

## ١ . ٣ ئامانجی توێژینەوەکە :

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە

١. زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی .
٢. زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لە ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە لە شاری سلێمانی .
٣. زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوەکانی :

أ - ڕەگەز

ب - شوێنی کارکردنی دایك

ج - ڕیزبەندی منداڵ لە ناو خێزان

د - ئاستی بڕوانامەی دایك

## ١ . ٤ گریمانەکانی توێژینەوەکە :

١. جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ناوەندی ژمێرەییدایە .
٢. جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی بەدەستهاتوو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی لای گروپی ئەزموونی، جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پێشەکیدایە .

٣. جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا بەگوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ)دایە .
٤. جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا بەگوێرەی گۆڕاوی شوێنی کار و پیشەی دایك، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ئەو منداڵانەیە کە دایکیان ڕۆژانە بۆ کارکردن دەچێتە دەرەوەی ماڵ .
٥. جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا بەگوێرەی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ، جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی منداڵانی بێ خوشك و برادایە .
٦. جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا بەگوێرەی گۆڕاوی بڕوانامەی دایك .

## ١ . ٥ سنووری توێژینەوەکە :

- سنووری مرۆیی : بریتییە لە سەرجەم منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچەی (کازیوە)ی حکومی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوای شاری سلێمانی .

- سنووری جوگرافی : بریتییە لە باخچەی (کازیوە) ی حکومی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا .

- سنووری کاتی : ساڵی خویندنی (٢٠٢٢ – ٢٠٢٣) .

- سنووری بابەتی : بریتییە لە بەکارهێنانی مەڵتی میدیا و بابەتی دڵەڕاوکێی دابڕان .

## ١ . ٦ پێناسەی چەمك و زاراوەکان :

### ١ . ٦ . ١ مەڵتی میدیا :

- Ivers & Barron (٢٠٠٢) پێیان وایە مەڵتی میدیا بریتیە لە بەکارهێنانی چەند ناوەندێك بۆ پێشکەشکردنی زانیاری کە خۆی دەبینێتەوە لە دەق و گرافیك و ئەنیمەیشن و وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ (Ivers & Barron , 2002 : 2) .

- له فەرهەنگی ئۆکسفۆرد (٢٠٠٦) دا هاتووە کە : مەڵتی میدیا بریتیە لە بەکارهێنانی دەنگ و وێنە و ڤیدیۆ و سەربارکردنی بۆ دەقەکانی سەر شاشەی بینراو، کە لە بواری فێرکاریدا بەکاردەهێنرێت وەك ڕێگەیەکی سەرەکی بۆ پێدانی زانیارییەکان (Oxford , 2006 : 835) .
- موسی (٢٠٠٢) : تێکەڵەیەکە لە دەقی نوسراو و وێنەی کێشراو و وێنەی جوڵاو و دەنگ و مۆسیقاکە پێشکەشی فێرخواز دەکرێت لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە (موسی،٢٠٠٢: ٤٨) .
- باجری (٢٠١٣) وای پیناسە دەکات کە : بریتییە لە بەرنامەیەك کە کار دەکات بۆ تەواوکاری نێوان دوو ئامراز، یا زیاتر لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لە دەقی نووسراو و دەقی بیستراو و وێنەی جێگیر و وێنەی جوڵاو و مۆسیقا، لە پێناوی گەیاندنی بیرۆکەیەك، یا خود هزرێك، یاخود هەرجۆرێك لە ناوەرۆك لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامراز و کەلوپەلی تایبەت بە یارمەتی دانی فێرخواز (باجری،٢٠١٣ :٣٧٦) .
- الخضر (٢٠١٦) وای پێناسە دەکات کە چەمکێکە بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەدان بە یەکگرتنی ئەو بەرنامە و ئامێرانەی کە بوار دەدەن بە بەکارهێنەر بۆ سوود وەرگرتن لە دەق و وێنە و دەنگ و وێنەی جوڵاو و پارچە ڤیدیۆکان (الخضر، ٢٠١٦ : ٥) .
- علی (٢٠١٧) دەڵێت مەڵتی میدیا بەرنامەیەکە چەند ئامرازێکی گەیاندنی وەك دەق و دەنگ و وێنە و وێنەی جوڵاو و مۆسیقا یەکتری تێیدا تەواودەکەن، کە بە شێوەیەکی کارلێکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت (علی،٢٠١٧ :٣٢٠) .
- المليجي و الجندي (٢٠١٧) وای دەناسێنن کە ڕێکخراوێکە کۆمەڵێك وروژێنەری وەك دەقی نووسراو و بیستراو و وێنەی جێگیر و جوڵاو و وروژێنەرە دەنگیەکان پێکەوە و بە شێوەیەکی تەواوکاری و لەناو یەك پێکهاتەدا لەخۆدەگرێت بە ئامانجی گەیاندنی کۆمەڵێك زانیاری و شارەزای بە فێرخوازان لە ڕێگەی بەرنامەیەکەوە کە بە کۆمپیوتەر کۆنترۆڵ کراوە (المليجي و الجندي، ٢٠١٧ : ١٢٢) .
- پێناسەی مەڵتی میدیا لای عبدالرحمن و ئەوانی تر (٢٠٢٠ ) بریتییە لە تێکەڵکردنی زیاتر لە یەك جۆر لە جۆرەکانی ڕاگەیاندن لە دەق (پیت و ژمارە) و هێما و دەنگ و وێنە و ڤیدیۆ و وێنەی جوڵاو لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە، بۆ پاڵپشتی کردنی کردەی تێگەیشتن، یاخود لەبەرکردنی زانیارییەکان (Abdulrahman et al . , 2020 : 1) .
- فکری (٢٠٢٠) دەڵێت مەڵتی میدیا بریتیە لە شێوازێکی تەکنەلۆژیای نوێ کە زانیاری و شارەزاییەکان بە شێوەیەکی چێژبەخش و سەرنج ڕاکێش لە ڕێگەی پێکەوەبەستنی دەق و دەنگ

و وێنە و جوڵەوە دەگوازێتەوە، بە ئامانجی ئاسانکردنی کردەی فێربوون و وەرگرتنی شارەزای وپاڵپشتی کردنی فێربوونی خودی بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە خودی منداڵ تەوەری سەرەکی کردەی فێرکردنە (فکري، ٢٠٢٠ : ٩١٨) .

- پێناسەی توێژەر بۆ مەڵتی میدیا : لەبەر ڕۆشنایی پێناسەکانی سەرەوە بە شێوەیەکی گشتگیر توێژەر پێناسەی مەڵتی میدیای بەم شێوەیە دایڕشتۆتەوە : بەرنامەیەکە لە بەرنامەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی نوێ کە توانای کۆکردنەوەی پەیامە نوسراو و بیستراو و بینراوەکانی هەیە لەهەمان کات و بە هەمان ئامراز و بە شێوەیەکی ئاوێتەیی بە مەبەستی گەیاندنی ناوەڕۆکەکان .
- پێناسەی ڕێکاریی مەڵتی میدیا : بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و مۆبایلی زیرەکە لە گەیاندنی دەنگ و دەق و وێنەی جوڵاو و وێنەی وەستاو لە هەمان کات و بە هەمان ئامراز .

١ . ٦ . ٢ دڵەڕاوکێ و دڵەڕاوکێی دابڕان :

دڵەڕاوکێ :

- دافیدۆف (١٩٩٢) : وای پێناسە دەکات کە بریتیە هەڵچونێکی تەژی لە هەستکردن بە مەترسی پێشوەختە و شپرزەیی و خەمباریی هاوشان بە ئامادەگی کۆئەندامی دەماریی خۆنەویست (دافیدۆف، ١٩٩٢ : ٤٩٥ ) .
- قەرەچەتانی (٢٠١٠) لە پێناسەکردنیدا دەڵێت : بریتییە لەهەستێکی گشتی پڕ لە ترس و تۆقین و گومان و گرژی، بێ بوونی سەرچاوەیەکی زانراو و ئاشکرا، کە هاوشانە بە کۆمەڵێك گۆڕانکاری جەستەیی و فیسیۆلۆژی، وە مرۆڤ لە ڕێگەی دڵتەنگی و نائارامی و ڕەشبینی و پێشبینی کردنی ڕووداوی کارەساتبارەوە گوزارشتی لێدەکات (قەرەچەتانی، ٢٠١٠ :٣٩) .
- پێناسەی تیۆریی دڵەڕاوکێ : بارێکی هەڵچونی نائاسایی مرۆڤە بەرامبەر هەڵوێستێك یا خود وروژێنەرێکی (بینراو یا بیستراو) دیاریکراو بێ بوونی بنەمایەکی بابەتیانە کە خۆی لە شێوەی ترس و شڵەژان و پەستانی دەرونی دا دەبینێتەوە و لێکەوتەکانی لەسەر جەستە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە و دەوروبەر بەدیار دەکەوێت .

دڵەڕاوکێی دابڕان :

- حمودة (١٩٩٨) دەڵێت دڵەڕاوکێی دابڕان بریتییە لە : پەشێوییەك کە لە بنەمادا پەیوەندی بە هەڵوێستی دابڕانەوە هەیە، کە منداڵ تێیدا ناپێگەیشتوانە پشت دەبەستێت بە دایك، هەر بۆیە

له دەرئەنجامی ترسانی له دابڕان لێی، ترسی بۆ دروست دەبێت له چوونه خوێندنگا و خەوتن به تەنیا و جێهێشتن به تەنیا (حمودة، ١٩٩٨ :١٨٢ ) .

- وولمان (٢٠٠٦) : ئەو دڵەڕاوکێ بەهێزەیه که منداڵ هەر له ناو لانکەوه تاوەکو قۆناغی هەرزەکاری تووشی دێت، له کاتی دابڕانی له دایك و باوك، یاخود لەو کەسەی که سەرپەرشتی دەکات و پەیوەندی و پەیوەستییەکی تەڕی به سۆز و خۆشەویستی کۆیان دەکاتەوه، که ئەمەش پەیوەسته به ترس له دابڕانی ڕاستەقینه، یاخود ئەگەری دابڕانی لەو کەسه (وولمان، ٢٠٠٦ : ١٥٨) .
- عبيد (٢٠٠٨) له پێناسەکردنیدا دەڵێت بریتیه له : نەخۆشییەکی دەروونییه، له گرنگترین جۆری دڵەڕاوکێیه لای منداڵان، که خۆی له شێوەی هەستێکی نا ئاسوده و ناسازدا دەنوێنێت، له ئەنجامی ئەو ترسه بەردەوامەی که منداڵ بۆی دروست بووه له لەدەستدانی یەکێك له باوانی و پەیوەستییەکی نادروست پێیانەوه، بەو واتایەی که منداڵ به گریانێکی زۆر و بەردەوام گوزارشتی لێدەکات له کاتی جیابوونەوه و دابڕانی لێیان (عبيد،٢٠٠٨ : ٢٩٧) .
- ناصر (٢٠١٧) : دەڵێت دڵەڕاوکێی دابڕان بریتیه له بارێکی دەروونی که تێیدا منداڵ گیرۆدەی دڵەڕاوکێیەکی بەهێز دەبێت له جیابونەوه و دابڕانی له ماڵ، یاخود لەوکەسانەی که پەیوەندییەکی سۆزداری بەهێز پێیانەوەی دەبەستێتەوه جا باوك بێت، یاخود دایك، یاخود گەر بێت و تووشی کارەساتێك بووبێتن (ناصر،٢٠١٧ : ٤٨٥ ) .
- له ڕێبەری دەستنشانکردن و ئاماری پەشێویه دەروونی و عەقڵیەکان - چاپی پێنجەم (DSM 5) دا هاتووه که دڵەڕاوکێی دابڕان بریتییه له : ترس و دڵەڕاوکێیەکی زیادەڕەوی تیاکراو و نەگونجاو له دابڕان له ماڵ و ئەوکەسانەی که پێوەی پەیوەستن (السيد و اخرون، ٢٠٢٢ : ١٦٤) .
- پێناسەی تیۆریی دڵەڕاوکێی دابڕان : دۆخێکی هەڵچونی ناخۆشه ڕوبەڕوی منداڵ دەبێتەوه له سەرەتای پەیوەندی کردنی به باخچەوه له ئەنجامی جیابوونەوەی له سەرچاوەی پێوەپەیوەستی ئاسایش و دابین کەری پێداویستیەکانی (که زۆر جار خۆی له دایکدا دەبینێتەوه) و، له شێوەی گریان و گۆشەگیری و نەگونجان و نائارامی گوزارشتی لێدەکات .
- پێناسەی توێژەر بۆ دڵەڕاوکێی دابڕان : بریتیه لەو نمرەیەی که ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکه بەدەستی دەهێنن له وەڵامدانەوەی برگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان .

١ . ٦ . ٣ منداڵی باخچە:

منداڵی باخچە :

- عبدالله (١٩٩٩) : ئەو منداڵەیە کە تەمەنی لە نێوان (٤ بۆ ٦)ساڵیدایە و پەیوەندیکردووە بە باخچەیەکی منداڵانەوە (ملال و صامت، ٢٠٢٢: ١٦٢) .
- کرکوش (٢٠٠٨) : ئەو منداڵەیە کە لە قۆناغی تەمەنی سێ بۆ شەش ساڵدایە، کە ئەم قۆناغە بە ناوەکانی پێش خوێندنگا و منداڵیی بەرایی و قۆناغی یاریی و تەمەنی داهێنانیش ناوزەند دەکرێت (کرکوش، ٢٠٠٨ :٣٦) .
- پێناسەی توێژەر بۆ منداڵی باخچە : ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە نێوان چوار بۆ شەش ساڵیدایە و پەیوەندییان بە دامەزراوەی باخچەی منداڵانەوە کردووە، قۆناغی گواستنەوەی منداڵە بەرەوو فێربوونی کارامەییەکانی ژیان و پشتبەخۆبەستن .

# بەشی دووەم

## ٢ . چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### ٢ . ١ تـــــــــــەوەری مــەڵتی میـدیا

### ٢ . ٢ تــــــــــەوەری دڵەڕاوکێی دابڕان

### ٢ . ٣ تەوەری منداڵ و باخچەی منداڵان

### ٢ . ٤ تـوێژیـــــنەوەکانی پێشــــــوو

## ٢ . ١ تەوەری مەڵتی میدیا Multimedia

**مەڵتی میدیا لەڕووی زمان و ماناوە :**

وشەی (Multimedia) لە ڕوی زمانەوانییەوە وشەیەکی لاتینییە و لە هەردوو وشەی (Multi) کە بە مانای فرە یاخود ژمارەیە دێت، وشەی (Media) کە بە مانای نێوەند، یاخود ئامراز دێت کە هەردووکیان پێکەوە مانای (فرە ناوەند)، یاخود (فرە ئامرازی) دەگەیەنن، بە واتای بەکارهێنانی کۆمەڵێك ئامرازی گەیاندنی وەك دەنگ (Audio) و وێنە (Visual) و دەق (Text) و ڤیدیۆکان بە شێوەیەکی پێکەوە لکێنراوی تەواوکاری، بە ئامانجی بەدیهێنانی کارایی لە کردەی گەیاندنی پەیامدا (الخضر، ٢٠١٦ : ٥)، (Shilpa & Sunita, 2013: 80) .

بە شێوەیەکی گشتی بەهێزی چەمکی مەڵتی میدیا و فرەیی بەکارهێنانەکانی وای کردوە کە پێناسەیەکی زۆر و هەمەچەشنی لەبارەوە بکرێت، بەڵام هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەکارهێنانی دوو ئامرازی گەیاندن و زیاتر تایبەتمەندی و مەرجی سەرەکی مەڵتی میدیایە .

### ٢ . ١ . ١ پێکهاتە سەرەکیەکانی مەڵتی میدیا :

مەڵتی میدیا وەك لە ناوەکەیەوە بە دیاردەکەوێت کۆمەڵێك توخمی میدیایی جیاواز بەشداریدەکات لە پێکهاتندیدا، بە گشتی مەرجە کە دووان، یا خود زیاتر لەم توخمانەی خوارەوە بەشداربن لە پێکهێنانیدا :

١. <u>دەقەکان Texts :</u>

پێکهێنەرێکی سەرەکی بەرنامەی مەڵتی میدیایە، مەبەست لێی هەموو ئەو زانیاریانەیە کە بە شێوەی نووسین لەسەر شاشەی مەڵتی میدیا نمایش دەکرێت، بە گشتی ئەو نووسینانە بریتین لە نووسینی پیتەکان، یا ژمارەکان، یا هێما و ئاماژەکان (العريشي، ٢٠١٠ : ٢٣) .

٢. <u>دەنگەکان Sounds :</u>

هاوشان لەگەڵ وروژێنەرە بینراوەکان، کە لەسەر شاشە دەردەکەوێت دەکرێت وروژێنەرە دەنگییەکان و دەنگی وشە گۆکراوەکان و دەنگی مۆسیقا سەرباربکرێت بۆ نمایشەکانی مەڵتی میدیا، ئەمەش لە ڕێگەی گۆڕینی دەنگەکان بۆ ئاماژەی ژمارەیی، کە دواتر دەتوانین سەرباری بکەین بۆ

هەموو وێنەیەکی ناو کۆمپیوتەرەکە، جا وێنە جێگیرەکان، یا وێنە جوڵاوەکان بێت، ئەمە جگە لە توانای گۆڕینی خێرایی و قەبارە و شێوەی دەنگەکان بۆ ئەو جۆرەی کە لەگەڵ ئامانجی بەرنامەکەدا دەگونجێت (محمود، ٢٠١٥ : ٨١٣) .

٣. وێنە هێڵکارییە کێشراوەکان Graphics :

دەربڕینە وێناکراوەکانە لە ڕێگەی هێڵ و شێوە دوو دووری و سێ دوورییەکانەوە، وەك وێنەی هێڵەداتاکان و شێوە ڕونکەرەوەکان و وێنەی کاریکاتێر و نەخشەکان، کە ڕەنگە لە ڕێگەی کۆمپیوتەر، یاخو دەستەوە کێشرابن و کرابێتنە ناو ئامێری کۆمپیوتەرەوە (علي , ٢٠٢١ : ٢٣٠) .

٤. وێنە جوڵاوەکان Animation :

وێنە جوڵاوەکان سەرنج ڕاکێشتر و کاریگەرترن لە وێنە جێگیرەکان، لەبەرئەوە لە بواری فێرکاریدا سودێکی زۆری لێدەبینرێت . لە بنەڕەتدا کارەکە بریتییە لە پێدانی جوڵە بە وێنە و شێوە جێگیرەکان (فکري،٢٠٢٠ : ٩٥٠) .

٥. ڤیدیۆ Video :

وێنەی بارە جوڵاوەکانە کە بە شێوەیەکی ژمارەیی تۆمارکراوە و هەر بەو شێوەیەش نمایش دەکرێت، سەرچاوەکانی هەمەچەشنن لە نموونەش کامێرای ڤیدیۆ و کاسێتی ڤیدیۆ، کە دەتوانرێت خێرایی و هێواشی نمایشکردنی لە لایەن بەکارهێنەرەوە کۆنترۆڵ بکرێت، دەتوانرێت وەك ڕەگەزێك لە چوارچێوەی مەڵتی میدیادا سودی لێ وەردەگیرێت (Stemler , 1997 : 9) .

## ٢ . ١ . ٢ تایبەتمەندیەکانی مەڵتی میدیا :

بەرنامە مەڵتی میدیاییەکان لە کۆمەڵێك تایبەتمەندیدا هاوبەشن، ئەم تایبەتمەندییانە دەبنە دیاریکەر و ناسێنەرەوەیان، بنەمای دانانی ئەم تایبەتمەندیانەش پەیوەستە بە بنەمای تیۆرەکانی فێربوون و فێرکردن و زۆرێك لە تیۆرە زانستییە جیاوازەکانی وەك زانستەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن و هتد، هەروەها کاتێك بەرنامەیەکی مەڵتی میدیا تایبەت بۆ بوارەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندن و فێرکاری بەکاربهێنرێت، ئەوە دەبێت ڕەچاوی لە خۆگرتنی زۆرێك لەم تایبەتمەندیانە بکرێت کە گرنگترینیان بریتین لە :

١. تەواوکاری Integration :

وەك بنەمایەکی سەرەکی لە مەڵتی میدیادا ئامرازەکان یەك لە دوای یەك نمایش ناکرێن، بەڵکو هەموویان پێکەوە لە چوارچێوەی یەك بەرنامەدا، لە پێناوی یەك ئامانجدا یەکتری تەواو دەکەن و لە یەك ڕێکخستندا پێکەوە گرێ دەدرێن، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ ئامانج و سروشت و توانای وەرگرەکەیدا بگونجێت، بەهێزی ئەم تایبەتمەندیەش پەیوەستە بە ئاستی بەکارهێنانی پێکهاتە هەمەچەشنەکانی تەواوکاری، وەك وێنە و ڤیدیۆ و وروژێنەرە دەنگییەکان (حمید و السماحی،٢٠٢٠ : ٢٠٨ )

٢. کارلێکی Interactivity :

گفتوگۆیەکی بەردەوام و دوولایەنەیە لە نێوان بەرنامەکە و بەکارهێنەری بەرنامەکەدا، بە جۆرێك کە وەڵامی داواکاری و پێداویستییەکانی بەکارهێنەر دەداتەوە، هاوکات ئاستێکی گونجاو لە ئازادی دەدات بە بەکارهێنەر لە کۆنترۆڵکردن و فێربوون و بەشداریکردنی چالاك و پێکهێنانی زانیارییەکان (شهاب،٢٠٢٠ : ٤٣) .

٣. تاکاگەرایی Individuality :

مەڵتی میدیا بوار دەدات بە بەکارهێنەرانی کە تاکگەرایانە مامەڵە لەگەڵ ئەو هەڵوێستانەدا بکەن کە دێتە پێشیان، لە هەمان کاتدا تاکگەرایانە ئەو هەڵوێستانە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ گۆڕاوە کەسێتیەکانی خۆیدا گونجاون، بەو واتایەی کە لە چوارچێوەی فێرکردنە بە کۆمەڵیەکانیشدا بواری سەربەخۆی تاکایەتی بۆ تاك فەراهەم دەکات تاوەك بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ هەڵوێستەکاندا بکات کە دەگونجێت لەگەڵ کەسێتی و ئامادەگی و ئەزموون و شارەزاییەکانی پێشوویدا (شهاب،٢٠٢٠ : ٤٤) .

٤. هاوکاتیی Timing :

مەبەست لە هاوکاتیی گونجاوی پێشهاتەکان و ئاستی هاتنە ناوەوەی ڕەگەزە بەشدارەکانی ناو بەرنامە مەڵتی میدیاییەکەیە بە جۆرێك کە لەگەڵ خێرای خستنە ڕووەکەدا بگونجێت، هاوکات لەگەڵ تواناکانی وەرگریشدا بگونجێت و بتوانێت کاریگەریی پێویست لە سەریان دروست بکات، بە واتایەکی دیکە مەبەست لە هاوکاتی بەشداریکردنی ڕەگەزە جیاجیاکانی ناو بەرنامەکەیە لە کاتی گونجاو

و بە شێوەیەکی تەواوکاری لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەی بەرنامەکەدا، واتە گونجاندن و هاوپێچکردنی دەنگەکان لەگەڵ ئەو وێنانەی کە ئاماژەن بۆی لە ڕووی خێرایی دەرکەوتن و ماوەی نمایشکردن و دیزاین کردنیەوە (حمید و السماحی،٢٠٢٠ : ٢٠٧ ) .

٥. جیهانی Globally :

جیهانیبوونی مەڵتی میدیا واتە سڕینەوەی کۆت و بەندەکانی کات و شوێن وکرانەوە بە سەر هەموو سەرچاوەکانی زانیاری دەست پێڕاگەشتنیان، بێگومان بەشداریکردنی ئەنتەرنێت و بڵاوبونەوەی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لە هەموو لایەکی ئەم جیهانە، هۆکارێکی بنەڕەتین بۆ بەخشینی ئەم تایبەتمەندییە بە مەڵتی میدیا (الزعبي، ٢٠٢٠ : ١١٦) .

٦. هەمەچەشنی Diversity :

مەڵتی میدیا ژینگەی بەکارهێنان و فێرکاری هەمەچەشن بۆ بەکارهێنەر فەراهەم دەکات، بەو پێیەی تایبەتمەندی هەمەچەشنی وروژاندنی هەستەوەرە جیاوازەکانی هەیە و لە یەك کاتدا توانای بەرکەوتنی هەیە لەگەڵ زیاتر لە هەستەوەرێك دا، کە ئەمەش دەبێتە هۆی وروژاندنی توانا عەقڵییەکانی بەکارهێنەر و ئەفراندنی جیهانێکی گریمانەیی پارێزراو هاوشێوەی جیهانی ڕاستەقینە کە ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدات بە کۆمەڵێك ئەزموون و شارەزایی هاوشێوەی ئەزموونە ڕاستەقینەکاندا تێپەڕێت بە شێوەیەکی پارێزراو و بێ مەترسی (الشهری، ٢٠١٩ : ٦٧٨) .

٧. نەرمی Flexibility :

نەرمی بە یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی مەڵتی میدیا دا دەنرێت، کە مەبەست لێی نەرمی کۆنترۆڵ کردنی پێکهاتەکانیەتی، بە جۆرێك کە دەتوانرێت هەر هەموار و چاکسازی و گۆڕانکارییەکی تێدا ئەنجامبدرێت جا لە کاتی دیزاینکردندا بێت، یا لە کاتی بەرهەمهێناندا، یاخود لە قۆناغی دوای بەرهەمهێنان و نمایشکردندا، ئەمەش لە ڕێگەی سەربارکردن، یاخود سڕینەوەی هەر یەکێك لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانیەوە دەبێت، بە پێی تایبەتمەندی بەکارهێنەر و ئامانجی بەرنامەکە (علي،٢٠٢١ : ٢٢٩) .

٨. ژمارەیی Digitization :

هەموو ڕەگەزەکانی مەڵتی میدیا تایبەتمەندی ژمێرەیی لەخۆ دەگرن کە ئەمەش وایلێدەکات کە چارەسەرکردن و هەڵگرتن و پێشاندانیان لە ڕێگەی ئامێری کۆمپیوتەرەوە ئەنجام بدرێت . کردەکە لە ڕێگەی بە ژمارەکردنی ئەو دەنگ و وێنە و ڤیدیۆیانە دەستپێدەکات کە لە ڕێگەی دەنگ تۆمارکەر و کامێرای فۆتۆگرافی و کامێرا ڤیدیۆیەکانەوە وەردەگیرێن و دەگوازرێنەوە بۆ ناو کۆمپیوتەر، پاش ئەوەی لە ڕێگەی بەرنامەی تایبەتەوە دەگوازرێنەوە سەر شێوەی زانیاری ژمارەیی و بە قەبارەی بچوکتر لە قەبارە ڕەسەنەکەی و بەڵام بە جۆرایەتییەکی بەرز لە ناو کۆمپوتەرەکەدا هەڵدەگیرێن (علي،٢٠٢١ : ٢٢٩) .

٩. ئەلکترۆنی Electronic :

مەڵتی میدیا لە بەرهەمهێنان و جێبەجێکردنیدا پشت بە زۆرێك لە ئامێرە ئەلەکترۆنییەکان دەبەستێت، هاوشان لەگەڵ ڕێکخراوی زانیاییە تۆڕییەکان، ئەمەش بە ئامانجی کەمکردنەوەی تێچووی کۆشش و کات و سەرمایە (الزعبي، ٢٠٢٠ : ١١٨) .

١٠.سەرنجڕاکێشی Gravity :

پێویستە کردەی فێرکردن لە ڕێگەی ڕاکێشانی سەرنجی فێرخوازەوە بە تەواوەتی سوودی لێوەربگیرێت، مەڵتی میدیاش ئەم تایبەتمەندییەی لە خۆگرتووە، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی هەڵبژاردنی هەمە چەشنەوە لە (دەنگ، وێنە، ڤیدیۆ) سەرنجی بەکارهێنەر ڕادەکێشێت و هەستەوەرەکانی دەوروژێنیت (الزعبي، ٢٠٢٠ : ١١٨) .

### ٢ . ١ . ٣ هۆکارەکانی بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لە بواری پەروەردە و فێرکردندا:

هۆکارگەلێکی زۆرمان هەیە لە پشت بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لە ناوەندە جیاجیاکانی پەروەردە و فێرکردن، بە تایبەت بۆ ئەو ناوەندانەی کە فێرخوازەکانی منداڵن و پێویستیان بە سەرنج ڕاکێشانی زیاتر هەیە بۆ وەرگرتنی پەیامەکان و ئاسان کردنی کردەی فێربوون و لەبەرکردن، بە شێوەیەکی گشتی گرنگترین هۆکارەکان بۆ بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لەو ناوەندانەدا بریتین لە :

١. یەکخستنی پەیڕەوی خوێندن و تەکنەلۆژیا .
٢. پاڵپشتیکردنی فێربوونی چالاك و لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان لە چوارچێوەی کاری هەرەوەزی و کاری تاکە کەسی بە بەکارهێنانی شارەزاییە باڵاکان .
٣. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە خستنەڕووی بیرۆکەکاندا .
٤. پەرەپێدانی پێناسەی نوێ بۆ یاری و بیرۆکەی نوێ دەربارەی ئەرك و ئەنجامەکانی یاری .
٥. پەرەپێدانی ڕۆشنبیری میدیایی و کارامەییەکانی بەکارهێنانی میدیا و ئامرازەکانی ( Ivers & Barron , 2002 : 3) .

## ٢ . ١ . ٤ سوودە پەروەردەییەکانی مەڵتی میدیا :

ئەو بوارە نوێیانەی کە مەڵتی میدیا بۆ سەر کردەی پەروەردەیی سەرباریکردون، کاریگەریی تەواویان هەیە لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان، ئەمەش وایکردووە کە بە خێرایی و بەهێزییەوە وەك ئامرازێکی ڕاگەیاندنی نوێ بێتە ناو کایەی پەروەردەوە و بەرکەوتنی لەگەڵ چەشنە جیاجیاکانی فێرخوازاندا هەبێت، لە گرنگترین ئەو سودانەش بریتین لە :

١. خوێندکار دەبەستێتەوە بە ژینگەی فێرکارییەوە و هەستی کارامەیی و بەرهەمداری پێدەبەخشێت وگەشە بە فێربونی خودی منداڵ دەدات .
٢. ئازادی زۆرتر دەبەخشێت بە فێرخواز لە ڕووی ئاڵوگۆڕکردنی بابەتەکان و بواری گفتوگۆ و پرسیاری زیاتر دەڕەخسێنێت .
٣. ئاسانکردن و کاراکردنی کردەی فێربوون و فێرکردن و ڕەچاوکردنی خێرایی و توانا خودییەکانی فێرخواز لە فێربووندا .
٤. چێژ پێدان و سەرنج ڕاکێشانی فێرخواز بەهۆی زۆری وێنە و جوڵە و وروژێنەرە دەنگییەکانەوە کە وا لە فێرخواز دەکات لە ڕۆتینی خوێندنی ڕۆژانە دەربچێت .
٥. کەمکردنەوەی تێچووی کات و کۆششی فێرکار و فێرخواز .
٦. بەشداری پێکردنی زیاتر لە هەستەوەرێك لە کردەی فێرکاریدا یارمەتی دەرە لە جێگیر کردنی زانیارییەکان و مانەوەیان بۆ ماوەیەکی زۆرتر لای فێرخواز .
٧. بەدەست خستنی ڕەگەزی فیدباك بۆ فێرخواز کە دەبێتە هاندەرێکی خودی و نرخاندنێکی ڕاستەقینەی فێرخواز بێ ئەوەی بەراورد بکرێت بە هاوپۆلەکانی .

٨. بەردەستخستنی بنەمایەکی مادی بۆ بیرکردنەوە و پەیبردنە هەستییەکان و کەمکردنەوەی ئەو دەربڕینانەی کە فێرخواز واتاکانیان نازانێت .
٩. پەرە بە کۆمەڵێك شارەزایی دەدات کە بەدەستهێنان و پێشکەشکردنیان بەهەر ڕێگەیەکی دیکە کارێکی ئاستەم و گرانە (الخضر، ٢٠١٦ : ٩)، (علي،٢٠١٧ :٣٢٤)، ( الزهراني، ٢٠١٨ : ٤٥٢) .

## ٢ . ١ . ٥ گرنگی مەڵتی میدیا لە باخچەی منداڵاندا :

گرنگی بەرنامە مەڵتی میدیایەکان لە هەردوو کردەی فێرکردن و فێربووندا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بەرکەوتنی لەگەڵ زیاتر لە هەستەوەرێك لە هەستەوەرەکانی منداڵدا دەبێت، کە ئەمەش وادەکات کردەی وەرگرتنی زانیارییەکان و بیرهاتنەوەیان بۆ منداڵان ئاسانتر و خێراتر بکات .

مەڵتی میدیا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریی هەیە لە قۆناغی باخچەدا لە ڕووی ئەو توانایەی کە هەیەتی لە پەرەپێدانی هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بەو قۆناغەوە هەیە . هەروەها یارمەتی منداڵ دەدات لە وەرگرتنی شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکاندا لە ڕێگەی ئەزموونکردنی هەندێك چالاکی و یاری فێرکارییەوە، کە ئەمەش هاوکاری گەشەی پەیبردن و فراوانکردنی بازنەی زانیارییەکانی منداڵ دەکات بە شێوەیەك کە هیچ ئامرازێکی دیکەی ناو باخچەی منداڵان نایکات .

بەرنامەکانی مەڵتی میدیا دەستێکی باڵایان هەیە لە ئاشناکردنی منداڵی باخچە بە بنەما و ڕەگەزە سەرەکییەکانی چواردەوری و پەیوەندی نێوان بەشەکانی، وەك تواناکانی پەیبردن بە شێوە و قەبارە و پەیوەندییە دژیەك (Opposite) و لێکچووەکان (Matching) و کردەی بیرهێنانەوە ( Remembering)، و پەرەپێدانی کردەکانی پۆلێنکردن و ڕێکخستن و دروستکردنی پەیوەندییە چەندی و جۆرییەکان نرخاندنی گریمانە و هاوچەشنی ڕەگەزەکان و هەموو ئەمانەش لە ڕێگەی ئەزموونەوە پێشکەش بە منداڵ دەکات،کە دەبێتە هۆی فێربوونێکی قوڵ و مانەوەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ (المليجي و الجندي،٢٠١٧ : ١٢٦) . بە شێوەیەکی گشتی لە گرنگترین ئەو کاریگەرییانەی کە مەڵتی میدیا لە ناو ژینگەی باخچە و لەسەر منداڵی باخچە دروستی دەکات بریتین لە:

١. گونجاوی سروشتی مەڵتی میدیا لەگەڵ تایبەتمەنیەکانی منداڵانی باخچەدا .
٢. مەڵتی میدیا بواری تاگەرایی لە فێربووندا دەدات و ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی منداڵان دەکات و کۆمەڵێك هەڵبژاردە دەخاتە بەردەستی منداڵ و منداڵ خۆی گونجاوترین و دڵخوازترینیان هەڵدەبژێرێت .

٣. فەراهەمکردنی ئازادی کارلێککردن لەگەڵ بەرنامەکەدا لە ڕێگەی یاریکردن و هەوڵ و هەڵە و دووبارەکردنەوەوە .
٤. فێرکردنی ئارەزووی خودی منداڵ بۆ فێربوون بەو شێوەیەی کە منداڵ خۆی ئارەزووی دەکات، جا بە شێوەی دەق، یاخود دەنگ، یا وێنە، یا ڤیدیۆوە بێت .
٥. بەرجەستەکردنی چەمکە ڕووتەکان لە ڕێگەی چالاککردنی هەستەوەرە جیاوازەکانی منداڵ و هەمەچەشنی وروژێنەرەکان و پێشکەشکردنی شارەزاییە هەمەجۆرەکان .
٦. فەراهەمکردنی ژینگەیەکی فێرکاری چێژبەخش و سەرنج ڕاکێش بۆ منداڵ، کە یارمەتی دەدات لە وەرگرتنی شارەزایی زیاتر، ئەمەش وایلێدەکات ئامادەیی بۆ فێربوون زۆرتر بێت .
٧. دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاراستەیەکی ئەرێنی لای منداڵ پاش ئەوەی بواری بۆ دەرەخسێت بە کۆمەڵێك شارەزایی سەرکەوتودا تێپەڕێت و متمانە بە خۆبوونی لا دروست ببێت (رياض و عياط، ٢٠٢١ : ٣٤٨) .

## ٢ . ١ . ٦ گرفتەکانی بەکارهێنانی مەڵتی میدیا :

لەگەڵ هەبوونی هەموو ئەو تایبەتمەندییە ئەرێنیانەی کە هەیەتی، لە هەمان کاتدا چەندین گرفت و ڕێگر هەن کە وا دەکەن بەکارهێنانی مەڵتی میدیا کارێکی ئاسان و هەمووکات بەردەست نەبێت لە گرنگترین ئەو ڕێگری و گرفتانەش :

١. زۆری تێچوی دارایی : مەبەست لێی گرانی تێچونی دارایی گۆڕینی بیرۆکەکانە بۆ بەرنامەی بەرهەمهێنراو، هەروەها بەرزی تێچوی ئامێر و بەرنامەکانی تایبەت بە مەڵتی میدیاش لە لایەکی ترەوە .
٢. زۆری تێچوی کات : مەبەست لێی زۆری ئەو ماوەیەیە کە بەرنامەکانی مەڵتی میدیا پێویستیانە لە ڕووی ئامادەکردن و جێبەجێ کردنەوە .
٣. گرفتە مرۆییەکان : مەبەست لێی کەمی پسپۆڕانی بواری بەرهەم هێنان و دەرهێنەرانی بەرنامە مەڵتی میدیاییەکانە .
٤. گرفتە ڕێکارییەکان : گرانی پڕکردنەوەی پێداویستییە هەمەچەشنەکانی هەموو فێرخوازان و نەگونجاوی کۆپیکردنەوەی بەرنامەکانە بۆ ژمارەیەکی زۆری فێرخوازان .
٥. گرفتی بەرهەمهێنان : مەبەست لێی کۆششی زۆری زانستی و کرداری هەموو ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانە لە دیزاین و هەڵبژاردن و هتد .

٦. گرفتە فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەکان : مەبەست لێی نەزانی و نا ئاشنایی فێرخوازانی بە ئامانج گیراوە لە کارامەییە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی ئامێری کۆمپیوتەر .
٧. گرفتە تەندروستیەکان : مەبەست لێی ئەو گرفتە تەندروستیانەیە کە بەهۆی مانەوەیەی زۆر بەدیار ئامێری کۆمپیوتەرەوە دروست دەبێت، وەك زیان گەیاندن بە چاوەکان (ریاض و عیاط، ٢٠٢١ : ٣٥٢) .

## ٢ . ٢ تەوەری دڵەڕاوکێی دابڕان Separation Anxiety

### سەرەتایی چەمکی دڵەڕاوکێ :

بۆ یەکەم جار لە بواری دەروونناسیدا چەمکی دڵەڕاوکێ لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا لە نوسینەکانی سیگمۆند فرۆید (Sigmund Freud) دا دەرکەوت، پاش ئەوەی دڵەڕاوکێ وەك بنەمای پەشێویە دەروونیەکان لە لایەن بونگەرا و شیکارییەکانەوە خرابووە ژێرباری سەرنج و لێکۆڵینەوەوە .

فرۆید وا پێناسەی کردبوو کە بریتییە لە(هەستێکی ئاڵۆزی ناساز بە چاوەڕوانی و هاندان و ترس و شپرزەیی کە هاوشانە بە هەندێك نیشانەی جەستەیی، کە لە شێوەی نۆرەکردندا لای کەسەکە دووبارە دەبێتەوە )، لە کاتێکدا زانایانی قوتابخانەی ڕەفتاری بەجۆرێك پێناسە دەکەن کە (بریتیە لە گشتاندنی وەڵامدانەوەی ئەو ترسانەی کە لە ئەنجامی هەڵوێست و ڕووداوەکاندا هاتونەتە ئاراوە)، هەروەها زانایانی قوتابخانەی مەعریفی وەك (بیك Beck) پێی وایە کە دڵەڕاوکێ بریتیە لە (دەرئەنجامی کێشە و کەم و کورییەکانی هزر و بیرکرنەوە ) لەمەوە دەردەکەوێت کە پێناسەکردنی چەمکەکە ڕەنگدانەوەی تێڕوانین قوتابخانە جیاجیاکان و ئەو چوارچێوە تیۆریانەی پێوە دیارە کە لێوەی شرۆڤەی چەمکەکە کراوە، لەبەرئەوە کارێکی ئاستەمە کە یەك پێناسەی یەکگرتوو بۆ چەمکەکە دیاریبکرێت (تونسي، ٢٠٠٢ : ٢٢) .

### ٢ . ٢ . ١ چەمکی دڵەڕاوکێی دابڕان :

دڵەڕاوکێی دابڕان کە بە زۆری لە ناو منداڵاندا بڵاوە بە بەراورد بە هەرزەکاران و پێگەیشتووان، بە یەکێك لە دیارترین ئەو پەشێوییانە دادەنرێت کە منداڵ تووشی دێت . بە پێی ئامارەکان ڕێژەی (٣-٤٪)ی منداڵان بەدەست ئەم دڵەڕاوکێیەوە دەناڵێنن، کە ئەم ڕێژەیە لە هەندێك

وڵاتدا دەگاتە (٥-١٠٪)ی ئەو منداڵانەی کە گوازراونەتەوە بۆ کلینیکە دەروونییەکان (السید و اخرون، ٢٠٢٢ : ١٦٤) .

ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە (٤،١٪) ی ئەو منداڵانە دڵەڕاوکێکەیان دەگاتە ئاستی پەشێوی دەروونی و گەر چارەسەری پێویستیان بۆ ئەنجام نەدرێت تا قۆناغی هەرزەکاری پێوەی دەناڵێنن (ناصر، ٢٠١٧ : ٤٨٧) .

بە گشتی دڵەڕاوکێی دابڕان بریتییە لە بارێکی دەروونی قورس کە توشی منداڵ دێت لە ئەنجامی دڵەڕاوکێیەکی بەهێزی زیادەڕەوی تێداکراو لە ڕووبەڕو بوونەوەی دۆخی دابڕان و جیابوونەوە لە خێزان و کەسە نزیکەکان، کە لە شێوەی زیادەڕەوییەکی سەرپەڕ لە پیشاندانی ترس و نائارامی گوزارشتیان لێدەکات .

## ٢ . ٢ . ٢ نیشانەکانی دڵەڕاوکێی دابڕان :

زۆر جار لە ڕێگەی چەند نیشانەیەکەوە دەتوانرێت هەست بە بوونی دڵەڕاوکێی دابڕان بکرێت لای منداڵان، ڕەنگە هەندێکیان بە تەنیا نیشانە بن بۆ هەر دیاردە و کێشەیەکی دیکەی تەندروستی جەستەیی و دەروونی لای منداڵان، بەڵام هەبوونی هەموویان یا خود زۆربەیان پێکەوە، ئاماژەیە بۆ بوونی دڵەڕاوکێی دابڕان .

لەگرنگترین ئەو نیشانانەش کە دیاریکراوە بۆ ئاماژەدان بە دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵان وەك لە ڕێبەری دەسنیشانکردنی نەخۆشیە دەروونیەکان (ICD-10 )ی ساڵی (١٩٩٤) دا هاتووە بریتین لەم نیشانانە، کە وەك ئاماژەی پێدراوە دەبێت لایەنی کەم سێ لەم نیشانانە بونی هەبێت لای منداڵ بۆ ئەوەی بتوانرێت وەك نیشانەیەك بۆ بوونی دڵەڕاوکێی دابڕان ئەژمار بکرێت :

١. دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام و نا سروشتی لەبارەی ئەگەری ئازارپێگەیشتن، یاخود لە دەستدانی کەسە پێوەپەیوەستەکان (وەك ئەوەی بڕۆن و نەیەنەوە، یاخود بمرن و هتد ) .
٢. ڕەتکردنەوەی چوون بۆ باخچە و خوێندنگا بەهۆی ترسانیان لە دوورکەوتنەوە لە ماڵ .
٣. قورسی جیابونەوەی شەوانە بۆ خەوتن و ڕەتکردنەوەی خەوتن بە تەنیا و خەبەربوونەوەی زۆری شەوانە و ڕەتکردنەوەی خەوتن لە دەرەوەی ماڵی خۆی .
٤. ترسێکی بەردەوام و نا سروشتی لە تەنیایی تەنانەت لەو کاتەشدا کە خەوتووە .

٥. بینینی خەونی ناخۆش (کابوس) بە بەردەوامی کە بەزۆری دەربارەی بابەتی دابڕانە لە خۆشەویستانی .
٦. دەرکەوتنی بەردەوامی هەندێك نیشانەی جەستەیی و فیسیۆلۆژی وەك (دڵتێکەڵهاتن، هێڵنجدان، سەر ئێشە و ئازاری گەدە ) لە کاتی ڕوودانی دابڕان و جیابوونەوەدا .
٧. شپرزەیی بەردەوام لە کاتی ڕوودانی دابڕان و کاتی پێشبینی کردنیدا، لە شێوەی گریان و خەمباربووندا .
٨. هۆکاری ئەو نیشانانە بە هۆی بەکارهێنانی هەندێك دەرمانی پزیشکی و گرفتە ڕەفتاریی و هەڵچونیی وکەسێتییەکانەوە نەبێت .
٩. ئەم نیشانانە بۆ زیاتر لە چوار هەفتە بخایەنێت و بەردەوام بێت (ناصر، ٢٠١٧ : ٤٨٨ ) .

بەهەمان شێوە لە ڕێبەری دەستنیشانکردن و ئاماریی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ پزیشکی دەروونی لە چاپی چوارەمدا (DSM4) کۆمەڵێك خاڵ دیاریکراوە بۆ دەسنیشانکردنی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵان، کە بە شێوەیەکی گشتی هەمان ئەو خاڵانەن کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە لە ڕێبەری دەسنیشانکردنی نەخۆشیە دەروونیەکان (ICD-10)ی ساڵی (١٩٩٤) دا، بەڵام لێرەدا مەرجی دەرکەوتنی نیشانەکانی لە پێش شەش ساڵییەوە بەرزتر کردۆتەوە بۆ خوار هەژدە ساڵی (DSM4 , 1994 : 143) و هاوکات ئاماژەکراوە بەوەی کە دەبێت دڵەڕاوکێی دابڕان جیابکرێتەوە لە پەشێوییەکانی دیکەی وەك :

أ- دڵەڕاوکێی ئاسایی : هەموو دڵەڕاوکێیەکی منداڵ مەرج نییە پەیوەندی هەبێت بە دابڕان و ترسی دابڕانەوە، بەڵکو ڕەنگە پەیوەندی بە دیاردەیەکی وەك ترسان لە ئاژەڵەوە هەبێت .
ب- ترس و تۆقین لە شوێنی کراوە .
ت- هەندێك پەشێوی ڕەفتاریی .
ث- ڕەتکردنەوەی چوون بۆ خوێندنگا ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت کە لە خوێندنگا ڕووبەڕووی شەڕانگێزی و بێزارکردن بوبێتەوە، هیچ پەیوەندییەکی بە دڵەڕاوکێی دابڕانەوە نەبێت (عائشة،٢٠١٩ : ١٩) .

## ٢ . ٢ . ٣ كاريگەرییەكانی دڵەڕاوكێی دابڕان :

لە دیـــارترین ئەو كاریگەریيـــانەی كە دڵەڕاوكـــێی دابـــڕان دروســـتی دەكـــات لە ســـەر لایەنە جیاجیاكـانی كەسـێتی منـدالی توشـبوو بـریتین لە كـاریگەریی (جەسـتەیی،كۆمەڵایەتی، ڕەفتـاریی، هەڵچوونیی، مەعریفیی ) :

١. كاریگەرییە جەستەییەكان :

زۆربەی ئەو منداڵانەی كە بەدەست دڵەڕاوكێی دابڕانەوە دەناڵێنن، هەندێك كێشەی ئەندامی و جەستەیی بەردەوامیان هەیە، وەك سك ئێشە و سەر ئێشە و هێڵنجدان و سوربونەوەی دەم و چاو، یاخود زەردهەڵگەڕان و هەناسە توندی و نەمانی ئارەزووی خواردن، یاخود بە پێچەوانەوە زۆربوونی ئارەزووی خواردن .

٢. كاریگەرییە كۆمەڵایەتییەكان :

منداڵانی توشبوو بە دڵەڕاوكێی دابڕان بەرهەڵستی دەكەن لە چوونە ناو هەڵوێستە كۆمەڵایەتیەكانی وەك چوون بۆ ئاهەنگی لەدایك بوونی هاوڕێكان و سەردانی كردنیان بۆ ماڵەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو دڵەڕاوكێ و ترسەی كە هەیانە لە جیابوونەوە و دابڕانیان لە دایك و باوك و ئەو كەسانەی كە سەرپەرشتییان دەكەن، هەر بەم هۆیەشەوە بەردەوام ڕەتی دەكەنەوە بچنەوە بۆ خوێندنگا و تەنانەت كاتێ كە دەشچنە خوێندنگا، بە ئاشكرا تێبینی دابەزینی ئاستی چالاكییە ئەكادیمییەكانیان دەكرێت لە ناو خوێندنگا .

٣. كاریگەرییە ڕەفتارییەكان :

ئەو منداڵانەی كە بەدەست دڵەڕاوكێی دابڕانەوە دەناڵێنن زۆر بە ئەستەم دەتوانن بە تەنیا بخەون بەبێ بوونی یەكێك لە باوانیان لەگەڵیاندا، هاوكات بەردەوام گیرۆدەی بینینی خەونی ناخۆشن لە بارەی دابڕان و جیابونەوەیان لە باوانیان و مژینی پەنجەكان و خواردنی نینۆك و میزكردن بە خۆدا و تورەبوون و گریانی بەردەوام لە دەركەوتە ڕەفتارییەكانی دڵەڕاوكێی دابڕانن لای منداڵان و كێشەكە لە كاتی چوونە خوێندنگادا بە شێوەیەكی ڕوونتر دەردەكەوێت .

٤. <u>كاریگەرییە هەڵچوونییەکان :</u>

منداڵ تووشی دڵەڕاوکێیەکی توند دەبێت کاتێك لە ماڵەکەی، یاخود لەو کەسە دوور دەکەوێتەوە کە سەرچاوەی ئاسایش و پاراستنیەتی کە (دایك)، یا خود هەر کەسێکی دیکەی ناو خێزانەکەی بێت، کە تەنها بە بیرکردنەوە لە لەدەست دانیان منداڵ تووشی ترسێکی بەهێز دەبێت و هەروەها هەمیشە دڵەڕاوکێیەکی زۆری هەیە لە بارەی سەلامەتی ئەو کەسە و ئەگەری تووشبونی بە هەر ڕووداویك کە ببێتە هۆی لەدەست دانی، ئەمە جگە لە دروستبوونی ترسێکی زۆر لە تاریکی و تۆقینیان لە بوونی دێو و درنج و ئەندێشەکردنیان، هەروەها ئەم منداڵانە بەوە جیادەکرێنەوە کە بێسنوور پشت دەبەستن بەو کەسەی پێوەی پەیوەستن و گۆشەگیرو داخراون و لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا پەشێوییەکانی خەوتن و نان خواردنیان بۆ دروست دەبێت و خەمۆکی باڵیان بەسەردا دەکێشێت بە جۆرێك زۆرجار ئومێد و هیوا بە مەرگ دەخوازن .

٥. <u>کاریگەرییە مەعریفییەکان :</u>

منداڵانی گرفتار بە دڵەڕاوکێی دابڕان کۆمەڵێك بیرۆکەی زۆر خراپ و ناخۆش هەمیشە بە بیریریاندا دێت، دەربارەی لەدەست دانی خۆشەویستان و نەگەڕانەوەیان بۆلایان و توشبوونیان بە کارەسات و ڕووداوی ناخۆش، بە گشتی گرفتی سەرنجدان و بیرهاتنەوە و بیرکردنەوە و چڕکردنەوەی ئاگاییان هەیە لە بابەتەکانی خوێندن و لە یاریکردندا، ئەمەش هەمووکات لە ناوەندەکانی فێرکردندا کێشەیان بۆ دروست دەکات و دەبێتە مایەی دواکەوتنیان لە ڕووی مەعریفی و ئەکادیمیەوە (عائشة، ٢٠١٩ : ٢٤ ) (ملال وکبداني، ٢٠١٧ : ٧٠ ) .

## ٢ . ٢ . ٤ تەمەنەکانی تووشبوون بە دڵەڕاوکێی دابڕان :

دڵەڕاوکێی دابڕان پەیوەست نییە بە یەك ماوەی تەمەنی منداڵ، بەڵکو ئەگەری دەرکەوتنی لەهەموو ئەم تەمەنانەدا دەکرێت :

١. <u>تەمەنی ٦ بۆ ٩ مانگی :</u>

زورجار لەو تەمەنەدا منداڵ بارێکی ڕاڕا و دوودڵی پێوە دیارە کاتێك بابەتێکی نوێی پیشان دەدرێت و گرژییەك بە ڕوویانەوە دیارە کاتێك کەسێکی نامۆ دەیاندوێنێت کە ئەمەش سەرەتای ترسانە لە کەسانی نامۆ، هەروەها لە شوێنی نامۆ و نائاشناشدا ناتوانێت ئاسودە بێت و نان بخوات، یا خود

بخەوێت، کە ئەمەش دەریدەخات لەو قۆناغەدا منداڵ بە تەواوی ئاشنا دەبێت بە دڵە ڕاوکێی دابڕان لە دایك و کەسە گەورە نزیکەکانی .

٢. <u>تەمەنی ٩ بۆ ١٢ مانگ :</u>

ئەم قۆناغە بە قۆناغی پەیوەندیی و پەیوەستی دادەنرێت، منداڵ هەستیارتر دەبێت لە دورکەوتنەوە لە دایك و مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی نامۆ و نائاشنادا، بەو واتایەی دابڕان لە دایك زیاتر ئازاریان دەدات و پەیوەندی نێوان دۆخی دەروونی و هەستکردن لای منداڵ دەچێتە ئاستێکی بەرزترەوە .

٣. <u>تەمەنی ١٢ بۆ ١٨ مانگ :</u>

ئەم قۆناغە بەوە جیادەکرێتەوە کە دڵەڕاوکێی کەسانی نامۆ تێیدا دەچێتە باری کارا بوونەوە، هەروەها دابڕان و جیابوونەوەش لە دایك بەهەمان شێوە منداڵ تووشی دڵەڕاوکێ دەکات، لێرەدا دڵەڕاوکێ لە هەردوو بارەکەدا ئاماژەیە بۆ ترسی گونجاندن، منداڵ تووشی تۆقین دەبێت لە نزیك بوونەوەی کەسانی نائاشنا و نامۆ لێی، لەبەرئەوەشە ناتوانێت بە ئاسانی لە دایکی جیا ببێتەوە .

٤. <u>تەمەنی ١٨ بۆ ٣٦ مانگی :</u>

لە گرنگترین جیاکەرەوەکانی ئەم ماوەیە لە قۆناغی منداڵیدا زاڵبوونی هەستی خودگەراییە لای منداڵ، دوای ئەوەی کە فێری ڕۆشتن دەبێت بیرۆکەی سەربەخۆیی لای منداڵ سەرهەڵدەدات، ئەم هەستە سەرەتاییەی سەربەخۆیی و خودگەراییە لای منداڵ یارمەتیدەرە بۆ خێرابوون و ئاسان بوونی کردەی دابڕان، بەڵام ئەمە بە تەواوەتی دەکەوێتەوە سەر توانای دایك لە پێدانی متمانە بەخۆبوون و پشت بەخۆبەستنی منداڵ، بەتایبەت لەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە پڕکردنەوەی هەندێك پێداویستی کەسێتی و هەڵچونییەوە هەیە، ئەو دایکەی ئەزموون و شارەزایی لە بارەی گەشەی منداڵ و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵچوونەکانی منداڵدا کەمە، منداڵ بەرەو دڵەڕاوکێ و خەمۆکی ئاراستە دەکات بێ ئەوەی کە بەخۆی بزانێت .

٥. <u>تەمەنی ٣ بۆ ٥ساڵی :</u>

ئەم قۆناغە کە بە قۆناغی منداڵیی بەرایی، یاخود قۆناغی منداڵیی پێش خوێندنگا ناوزەند دەکرێت ، قۆناغی مەبەستە لە توێژینەوەکەدا، ئەو قۆناغەیە کە تێیدا منداڵ پەیوەندی دەکات بە باخچەی

منداڵانەوە وەك یەکەم ناوەندی پەروەردەیی فەرمی دەرەوەی خێزان، یەکێك لە دیارترین جیاکەرەوە دەروونیەکانی منداڵ لەم ماوەیەدا تێپەڕینیەتی بە دڵەڕاوکێی دابڕاندا، بەو پێیەی لێرەوە منداڵ بە شێوەیەکی ڕۆژانەو بەردەوام تووشی دابڕان دەبێت لە دایك و هەنگاوی ڕاستەوخۆ بەرەو سەربەخۆیی دەنێت .

٦. <u>تەمەنی ٦ بۆ ٩ ساڵی :</u>

لە قۆناغی منداڵی ناوەندیدا لەگەڵ ئەوەی کە(DSM4) پێش ٦ ساڵی بە سەرەتای سەرهەڵدانی دڵەڕاوکێی دابڕان دیاریکردوە، بەڵام دڵەڕاوکێی دابڕان بە شێوەیەکی زۆر توند ڕوودەدات وەك لە کاتی گواستنەوەی منداڵ لە خوێندنگەکەی خۆیەوە بۆ خوێندنگەیەکی نوێ، یاخود گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوون، یاخود لەدەست دانی کەسێك یا ئاژەڵێکی ماڵی، یا کەل و پەلێکی دڵخواز، یاخود نەخۆشکەوتنی ئەندامێکی خێزانەکەی، یا دابڕانێکی زۆری لە خوێندن، هەندێك جاردەرکەوتەکان و نیشانەکان زۆر بە کتوپڕی دەردەکەون، لای هەندێکیان دوای ماوەیەك و لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا بەرەو نەمان دەچن، لە کاتێکدا لای هەندێك منداڵ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەمێنێتەوە .

٧. <u>تەمەنی ٩ بۆ ١٢ ساڵی :</u>

ئەم ماوەیەش کە بە قۆناغی منداڵی درەنگ ئەژمار دەکرێت و دەکەوێتە پێش قۆناغی هەرزەکارییەوە، تێیدا دڵەڕاوکێی دابڕان بەردەوامی هەیە بۆ نموونە لە شێوەی ڕەتکردنەوەی چوونە خوێندنگادا خۆی دەنوێنێت هەرچەندە هۆکار و سەرچاوەکانی دڵەڕاوکێ لەم قۆناغەدا جگە لە خوێندنگا بابەتەکانی دیکەشن (حمودة، ١٩٩٨ : ٢٧٢) .

## ٢ . ٢ . ٥ هۆکارەکانی دڵەڕاوکێی دابڕان :

ڕەنگە وەك زۆرێك لە پەشێوییە دەروونییەکانی دیکە نەتوانین تاکە هۆکارێك دیارییبکەین بۆ دروستبونی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵان، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئاڵۆزی پەشێوییەکە و بوونی جیاوازی تاکایەتی نێوان مرۆڤەکان و جیاوازی تێڕوانینی قوتابخانە جیاجیاکانی دەروونناسی لەو بارەیەوە، کە هەریەکەیان هۆکارێك لەو هۆکارانە بە سەرەکی دەزانێت گرنگی پێدەدات، بە گشتی چەند هۆکارێك هەن کە ڕێخۆشکەرن بۆ دەرکەوتنی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵان، کە بریتین لە :

١. هۆکارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان :

کۆمەڵێك هۆکاری زۆر دەگرێتەوە لە گرنگترینیان پێنەگەیشتوویی هەڵچوونی منداڵ کە وای لێدەکات پشتبەستنێکی زۆری هەبێت بە دایك، یا ئەو کەسەی بەرپرسە لە تێرکردنی پێداویستییەکانی، لە هەمان کاتدا شێوازی پەروەردە کردنی منداڵ و ناز پێدانی وا دەکات ئەم پشت پێبەستنە بگاتە ئاستێکی وا کە دابڕان و دورکەوتنەوەی ڕاستەوخۆ ببێتە مایەی دڵەڕاوکێی دابڕان . تایبەتمەندییە مەزاجییەکانی منداڵیش یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانە، منداڵی شەرمن و هەڵهاتوو لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان، ئامادەییەکی زۆرتریان تێدایە بۆ تووشبوون بە دڵەڕاوکێ بە بەراورد بە منداڵی ئاسایی . هەروەها ئاستی پەیوەستی منداڵ بە دایکەوە یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانە و تا ئاستی پەیوەستی زیاتر بێت ئەگەری توشبوون بە دڵەڕاوکێی دابڕان زۆرتر دەبێت لای منداڵ . هەروەها هەندێك جار پەستان و ڕوداو و کۆستەکانی ژیانی منداڵ هۆکارن بۆ توشبوونی منداڵ بە دڵەڕاوکێی دابڕان، مردن و لەدەستدانی کەسە گرنگەکان، ماناوەی زۆری منداڵ لە نەخۆشخانە و گۆڕینی ماڵ و گەڕەك و باخچە و خوێندنگە لە نموونەی ئەو هۆکارانەن .

٢. وەرگرتن و فێربوون :

دڵەڕاوکێی دابڕان لە باوانەوە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵ لە ڕێگەی بە نموونە بوونی ڕاستەوخۆی باوانەوە، بۆ نموونە کاتێك باوکێك ترسی هەبێت بەهەمان شێوە منداڵەکەشی لەسەر ئەو ترسە پەروەردە دەکات وەك ترسان لە ڕووبەڕووبونەوەی هەڵوێستی نوێ و ژینگەی نوێ، دڵەڕاوکێ لە بڕیاردان و دابڕان لە خێزان و ..هتد . هەندێك جار منداڵەکانیان لە ڕێگەی زیادەڕەویکردن لە پاراستن و ئاگادارکردنەوەیان لە خۆپارێزی و پێشبینیکردنی کارەسات و ڕووداوی خراپەوە فێری دڵەڕاوکێی دەکەن، زۆرێك لە منداڵان هۆکاری توشبوونیان بە دڵەڕاوکێ دەگەڕێتەوە بۆ کەشی ژینگەی کۆمەڵایەتی خێزان و کۆمەڵگاکەی و بەردەوام ئاگادارکردنەوەی لە دورنەکەوتنەوە لە ماڵ و لە باوانی .

٣. بۆماوە و جینەکان :

دڵەڕاوکێی دابڕان وەك هەندێك لە گرفتە دەرونییەکانی دیکە، ئەگەر هەیە کە بۆماوە ڕۆڵی هەبێت لە گواستنەوەی لە باوانەوە بۆ منداڵ و نەوەکانی، توێژینەوەکان دەریانخستوە کە ئەو باوانانەی دڵەڕاوکێ، یاخود فۆبیای شوێنی چۆڵیان هەیە، منداڵەکانیان ئەگەری توشبوون بە دڵەڕاوکێی دابڕانیان زۆرترە، هەر لەو ڕووەوە (Sarah & Pini) لە توێژینەوەیەکیاندا دەیخەنە ڕوو کە

ئەو دایکانەی لە تەمەنەی منداڵی بەرایی و منداڵی ناوەندا دڵەڕاوکێی دابڕانیان هەبوە، ئێستا منداڵەکانیان بەدەست هەمان پەشێوییەوە دەناڵێنن . و پاریس (Paris1993) پێیوایە هۆکارە بایەلۆژییەکان ڕۆڵێکی دوو لایەنە دەبینن کە خۆی دەبینێتەوە لە ئامادەیی و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکە لە لایەك و دیاریکردنی جۆری پەشێوی و ئاستەکەی لە لایەکی دیکەوە (خلیل، ٢٠٠٦ : ١١٣) (مخیمر و علي، ٢٠٠٦ : ١٤٤) (حمودة، ١٩٩٨ : ٢٨٢ ) .

## ٢ . ٢ . ٦ ڕێگاکانی پاراستنی منداڵ لە تووشبوون بە دڵەڕاوکێی دابڕان :

هەندێك ڕێنمایی بەسود هەن کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ ڕێگریکردن لە تووشبوون بە دڵەڕاوکێی دابڕان، لەوانەش :

١. ئەنجامدانی هەندێك یاریی و چالاکی کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پەیوەستی منداڵ بە دایکییەوە، بۆ نموونە بەشداریکردنی دایك لە ڕۆڵ بینین لەگەڵ منداڵەکەیدا و نواندنی ڕۆشتن و بەجێهێشتنی منداڵەکەی بەو بیانویەی هەندێك کاری هەیە و دواتر دەگەڕێتەوە، یاخود ڕۆڵگێڕانی منداڵ و نواندنی چوون بۆ باخچە، یا خوێندنگا تا بتوانێت لەو ڕێگەیەوە ترسەکانی خۆی بخاتەڕوو .
٢. خوێندنەوەی چیرۆکی ئامانجدار بۆ منداڵ لە پێش نووستندا، کە تێیدا وا پیشان بدرێت کە پاڵەوانی چیرۆکەکە هەر وەکو ئەو وایە، دایکی بۆ ماوەیەك بەجێی هێشتوە بەڵام ئەو زۆر لای ئاسایی بووە، یاخود پاڵەوانەکە زۆر حەز بە چوون بۆ باخچە دەکات،چەندەها چیرۆکی ئامانجداری لەو شێوەیە .
٣. کاتێك دایك دەیەوێت لە ماڵ بچێتە دەر نابێت بە بێ ئاگایی منداڵەکە بڕوات، بەڵکو پێویستە کاتێکی گونجاوی لەگەڵدا بەرێتە سەر، ڕێکەوتنێکی لەگەڵدا بکات دەربارەی بەجێهێشتنەکەی بەڵێنی پێبدات کە پەیوەندی پێوە دەکات، دەبێت لە سەرەتادا ماوەی جێهێشتنەکان کورت بن و وردە وردە درێژی بکاتەوە ئەگەر پێویست بوو، تاوەکو گرفت و شپرزەیی بۆ منداڵ دروست نەبێت .

بەو پێیەی باخچەی منداڵان قۆناغێکی نوێی منداڵە و بۆ زۆربەی منداڵان یەکەم ئەزموونی دابڕانە لە دایك، بۆیە پێویستە باوان لە ڕووی دەرونییەوە بتوانن منداڵ ئامادە بکەن بۆ ئەم قۆناغە

تاوەکو بتوانرێت ئامانجە پەروەدەییەکانی خۆی بپێکێت، لە سادەترین ئەو ڕێگانەش کە دەتوانێت ئامانجی گەورەی پێ بەدیبهێنرێت لەو بارەیەوە ئەمانە چەند نمونەیەکن :

أ- وا لە منداڵ بکرێت ئارەزووی چوونە باخچە بکات پێش ئەوەی کاتی پەیوەندی کردنی بێت بە باخچەوە، ئەویش لە ڕێگەی کڕین و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی باخچە و بەشداری پێکردنی منداڵ لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی ڕەنگ و شێوەکانییەوە .

ب- هەموو ئەندامانی خێزان و چواردەوری منداڵ بە گرنگییەوە لەم قۆناغە بنۆڕن و بە ڕێگەی جۆراوجۆر هانی منداڵەکە بدەن و پشتگیری بۆ نیشان بدەن .

ت- بە شێوەیەکی زۆر ئەرێنی و چێژبەخشانە باسی باخچە و منداڵانی باخچە و مامۆستایانی باخچە بۆ منداڵ بکرێت و چەمکی هاوڕێیەتی و خۆشویستنی هاوڕێکانی بۆ ڕونبکرێتەوە .

ث- هاوەڵیکردنی منداڵ لەسەرتاوە بۆ ماوەیەکی کەم لە لایەن یەکێ لە باوانەوە، تاوەکو منداڵ بواری ئاشنابوونی بەو ژینگە نوێیە بە شێوەیەکی دوور لە پەشێوی و شپرزەی بۆ برەخسێت .

ج- پێویستە ڕێگەی پاداشت پێدان بۆ هەموو کارو چالاکییە ئەرێنی و سەرکەوتوەکانی منداڵ لەو سەرەتایەدا بگیرێتە بەر .

ح- لە کاتی دەرکەوتنی ڕەفتاری نەرێنی و نەخوازراودا، نابێت بە توندی بەرهەڵستی منداڵ بکرێت و بخرێتە بەر لۆمە و سەرکۆنەکردن، بە پێچەوانەوە پێویستە بە باشی لە هەڵوێستەکە بگەین و بە سادەیی بتوانین بۆ منداڵی ڕاست بکەینەوە (عائشة، ٢٠١٩ : ٣٤) .

## ٢ . ٢ . ٧ ڕێگاکانی چارەسەرکردنی دڵەڕاوکێی دابڕان :

بەهۆی جۆراوجۆری هۆکارەکانییەوە ڕێگەکانی چارەسەرکردنی گرفتی دڵەڕاوکێی دابڕان جیاواز و هەمەچەشنە، بە گشتی پسپۆڕان بەکارهێنانی زیاتر لە ڕێگایەك بە گونجاوتر دەزانن، ئەمە وێڕای چەختکرنەوە لە بەشدارییپێکردنی باوان لە کردەی چارەسەرییەکەدا، لە گرنگترین ئەو ڕێگایانەش بۆ چارەسەرکردنی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵان بەکاردێن بریتین لە :

١. چارەسەری دەرونی :

ئامانجی چارەسەری دەروونی تێگەیشتنە لەو گۆڕانکارییە دەرونییەی کە دەبنە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی، کارکردن لەسەر بەهێزکردنی (من Ego) بۆ بەرگەگرتنی هەڵوێستەکانی پەیوەستبوون لای منداڵ، ئەمەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی دوو بۆ سێ دانیشتنی دەروونی لە ماوەی هەفتەیەکدا، لە پێناو

تێگەیشتن لە باری نەستی و ئەو دەرکەوتانەی کە منداڵ پێوەی گیرۆدەیە، بەکارهێنانی شێوازەکانی هێورکردنەوە و پشوپێدان بۆ کەمکرنەوەی ئاست و توندی نیشانە و دەرکەوتەکانی ئەرکی چارەسەرکاری دەروونی دەبێت لە ماوەی دانیشتنەکاندا (سلیمان، ٢٠٠٣ : ٢٥) .

٢. چارەسەری ڕەفتاری :

ئەم شێوازە لە چارەسەر پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی ڕێسا و تیۆرەکانی فێربوون، کە خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵێك پلان و بەرنامەی تایبەت بۆ گۆڕینی ڕەفتارە نەخوازراوەکان لە ڕێگەی ڕاستکردنەوە و پەرەپێدانی ڕەفتاری خوازراو لە جێگەیان . ئەم شێوازە لە چارەسەری چەخت دەکاتەوە لە سەر پەیوەندی نێوان شێوازی ڕەفتار و ئەو وروژێنەرە دەرەکییەی کە هۆکاری ئەو جۆرە ڕەفتارەن . لە ڕوانگەی بیرمەندانی قوتابخانەی ڕەفتارییەوە، ڕەفتاری ناساز وەرگیراوە و ڕەفتارێکی ڕەسەن نیە بەڵکو خاوەنەکەی لە ژینگەی دەرەوەی وەریگرتووە، هەربۆیە دەتوانرێت بسڕێتەوە و لە بری ئەوە ڕەفتاری خوازراو فێری خاوەنەکەی بکرێت، لەبەرئەوە ئەم بەرنامەیە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ لەناوبردنی هەستەکانی وەك ترس و دڵەڕاوکێ بەشێوەیەکی پلەپلە،کە دەتوانرێت تەکنیکی بەهێزکردنی پلە بە پلە، یاخود لێسەندنەوەی هەستیاری ڕێکخراو کە خۆی پەرەی پێداوە، لەگەڵیدا بەکار بهێنرێت کە ئامانج لێی ڕەواندنەوەی وەڵامدانەوەی نەخۆشی (دڵەڕاوکێ) یە بە شێوەیەکی پلە بە پلە، لە ڕێگەی گۆڕینی بۆ ڕەفتارێکی دیکە (الزعبي، ٢٠٠٥ : ٩٤) .

منداڵ ڕاهێنانی پێدەکرێت لەسەر پشوو وەرگرتن و ئارامبونەوە، پاشان بە شێوەیەکی پلە بە پلە ڕووبەڕووی ئەو هەڵوێستە دەکرێتەوە کە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ بە جۆرێك ئاستی وروژاندنەکە لە لاوازەوە بۆ بەهێزتر بەرز بکرێتەوە، بۆ نموونە کاتێك چوون بۆ باخچە دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵ دروست دەکات (کە ئەمە بابەتی توێژینەوەکەیە) دەتوانرێت لە سەرەتادا لە ڕۆژانی یەکەمدا، دایك تەنها بۆ ماوەی چەند خولەکێك منداڵ بەرێت بۆ باخچە، پاشان ڕۆژ دوای ڕۆژ ژمارەی ئەو خولەکانە زۆرتر بکرێت تاوەکو وای لێ دێت منداڵ ڕۆژێکی تەواو لە باخچە بەسەر ببات بێ ئەوەی وەك ڕووداوێکی نامۆ و کتوپڕ ڕووبەڕووی ئەو ژینگە نوێیە ببێتەوە .

٣. چارەسەری مەعریفی :

ئەنجامدانی گفتوگۆ و پێشکەشکردنی ڕونکردنەوەیە لە بارەی گرنگی سەربەخۆبوون و ناڕاستی ئەو بیرۆکانەی کە منداڵ دەربارەی جیابوونەوە لە ماڵ و خێزانەکەی هەیەتی، کە گومان دەکات دابڕانی

لێیان تووشی مەترسی و ڕووداوی ناخۆشی دەکات، یاخود دایك و باوکی تووشی کارەسات و لە ناوچوون دەبن و جارێکی دیکە نایانبینێتەوە، قایلکردنی منداڵە بەوەی کە چەندەها منداڵ ڕۆژانە دەچن بۆ باخچە و لە باوانیان دادەبڕێن، هیچ بابەتێکی ناخۆش و مەترسیدار ڕونادات و دواتر لەگەڵ باوانیان یەکدەگرنەوە، دەبێت بە نموونەوە بۆی باسبکرێت کە ئەو تاکە منداڵ نییە کە ڕووبەڕووی ئەو دۆخ و هەڵوێستە دەبێتەوە بەڵکو هەموو منداڵێك بەو قۆناغەدا تێدەپەڕێت و بەبێ هچ ناخۆشییەك دەیگوزەرێنێت .

پزیشکی دەرونی ئارون بیك (Aaron T . Beck) لە پێشەکی پەرتوکی (چارەسەری مەعریفی) کە جودیس بیك دەربارەی ئەو جۆرە لە چارەسەری نووسیویەتی، دەڵێت : بە گوێرەی ئەو شارەزاییە کلینیکیەی کە هەمە و بە پشت بەستن بە زۆرێك لە توێژینەوەکان، بۆم دەرکەوتووە کە کێشەیەکی جەوهەری هەیە لە بیرکردنەوەی گرفتارانی نەخۆشییە دەرونییەکانی وەك دڵەڕاوکێ و خەمۆکی، هەر ئەم کێشەیە لە بیرکردنەوەدا بە شێوەیەکی بەرنامەیی کاردەکاتە تێگەیشتنی نەخۆش لە نەخۆشییەکەی و، چۆنییەتی لێکدانەوەی بۆ ئەو هەڵوێستە دیاریکراوانەی ژیانی کە پێیدا تێدەپەڕێت، بە دیاریکردنی ئەو بیرۆکە هەڵەیە و ڕاستکردنەوەی لە ڕێگەی پێشکەشکردنی کۆمەڵێك دراوی نوێوە - بە واتای گریمانە و لێکدانەوەی نوێ و جیاواز بۆ ئەزموونێکی دیاریکراو- دەتوانین بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە نیشانە و دەرکەوتەکانی کەمبکەینەوە (بیك، ٢٠٠٧ : ١١) .

٤. چارەسەری خێزانی :

ئەم جۆرە لە چارەسەر لەو بنەمایەوە سەرچاوە دەگرێت کە بارگرانی و تەنگەژەکانی تاك و خێزان بەو پێیەی کە یەکەیەکی گشتی و لێك دانەبڕاوە لە چوارچێوەی ژیانی هاوبەشی تاك و خێزانەوە گەشە دەکات و بەردەوام دەبێت، لەبەرئەوە کارکردن لە چوارچێوەی چارەسەری خێزانیدا لەگەڵ خێزان وەك یەك پێکهاتە، کاریگەریی تەواوی دەبێت لە دروستکردنی گۆڕانکارییە مەبەستەکاندا (المؤمن، ٢٠٠٤ : ٢٦) .

بەشداریکردنی خێزان بە تایبەت دایك و باوك لە کردەی چارەسەرکردنی دڵەڕاوکێی دابڕاندا یەکێکی دیکەیە لە شێوازەکانی چارەسەری، کە خۆی دەبینێتەوە لە هاندانی دایك و باوك بۆ فەراهەمکردنی هەلی زۆرتر بۆ سەربەخۆبونی منداڵەکانیان و هاندانیان بۆ جیابوونەوە و دروستکردنی شوناس و چالاکی و بیرۆکەی تایبەت بە خۆیان، دورکەوتنەوە لە شێوازە ناپەروەردەییەکانی وەك زیادەڕەویکردن لە نازپێدان و پاراستن و سزادان و سەرکۆنەکردن لە کردەی پەروەردەکردنی منداڵدا .

هەروەها ڕێگریکردن و بەرگرتن لە ئەنجامدانی گفتوگۆی توند و ململانێ خێزانییەکان لە پێش چاوی منداڵ، تاوەکو نەبنە هۆی ئەوەی کە منداڵ پێیوابێت چوونە دەرەوە لە ماڵ دەبێتە هۆی دابڕان، یاخود دایك و باوکی تووشی کێشە دەبن لەگەڵ یەکدی، یاخود پێی وابێت کە ئەو هۆکاری ئەو کێشانەیە کە ئەوان هەیانە، بە تایبەت گەر یەکێك لە باوان لە دەربڕینەکانیدا ئاماژەی بەوە بدات کە بەهۆی منداڵەکانەوە بڕیاری جیابونەوە نادات . هەروەها زۆر گرنگە دایك و باوك هاوڕا و هاوبڕیاربن و لە کاتە سەختەکاندا توانای بڕیاردانی یەکلاکەرەوەیان هەبێت بە تایبەت لەو هەڵوێستانەی کە پەیوەندی بە وروژاندنی دڵەڕاوکێی دابڕانەوە هەیە لای منداڵ .

٥. چارەسەری دەرمانیی :

هەندێك لە پسپۆڕان چارەسەرکردنی دەرمانیی بە یەکێك لە ڕێگە بەسودەکانی چارەسەری دادەنێن لە چارەسەرکردنی دڵەڕاوکێی دابڕاندا، بەڵام بەو مەرجەی لە چوارچێوەی پلانێکی چارەسەریدا بێت . دەرمانی دژەخەمۆکی و هێورکەرەوەکان وەك چارەسەرێك دەتوانرێت بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵ سودیان لێوەربگیرێت، زۆر گرنگە کەمکردنەوە و زۆرکردنی بڕی دەرمانەکان لە ژێرچاودێری پزیشکی پسپۆڕدا بێت(سلیمان، ٢٠٠٣ : ٢٥) .

هەرچەندە پزیشکەکان ئاماژەیان نەداوە بە چاکبونەوەی تەواوەتی لە ئەنجامی بەکارهێنانی دەرمانەکانەوە، بەڵکو پێیان وایە بە تەواوی کاردەکاتە سەر کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و شپرزەیی لای منداڵان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت کاریگەرییە نەرێنییەکانی وەك ئالودەبون و کاریگەرییە لابەلاکانی نادیدە بگیرێت .

## ٢ . ٢ . ٨ تیۆرەکانی دڵەڕاوکێی دابڕان :

لەگەڵ ئەوەی یەك شێوازی دیاریکراو نییە بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان، بەڵام لێکدانەوەی جیاجیای قوتابخانە جیاجیاکانی زانستی دەروونی کۆمەڵێك نموونەی جیاوازیان لەم بارەیەوە خستۆتە ڕوو، کە لێکدانەوەی هەریەکێکیان بە گەڕانەوە بۆ ئەو چوارچێوە تیۆریانەی پێوەی پابەندن، بەشێکی زۆر لە ڕاستی لە بارەی ئەم دیاردە دەروونییە دەخاتە ڕوو، بە شێوەیەك هیچیان ناتوانن بری ئەوانی دیکە بکەون، بۆیە ناتوانرێت دەستبەرداری هیچ کامیشیان ببین، لە گرنگترین ئەو نموونانەش :

## یەکەم : تیۆری دەروون شیکاری :

(فرۆید Freud) لە ڕێگەی توێژینەوەکانیاوە هەوڵی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دڵەڕاوکێی منداڵانی داوە، وای دەبینێت کە پشت بەستنی زۆری منداڵ بە خۆشەویستی و چاودێری باوان و تێرکردنی هەموو پێداویستیەکانی لەلایەنیانەوە وای لێدەکات ئەگەری تووشبوونی بە دڵەڕاوکێی دابڕان زۆرتر بێت .

(فرۆید) ئەم جۆرە لە دڵەڕاوکێ دەگێڕێتەوە بۆ دڵەڕاوکێی یەکەمی منداڵ کە بە ( شۆکی لەدایکبوون ) ناوەزەندی دەکات، کە بریتیە لە دابڕان و جیابوونەوەی منداڵ لە جەستەی دایک، پێی وایە ئارەزووی منداڵ بۆ دایك وەك تێرکەری پێداویستییەکانی دەگۆڕێت بۆ دڵەڕاوکێ، کە ئەو دڵەڕاوکێیە دەرئەنجامی لەدەستدانی کەسێك (کە لێرەدا دایکە)، یاخود ئەگەری لەدەستدانیەتی ( فرۆید،١٩٨٤ : ١٥٢ ) .

ئەم تیۆرە بابەتی پەیوەستی منداڵ بە دایکییەوە بە بابەتی پەیوەستی خۆشەویستییەوە دەبەستێتەوە، بەو پێیەی دایك سەرچاوەی دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی منداڵە، دەبێتە سەرچاوەی خۆشەویستیش بۆ منداڵ، ئەمەش وا دەکات منداڵ پێوەی پەیوەستببێت، بە مەبەستی تێرکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان و ئاستی ئەو ئاسودەییەی کە پاش ڕوودانی تێربوونی پێداویستییەکان هەستی پێدەکات .

(فرۆید) لە بارەی هۆکاری دڵەڕاوکێ لە قۆناغەکانی منداڵیدا دەڵێت، کاتێك منداڵ بەشداری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات، ترسی لە (منی باڵا) بۆ دروست دەبێت، کە بەلای فرۆیدەوە ترسێکی زگماکی کۆمەڵایەتییە، واتە ترسانە لە سزاکانی کۆمەڵگا و دابڕانی لێی، لەم قۆناغەدا (منی باڵا) بریتییە لە هەژموونی باوان و کۆمەڵگا . لەبارەی ترسی منداڵ لە لەدەست دانی خۆشەویستی دایك و دابڕان لێی کە (فرۆید) پێی وایە گرنگترین ڕووداوی ژیانی منداڵە و، بە دوو شێواز دەربڕینی خۆی دەربارەی ئەم دڵەڕاوکێی دابڕانە خستۆتە ڕوو، یەکەمیان پێی وایە ترسانە لە لەدەستدان ( لەدەست دانی بابەتی دڵەڕاوکێکە بۆ نموونە دایك ) و دووهەمیان ترسانە لە لەدەستدانی خۆشەویستی کەسەکە ( عائشة، ٢٠١٩ : ٢٥ ) .

بە گشتی (فرۆید) پێی وایە هۆکاری سەرهەڵدانی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵ، دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردن بە بێ توانایی لە بەرامبەر زۆری ئەو وروژێنەرانەی کە بە مەبەستی تێرکردنی

پێداویستییەکانی ڕوویتێدەکەن لە لایەك و زۆری خۆشویستنی بۆ دایك لە لایەکی دیکەوە، پێی وایە جیابونەوە لە دایك بەردەوام منداڵ دەخاتەوە یادی دابڕانی یەکەمی کاتی لە دایك بوون ( عبدالواحد، ٢٠١٣ : ٥٠ ) .

هەر لە چوارچێوەی قوتابخانەی دەرون شیکاریدا، زانا (ئەریك فرۆم Erich Fromm) هاوڕا لەگەڵ (فرۆید) پێی وایە دڵەڕاوکێ لای منداڵ پەیوەندیدارە بە پتەوی پەیوەندی نێوان منداڵ و دایکی، منداڵ هەر لە ساتی بوونییەوە پشت بە دایکی دەبەستێت بۆ تێرکردنی زۆرێك لە پێداویستییەکانی، تەنانەت گەر خۆشی توانای دابینکردنی هەندێکیانی هەبێت، ئەمەش بەو ئامانجەی کە گرنگی پێدان و خۆشەویستی و هاوسۆزی دایکی بەردەوام بێت و لەدەستی نەدات، هەر لێرەو دڵەڕاوکێ لای منداڵ دروست دەبێت لە ئەنجامی ئەو ململانێ ناوەکییەی کە لە نێوان پێویستی نزیك مانەوە لە دایك و پێویستی سەربەخۆبوون دا دێتەئاراوە ( عائشة، ٢٠١٩ : ٢٥ ) .

بەڵام (هۆڕنی Karen Horney) پێیوایە دڵەڕاوکێی دابڕان بەهۆی وروژێنەرە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ژینگەی پێگەیشتنی منداڵەوە دروست دەبێت، ئەو دڵەڕاوکێیەی بۆ منداڵ دروست دەبێت لە کاتی چوونی بۆ خوێندنگا، هۆکارەکەی گۆڕانی ژینگەکەیەتی لە ژینگەیەکی ئاشناوە بۆ ژینگەیەکی نوێ کە منداڵ پێی نامۆیە، هەموو گواستنەوەیەك و گۆڕینی ژینگەی منداڵ، منداڵ تووشی پەستانی دەروونی و هەڵچوون و شپرزەیی دەکات، گەر هاتوو یەکێك لە باوانی لەگەڵیدا نەبوو، تەنانەت گەر بشزانێت بۆ ماوەیەکی کورت و کاتیشە . هەروەها نەبوونی خۆشەویستی و هاوسۆزی و تەبایی و لێکترازانی خێزانیش کاریگەریی هەیە لەسەر دروست بوونی دڵەڕاوکێ لای منداڵان، بەوپێیەی منداڵ ئەو متمانە بەخۆبوونەی کە هەیەتی لە ناو خێزانەوە بەدەستی دەهێنێت، دواجار هەر ئەو متمانە بەخۆبوونەیە یارمەتی گونجاندنی دەدات لەگەڵ ژینگەی نوێ و هەڵوێستە جیاوازەکان . هۆڕنی پێی وایە دڵەڕاوکێ هەر لەساتی لەدایکبوون و جیابوونەوەی منداڵ لە دایکەوە دەستپێدەکات، هەرکاتێکیش بێبەش بوو لە سۆز و خۆشەویستی باوان و خۆی بە تەنها بینییەوە، هەمان هەستی لا دروست دەبێتەوە .

(ئانا فرۆید Anna Freud) بە یەکێك لە دیارترین ئەو شیکاریانە دادەنرێت کە خۆی تەرخانکردبوو بۆ لێکدانەوەی ڕەفتاری منداڵ لە هەڵوێستەکانی دابڕان و سروشتی پەیوەندی نێوان منداڵ و دایك لە کاتی دابڕاندا، لەگەڵ (سبتیز رینە R . Spitz ) لەو نموونەیەی کە بۆ لێکدانەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵ خستبویانە ڕوو، هەردووکیان پێیان وایە کە بێبەشبونی منداڵ لە

چاودێری و سەرپەرشتی خێزان تاکە دیاردەیە کە ناتوانرێت قەرەبووی بکرێتەوە و هەژێنەرێکی زۆر بەهێزە کە ڕووبەڕووی منداڵ دەبێتەوە، کە تەنها لە دابڕان لە خێزاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو دەبێتە بێبەشبوونی هەمیشەیی منداڵ لە پەیوەندی بەستنی ویژدانیانە بە دایك و باوکیەوە. هەروەها ئاماژەیان بەوەش داوە کە ئەو منداڵانەی کە هەموو ژیانی منداڵییان لە خانەکانی منداڵانی بێ دایك و باوکدا بەسەر دەبەن، خاوەنی سروشتێکی تایبەتن و جیاوازن لەو منداڵانەی لە ناو ژیانی خێزانیدا گەورە بون ( فروید و برلنگهام، ١٩٤٢ : ٥-٧) .

ئەوان پێیان وایە گەر هاتوو لە قۆناغی یەکەمی منداڵدا (کە لە یەکبوونی بایەلۆجی دایك و کۆرپەدا خۆی دەنوێنێت) دابڕان ڕوویدا، دڵەڕاوکێی دابڕان ڕوودەدات . بەڵام گەر دابڕان لە قۆناغی دووەمی منداڵیدا (قۆناغی تێرکردنی پێداویستییەکان) ڕوویدا، هەستکردن بە لەدەست دان ڕوو دەدات کە (رینە) بە خەمۆکی منداڵ ناوزەندی دەکات . گەر هاتوو دابڕان لە قۆناغی سێهەمدا (دووانەی ویژدانی) دا ڕوویدا، ئارەزووی کاولکاری و ڕووخاندن لای منداڵ دروست دەبێت . لە قۆناغی چوارهەم و پاشتر (قۆناغی بەردەوامی بابەت)دا منداڵ دەتوانێت بە شێوەیەکی بەش بەش بابەتەکە چارەسەر بکات .

نموونەی (میلانی کلاین Melanie Klein) یەکێکی دیکەیە لەو نموونانەی کە شیکردنەوەی بۆ دیاردەی دڵەڕاوکێی دابڕانی لای منداڵان کردووە، لای (کلاین) بابەتی دابڕان لە سەرەتای ژیانی دەرونییەوە دەست پێدەکات، پەیوەندییە بەراییەکان دەبنە بنەمای لێکدانەوەی واقع و ئەندێشەکان لای منداڵ، بنیادنان و ڕێکخستنی ئەو جیهانەی لە ئەندێشەیایەتی لە ڕێگەی بەستنەوەی بە بابەتەکانەوە کە لە ڕێگەیانەوە ئارەزوو و میکانیزمە بەرگرییەکانی تێردەکات .

(کلاین) ئاماژەی بۆ شتێك کرد بەناوی ( ئامادەبوونی دایك Presence of Mother ) ئەو پێی وایە هەرچەندە هەستەکانی منداڵ جەخت دەکەنەوە لە سەر پەیوەندیان لەگەڵ وێنەی دایکی شیردەر(خۆراك پێدەر)، بەڵام چەند تایبەتمەندییەکی دیکەش هەیە کە دێنە ناو ئەو پەیوەندییە زووەوە، منداڵی شیرەخۆرە کاردانەوەی هەیە بۆ پێکەنینی دایك و دەست و دەنگ و شێوازی لە ئامێزگرتن و تێرکردنی پێداویستییە جیاجیاکانی، ئەم پەیوەندییە جیاوازە لە پەیوەنییە سۆزدارییە سێکسییەکان و هەڵوێستەکانی شیرپێدان،کاردانەوەش بۆ دابڕان لە سەر بنەمای نەمانی ئەو پەیوەندییە فیزیکییە دیاریدەکرێت، دابڕانی پەی پێبردن لە وێنەی بونی مەترسییەك خۆی دەنوێنێت کە هەڕەشە لە تێرکردنی پێداویستیە سەرەکییەکانی منداڵ دەکات، بەم شێوەیە بابەتی دابڕان لای

منداڵ لە ڕوانگەی کڵاینەوە لە دوو سەرچاوەوە خۆی دەنوێنێت، سەرچاوەی ناوەکی کە ترسانە لە دایکێکی بەسۆز و ترسی ئەوەی بۆ هەمیشە نەگەڕێتەوە و سەرچاوەی دەرەکیش کە بریتییە لە دابڕانی فیزیکیانە لە دایك کە سەرچاوەی تێرکردنی پێداویستییەکان و ڕەوێنەرەوەی شپرزی و نائارامیەکانییەتی (ناصر،٢٠١٧ : ٤٩٠) .

(مارگرێت ماهلەر M . Mahler) یەکێکی ترە لەو نموونانەی کە لێکدانەوەی کردووە لە بارەی ئەوەی کە چۆن منداڵی بچووك فێری هەستکردن بە دابڕان لە دایکی دەبێت، ئەم تێورەشی لەسەر بنەمای تێبینیکردنی کارلێکی نێوان دایك و منداڵەکەی بنیاد ناوە، زۆر جەختی لەسەر گرنگی پەیوەندی نێوان دایك و منداڵەکەی دەکردەوە هەر لە دایکبوونەوە تاوەکو تەمەنی دوو مانگی کە منداڵ تێیدا چۆتە قۆناغی (یەکبوونەوە) کە لە هەست و هۆشیاندا دایك تەنها هۆکارێکی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانە و، لە تەمەنی (٢ بۆ ٥) مانگی دەچنە قۆناغی دووهەمەوە کە قۆناغی (هاوژیانی) یە و، منداڵ تێیدا بە تەواوی پشت دەبەستێت بە دایکی، ئەمەش دەبێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ گەشە و سەربەخۆبونی لە داهاتوودا . دایکانی زۆر هەستیار پاڵپشتی ئەم جۆرە پەیوەندییە دەکەن لەگەڵ منداڵەکانیاندا، بەڵام دایکانی نا هەستیار ئەو ئارەزووەی منداڵەکەیان بەدیناهێنن و دەبنە مایەی هەژاندنی منداڵەکەیان، گرنگترین کردەی دەروونی لەم قۆناغەدا دروستکردنی متمانە و دابینکردنی ئارامییە بۆ منداڵ، ئەویش لە ڕێگەی دابینکردنی پێداویستییەکان و بوون بە سەرچاوەیەك بۆ پشتپێبەستن . هەروەها بە گشتی هەموو منداڵێك بە دڵەڕاوکێی دابڕاندا تێدەپەڕێت بەهۆی کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی گەشەوە ( عبدالواحد، ٢٠١٣ : ٤٥ ) .

## دووەم : تیۆری پەیوەستی و پێکەوەبەندی :

ئەم تیۆرە گرنگی بە لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان منداڵ و دایك و سروشتی ئەو پەیوەندییەی نێوانیان و کاریگەریی لەسەر تەندروستی دەرونی وجەستەیی و هەڵچوونی وعەقڵی منداڵ دەدات لە قۆناغەکانی دواتردا .

(جۆن بۆلبی John Bowlby) جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕەفتاری پەیوەستبوون لای مرۆڤ بە درێژایی ژیان بەردەوامە جیاواز لە بونەوەرانی دیکە، کە تەنها لە قۆناغی منداڵیدا ئەم پەیوەستیەیان هەیە،منداڵ لە ڕێگەی نزیك بونەوەی جەستەییەوە ئەم پەیوەستییە لەگەڵ دایکیدا دروست دەکات لە قۆناغی کۆرپەییدا و بەهیچ شێوەیەك نایەوێت لێی جیا بێتەوە، بەڵام لەگەڵ گەورەبووندا

دووركەوتنەوە ڕوودەدات بە ئامانجی تێرکردنی پێداویستییەکانی سەربەخۆبون و دۆزینەوەی خود، بەڵام هێشتاش لە کاتی هەستکردن بە مەترسیدا بە خێرایی دەگەڕێتەوە بۆ لای دایکی، بەو پێیەی سەرچاوەی ئاسایش و خۆشەویستی و دڵنیایی و سەرچاوەی تێرکردنی پێویستیە فیزیکیەکانیەتی .

(بۆلبی) لایەنە سەرەکییەکانی ڕەفتاری پەیوەستی لای منداڵ لە ڕەفتارەکانی مژین و خۆ پیاهەڵواسین و تێربوون و گریان و پێکەنین دا وێنا دەکات، هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی ڕێکخراو کار لەسەر مانەوەی منداڵ دەکەن لە نزیك دایك، دایك هەستێت بە تێرکردنی پێداویستیەکانی، بەو پێیەی دایك لە ڕووی بایەلۆژییەوە ساز و بە توانایە بۆ وەڵامدانەوەی وروژێنەرەکانی کۆرپەکەی و، لە بەرامبەریشدا منداڵ وەڵامدانەوەی هەیە بۆ بینین و بیستن و بەرکەوتنی لەگەڵ دایکی، لە ئەنجامی ئەم سیستەمە بایەلۆژیەش پەیوەندییکی دووجەمسەری ئاڵوگۆڕی لە نێوان دایك و منداڵدا دروست دەبێت (ناصر، ٢٠١٧ : ٤٩١ ) .

(بۆلبی) پێی وایە کە کردەی پەیوەست بوون کاریگەرییەکی گرنگ و دوور مەودای هەیە لەسەر توانای دابڕان لای منداڵ وەك بونەوەرێکی سەربەخۆ لە قۆناغەکانی گەشە لە داهاتوودا کە خودی خۆی ئاراستە دەکات، ئەگەر هاتوو منداڵ لەم قۆناغەدا سەرکەوتوو نەبوو لە دروستکردنی پەیوەندییە هەڵچوونی و کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی پتەو دروست لەگەڵ هەندێك لە تاکەکانی کۆمەڵگاکەیدا، مەحاڵە متمانە و توانای پێویستی بۆ گەشەی تەندروست لە قۆناغەکانی داهاتوودا بەدەست بهێنێت، لەبەرئەوە ئەو منداڵانەی هەست بە پەیوەستییەکی دروست دەکەن لەگەڵ باوانیاندا، بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ کردەی دابڕان لە باوانیان دەکەن، بە پێچەوانەی ئەوانەیانەوە کە پەیوەستییەکی نادروستیان لەگەڵ باوانیاندا هەیە، کە کاردانەوەی ڕاستەوخۆی دوای دابڕانیان دڵەڕاوکێیە ( عائشة، ٢٠١٩ : ٢٦ ) . (بۆلبی) ڕەفتاری منداڵ لە دوای دابڕانی لە دایکی دابەش دەکات بۆ سێ قۆناغ کە ئەوانیش :

١- قۆناغی بەرهەڵستیکردن کە منداڵ هەوڵی بەدەستهێنانەوەی دایکی دەدات (یەکەم قۆناغی دڵەڕاوکێی دابڕانە) .

٢- قۆناغی بێ هیوابوون (قۆناغی غەمگینیی) .

٣- قۆناغی کۆتایی (قۆناغی بەرگری) قۆناغی نەمانی پەیوەستی منداڵە بە دایکیەوە بەهۆی بەردەوامی نەمانی پەیوەندی لەگەڵیدا ( قنطار، ١٩٩٢ : ١٧٤ ) .

## سێیەم : تیۆری فێربون :

هەریەك لە (سۆرندایك Thorndike) و (بافلوف Pavlov) و (سکینر Skinner) کە لە دیارترین زانایانی تیۆری فێربوونن، پێیان وایە فێربوون واتە گۆڕان لە ڕەفتاری تێبینیکراودا لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی وروژێنەرە ژینگەییەکان، تیۆرەکەیان چەخت لەسەر پەیوەستبوونی منداڵ بە دایکەوە دەکاتەوە کە هۆکاری ڕودانی دڵەڕاوکێیە لای منداڵ، بە جۆرێك هەرچەندە دایك وروژێنەرێکی بێلایەنە بۆ منداڵ، بەڵام کاتێك خۆراك و پشوو و ئارامی بۆ منداڵ پێشکەش دەکات دەبەسترێتەوە بەو وەڵامدانەوەی ئاسودەبوونەی کە منداڵ بەرامبەر وروژێنەرەکە هەیەتی، پاش چەندبارە بوونەوەی ئەم پێکەوەبەستنە منداڵ بە تەواوی پەیوەست دەکات بە دایکیەوە ( عائشة، ٢٠١٩ : ٢٧ ) .

هەروەها پێیان وایە کە ڕەفتاری منداڵ دەرئەنجامی دوو هۆکاری سەرەکییە کە یەکەمیان پاڵنەرە بایۆلۆژیەکانە، دووەمیان دەرئەنجامی کارلێککردنیەتی لەگەڵ وروژێنەرەکانی ژینگەی دەوروبەری، بەم شێوەیە پاڵنەری سەرەکی منداڵ ئەو خۆراکەیە کە دایك پێشکەشی دەکات، بەمەش دایك بەهایەکی ئەرێنی وەردەگرێت بەهۆی بەستنەوەی بە هەستی تێربوونەوە، لە ئەنجامی چەند بارەبوونەوەی ئەم کارە، تەنها ئامادەبوونی دایك گرنگییەکی زۆری دەبێت لای منداڵ و هەمووکات چاوەڕوانی ئامادەبوونی دەبێت .

لایەنگرانی ئەم تیۆرەش هاوشێوەی لایەنگرانی تیۆرەکەی (بۆلبی) پێیان وایە ئەو هەستی ترس و دڵەڕاوکێیەی کە منداڵ بۆ مانەوەی دایك یاخود زوو گەڕانەوەی دایك لە کاتی بەجێهێشتنیاندا ڕوبەڕوی دەبێتەوە، ڕەفتارێکی ڕەمەکی نییە، بەڵکو وەڵامدانەوەیەکی خۆگونجاندنە لەسەر بنەمای فێربون بە ڕێگەی پێکەوەبەستن . منداڵ فێردەبێت کە بوونی دایك هاوکاتە لەگەڵ ئاسودەیی و نەبوونیشی لەگەڵ بێزاری و ناخۆشی، بەم شێوەیە منداڵ فێردەبێت نەبونی دایك ببەستێتەوە بە بێزاری و ناخۆشی و برسێتی و چەند کەم و کوڕییەکی ترەوە، بەمەش دڵەڕاوکێی دابڕانی لە دایکی بۆ دروستدەبێت جا دابڕانەکە بەڕاستی ڕووی دابێت، یاخود چاوەڕوانی ڕوودانی بکات ( سلیمان، ٢٠٠٣ : ٢٠ ) .

## چوارەم : تیۆری مەعریفی :

زانا (ریچارد لازۆرس Richard Lazarus) پێی وایە هۆکارە مەعریفییەکان ڕەگەزی بنەڕەتی و سەرەکی هەڵچونەکانن . لازرۆس دەڵێت چالاکییە هەڵچونییەکان دەرئەنجامی بڕیاردانی منداڵە لەبارەی هەڵوێستێکەوە ئەگەر هاتوو دڵەڕاوکێ بوو، (نرخاندنی یەکەم) پێشکەشکردنی هەموو ئامرازە بەردەستەکان بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ئەو مەترسییە، (نرخاندنی دووەم) پێکهاتەی دەروونی منداڵ و باری دەروونی منداڵ کە بیر و بۆچون و ئاڕاستە و ڕەفتارەکان دەگرێتەوە .

(جیرۆم کاجان Jerome kagan) پێی وایە منداڵ نەخشەیەکی مێشکی دروستدەکات کە تێیدا ڕووخساری باوك و دایك، یا هەر کەسێك کە بەرپرسە لە تێرکردنی پێداویستییەکانی دەبەستێتەوە بەو شوێنە ناسراوانەی کە ئەو کەسەی تێدایە، بە واتایەکی دیکە ڕوخسارەکان بەستراونەتەوە بە شوێنەکانەوە، لەبەرئەوە منداڵ زیاتر کاریگەر دەبێت بە دڵەڕاوکێی دابڕان کاتێك نازانێت دایك بۆ کوێ ڕۆشتووە و کەی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو زانیاری لە بارەی شوێنی دایکییەوە هەبوو، دڵنیابوو لە گەڕانەوەی کاتی دابڕانەکەی، بە ئاسانی لێ دەگوزەرێت، بۆ نموونە وەك کاتی چالاکییەکانی ڕۆژانە کە تێیدا منداڵ لە ژوری خەو یا چێشتخانە بەجێ دەهێڵرێت و دایك خەریکی کاری خۆی دەبێت . بەهەمان شێوە بە پێی تێۆری (ئەلێکس و بیك Beck & Alex) پێکهاتە و نەخشە مەعریفییەکان و کردەکانی بیرکردنەوەی نا کامڵانەی منداڵ، دەبنە هۆی ئەو دڵەڕاوکێیەی کە مایەی چەندبارە کردنەوەی لێکدانەوەی ڕووداوەکانن، کە ڕووداوی خۆش، یا ڕووداوی ناخۆش و مەترسیدارن، منداڵ ناتوانێت بە شێوەیەکی هۆشمەندانە لێکدانەوەی بۆ بکات . بە شێوەیەکی گەورە دەیبەستێتەوە بەو وروژێنەرەی کە وەڵامی دەداتەوە لەو کاتەدا، بەو پێیەی ژینگەی منداڵ لەکاتی دابڕانی لە دایکی ژینگەیەکی نەرێنی یە و، دووبارەبونەوەشی دەبێتە مایەی دروست بونی دڵەڕاوکێ بۆ منداڵ، بە کورتی دڵەڕاوکێی دابڕان پەیوەندی بە گەشەی ژیریەوە هەیە، زۆر سروشتیە کە منداڵ ئەم دڵەڕاوکێیەی نەبێت تاوەکو ئەو کاتەی توانای (بەردەوامی بابەتەکان Object Permanence) بۆ دروست نەبێت، بەو واتایەی ئەو کەسانەی کە دەڕۆن بونیان هەر بەردەوامە هەرچەند لەو کاتەشدا لەوێدا ئامادەنین لەبەر چاویدا، واتە منداڵ وێنەیەکی هزری جێگیر بۆ بابەتەکان دروستدەکات، پێش ئەم قۆناغەش منداڵ بە هیچ جۆرێك دڵەڕاوکێی دابڕانی نییە، چونکە لەگەڵ نەمانی هەستکردن بە بینین، یا بیستن، یا بەرکەوتن چی تر پەی بە بونیان نابات وەك ئەوەی هەر نەبوبێتن (عائشە،٢٠١٩ : ٢٩ ) .

## ٣ . ٢ تەوەری منداڵ و باخچەی منداڵان

### قۆناغەکانی منداڵی

قۆناغی منداڵی کە لە سەرەتای لە دایك بوونەوە دەست پێ دەکات تاوەکو تەمەنی سەرەتایی قۆناغی هەرزەکاری دەخایەنێت کە ساڵانی تەمەنی ١٢، یا خود بەرەوسەر دەگرێتەوە بەگوێرەی جوگرافیا و ڕەگەز و ڕەچەڵەکی مرۆڤەکان، قۆناغێکی گرنگ و چارەنووسسازی ژیانی مرۆڤە کە لەسەر بنەمای گەشە ساڵانی تەمەن لە لایەن بیرمەند و پسپۆڕانەوە چەند شێوازێك دابەشکردنی بۆ کراوە بۆ چەند ماوەیەکی یەك لە دوای یەکی پێکەوە بەستراو کە دەبنە بناغەی  پێکهێنانی کەسێتی مرۆڤ، یەکێك لەو پۆلێنانەش کە بۆ ئەم قۆناغە کراوە بەم شێوەیە ماوەکانی دیاریکردووە  :

١. قۆناغی پێش لەدایك بوون (Before Born) : ئەم قۆناغە هەر لە ساتی پیتاندنی هێلکە لە ناو  هێلکەدانی دایکەوە دەست پێدەکات تاوەکو ئەو کاتەی لە دایك دەبێت و دێتە جیهانی دەرەوە، منداڵ لەم قۆناغەدا پشتی تەواو بە دایکی دەبەستێت، دایك تاکە سەرچاوەی گەیاندنی خواردن و وزەی پێویست دەبێت بۆی، گرنگی ئەم قۆناغە لەوەدایە کە بناغەی پێکهاتنی لەش و کۆئەندامەکانی ناو لەشی مرۆڤی تێدا بنیاد دەنرێت و تاڕادەیەکی زۆر بەرپرسە لە زۆرێك لەو کێشە تەندروستیانەی کە تووشی مرۆڤ دەبن لە دوای لەدایك بوون و بەتایبەت لە قۆناغی منداڵیدا (زهران، ١٩٨٦ : ٦٩ ) .
٢. قۆناغی شیرەخۆری :  ئەو قۆناغەی ژیانی کۆرپە دەگریتەوە، کە لە لەدایك بوونەوە دەست پێدەکات تاوەکو کۆتایی تەمەنی دوو ساڵی . لەم قۆناغەدا منداڵ لە هەموو لایەنەکانی گەشەکردنەوە پەرە دەسەنێت و کردەی شیرپێدانی تەنها نابێتە هۆی تێرکردنی پێداویستییە فسیۆلۆجیەکانی، بەڵکو کرانەوەیەکی سۆزدارانەشە لە نێوان کۆرپە و دایکیدا، لەبەرئەوە ئاراستەی دایك بەرامبەر ئەم کردەیە ڕۆڵێکی کاریگەریی دەبێت لە بنیادنانی هەڵچوونە ئەرێنی و نەرێنییەکان، تاوەکو دایك بە گەرم و گوڕیی و هەست و سۆزەوە کارلێك لەگەڵ ئەم کردەیە بکات، منداڵ ئارام و ئاسودەتر دەبێت (زهران، ١٩٨٦ : ١٢١) .
٣. قۆناغی بەرایی منداڵیی (پێش خوێندنگا) : ئەم قۆناغە لە سەرەتای تەمەنی سێ ساڵیەوە دەست پێدەکات تاوەکو کۆتایی تەمەنی پێنج ساڵی، بەنزیکەیی ئەم قۆناغە بەوە جیا دەکرێتەوە کە کردەی گەشە تیایدا لە ئاستێکی  دیارکراودایە بە بەراورد بە قۆناغەکانی پێشخۆی، کە دواتر بەدرێژی باسی تایبەتمەندیەکانی دەکەین، لەم قۆناغەدا و بۆ یەکەمجار

منداڵ لە ژینگەی ماڵ و خێزان دیتە دەرەوە و پەیوەندی دەکات بە دایەنگە و دواتر بە باخچەی منداڵانەوە (زهران، ١٩٨٦ : ١٦١ ) .

٤. قۆناغی ناوەندیی منداڵیی : ئەم قۆناغە لە کۆتایی تەمەنی شەش ساڵیەوە دەستپێدەکات تا کۆتایی نۆ ساڵی دەخایەنێت، کە تێیدا بە ڕوونی ئارەزوو و توانای منداڵ بۆ سەربەخۆبوون و جیابوونەوە لە دایك بەدیاردەکەوێت، بازنەی پەیوەندییەکانی منداڵ فراوانتر دەبێت، بواری پەیپێبردن و توانا ئاوەزییەکانی منداڵ بەرەوپێشچوونی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێت، منداڵ توانای فێربوونی گەلێك کارامەیی بۆ دروست دەبێت وەك نووسین و خوێندنەوە و ژماردن .

٥. دوا قۆناغی منداڵیی : لە کۆتاییەکانی تەمەنی نۆ ساڵییەوە دەست پێدەکات تاوەکو تەمەنی دوازدە ساڵی دەخایەنێت، بە قۆناغی پێش هەرزەکاریش ناودەبرێت، زۆرتر لەم قۆناغەدا جیاوازی و چەشنایەتی ڕەگەز بەدیاردەکەوێت، منداڵ لێرەوە کارامەییە جیاوازەکانی ژیان بە شێوەیەکی زۆرتر فێردەبێت و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئاراستە و ئارەزووەکانی لا دروست دەبێت ( اوشريف، ٢٠١٧: ٣١٣) .

## ٢ . ٣ . ١ قۆناغی بەرایی منداڵیی (قۆناغی باخچەی منداڵان) :

ماوەیەکی گرنگی ژیانی تەمەنی منداڵییە، کە کاریگەریی لەسەر بنیادنانی کەسێتی مرۆڤ و پەرەپێدانی توانا و ئامادەگییەکانی هەیە، هەروەك ناوی دەنێن قۆناغی فێرکردنی پێش خوێندنگا، یاخود باخچەی منداڵان . منداڵ لەم قۆناغەی تەمەنیدا دەستدەکات بە کردەی سازان و گونجاوییەکی دروست لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا، هەروەك ئەم قۆناغە کاریگەریی دەبێت لەسەر ڕەفتاری منداڵ لە دواتردا و لەبەر ئەوەی ئەو ڕەفتارەی لە منداڵیدا فێری دەبێت و وەری دەگرێت، گۆڕینی ئاسان نابێت و دەبێتە شێوازێکی جیاواز لە ڕەفتاری تاك و ئەو بناغە پتەوەی کە لە داهاتوودا کەسێتی لەسەر بنیات دەنرێت (عبدالحميد، ٢٠١٩: ٢٩٨) .

بێگومان منداڵ لەم قۆناغەدا وزەیەکی زۆری هەیە کە خۆی لە قسەکردن و پرسیارکردنی زۆردا دەبینێتەوە، ڕەنگە زۆرجار خێزانەکان بێزار بکات و ناچاریان بکات بە سنووردار کردنیان، بەڵام دانانی ئەم سنوور و پێوەندە بۆ کەمکردنەوەی ئەو چالاکیانە دەبێتە هۆی نائومێدی منداڵ، لە کاتێکدا کە دەبێت ئەو وزە زمانەوانیە زۆرە بکرێتە بواری وەبەرهێنانی لایەنی ژیری و ویژدانی لای منداڵەکە و ئەو حەزەی کە بۆ زانین هەیەتی تێربکرێت . بەو ئاستە تێگەیشتنەی کە باوان هەیەتی لە بارەی وەڵامدانەوەی منداڵەکەیان و تێرکردنی ئارەزووەکەی بۆ زانین، منداڵ لە ڕووی ئاوەزەوە گەشە

دەکات و زیرەکی و توانا مێشکییەکانی وەك پەیبردن و ئەندێشەکردن و بیرکردنەوەی پەرەدەسەنێت و بەشداری دەکات لە دروستکردنی مێشکێکی بیرمەندا (سلیمان،٢٠١٥: ٢١٣) .

## ٢ . ٣ . ٢ باخچەی منداڵان :

بە گشتی دەتوانین بڵێین باخچەی منداڵان بە دووەم دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت لە ژیانی منداڵدا لە پاش خێزان، ئەمەش بەهۆی ئەو کاریگەرییە زۆرەی کە هەیەتی لەسەر ژیان و داهاتووی منداڵ، بە تایبەت لە ڕۆژگاری ئێستادا زۆرینەی منداڵان بەشێکی ژیانی ڕۆژانەیان لە ناو ئەم دامەزراوەیەدا بەسەردەبەن، ئەمەش وا دەکات پشکێکی گەورەی بەربکەوێت لە پەروەردەکردنی منداڵاندا، هاوشان لەگەڵ خێزان و بە ئاراستەی ئامانجە دیاریکراوەکانی فەلسەفەی پەروەردەی کۆمەڵگاکەی، جگە لە سازاندن و ئامادەکردنی منداڵ بۆ خوێندنگە، هاوکات کەشێکی جیاواز و دەوڵەمەند و چێژ بەخشتر بۆ منداڵ دەڕەخسێنێت و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ژیری و پەروەردەیی وای بۆ فەراهەم دەکات کە یارمەتی منداڵ بدات بۆ بنیادنانی خود و کەسێتی و کۆکردنەوەی شارەزایی زۆر و هەمەچەشن .

فریدریك فرۆبڵ (Frobel) کە خۆی دامەزرێنەر و داهێنەری دامەزراوەی باخچەی منداڵانە و هەر خۆشی ئەو ناوەی بۆ دەستنیشان کردووە، پێیوایە کە باخچەی منداڵان دامەزراوەیەکی پەروەردەیی تایبەت بەو قۆناغەی تەمەنی منداڵە و تایبەتمەندی ئەرکەکانیشی بریتین لە چالاکی و یاری و چێژوەرگرتن و ئاشناکردنی منداڵان بە جوانییەکان و بیرۆکەی چەمکی باخچەی منداڵانیشی بەکارهێناوە بۆ گوزارشتکردن لە منداڵان وەك گوڵ باخچەکانی ناو ئەم دامەزراوەیە دەڕازێننەوە (ناصر، ٢٠١٧ : ٤٩٤) .

منداڵانی تەمەن (٤ – ٦) ساڵ پەیوەندی دەکەن بەم دامەزراوەیەوە، ئەوانەیان کە لە تەمەنی (٤) ساڵیدان دەکرێنە ئاستی یەکەمی باخچە و ئەوانەشیان کە لە تەمەنی (٥) ساڵیدان دەکرێنە ئاستی دووەمی باخچە و لەوێوە ساز و ئامادەدەکرێن بۆ پەیوەندیکردن بە خوێندنگاوە .

## ٢ . ٣ . ٣ گرنگی باخچەی منداڵان :

باخچەی منداڵان یارمەتیدەرێکی گرنگی منداڵە بۆ پشتبەخۆبەستن و ناسینی ژینگە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان و دروست بوونی گیانی هاوکاری و وەرگرتنی کارامەییەکانی پەیوەندی بەستن

و گەیاندن بە شێوە سادە و سەرەتاییەکەی بەو جۆرەی کە لەگەڵ تەمەنیدا دەگونجێت، هەر لێرەشەوە شێوە سەرەتاییەکانی پێگەیشتن و کەسێتی منداڵ دەردەکەوێت .

لە گرنگترین ڕۆڵی باخچە فەراهەمکردنی کەشێکی گونجاوە بۆ منداڵ کە یارمەتی بدات لە بەدیهێنانی گەشەی کەسێتی منداڵ لە هەموو لایەنەکانی جەستەیی و ژیری و ویژدانی و زمانی و جوڵەیی و دەروونییەوە، سەرەڕایی ئەوەی کە دەبێتە ژینگەیەکی گونجاو و لەبار بۆ ڕاهینانی منداڵ لە بەکارهینانی هەموو هەستەوەرەکانی بە باشترین شێوە، بە تایبەت کە پەرەسەندنی کردەکانی هەستکردن و گەشەکردنی هەستەوەرەکان دەکەونە ناو ئەو قۆناغەی تەمەنی منداڵ و یەکیکە لە سروشتی خودی قۆناغەکە . هەروەها ئەم قۆناغەی تەمەن نموونەیترین قۆناغە بۆ فێربوون و وەرگرتنی کارامەییە هەمەجۆرەکان، سروشتی منداڵ و کردەی دووبارەکردنەوەی کارەکان تاوەکو گەیاندنی بە ئەنجام سەلمێنەری دروستی ئەم بیرۆکەیەن (بهادر، ٢٠٠٢ : ٢٦)، بە شێوەیەکی گشتی گرنگییەکانی ئەم دامەزراوەیە لە چەند خاڵێکدا دەردەکەوێت کە دیارترینیان بریتین لە :

١. فەراهەمکردنی ئازادی جووڵە و چالاکییە جەستەییەکان، لە ڕۆژگاری ئێستادا لە ناو ماڵەکان و نە لە گەڕەك و گۆڕەپانەکان بواری جووڵە و چالاکی منداڵان بەشێوەیەکی بەرچاو لاوازبووە، لەبەر زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێل لە دەرەوەی ماڵ و زۆری مۆبێل و ژوورەکان و بچوکبوونەوەی حەوشە لە ناو ماڵەکاندا، هیچ بوارێکی وای بۆ منداڵان نەهێشتۆتەوە کە ئازادانە بتوانن لە مەودایەکی گونجاودا جووڵە و چالاکییەکانیان ئەنجام بدەن، بەڵام خۆشحاڵانە باخچەکان لە ڕێگەی فەراهەمکردنی گۆڕەپان و هۆڵی گەورەی تایبەت بە یاری جووڵەیی و چالاکییە جەستەییەکان و کەلوپەلی یاری گونجاو لەگەڵ سروشتی منداڵانی ئەو تەمەنەدا توانیویەتی تا ڕادەیەك ئەم پێداویستییەی منداڵان تێربکات .
٢. ئامادەکردنی منداڵ بۆ کردەی فێربوون و قۆناغی خوێندنگا، توێژینەوەکان سەلمێنەری ئەم کاریگەرییەن لەسەر ئەو منداڵانەی کە لە باخچەکاندا بوون پێش پەیوەندیکردن بە خوێندنگاوە، باخچە یارمەتیدەرێکی گرنگی منداڵە لە فێربوونی زمان و دروستکردنی شارەزاییەکانی فێربوون، لە ڕێگەی ئەو کارامەیی و شارەزاییانەی کە لە شێوەی وێنە و یاری و گۆرانی و ڕۆڵگێڕانەوە فێری منداڵانی دەکات، هەروەها دەتوانێت یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ ئامادەکردنی منداڵان لەڕووی هەڵچوونییەوە، بۆئەوەی بتوانێت ئاسانتر لەگەڵ دابڕانی لە باوان بگونجێت و پەیوەندی لەگەڵ

ئەندامانی کۆمەڵگاکەی لە هاوتەمەنانی خۆی و مامۆستایان ببەستێت بەدەر لە ئەندامانی خێزانەکەی .

٣. پەرەپێدانی ئامادەگیەکانی منداڵان و کەسێتی منداڵ یەکێکی دیکەیە لەو گرنگییانەی کە باخچە لەم ڕووەوە دەبێتە یارمەتیدەرێکی باشی خێزانەکان و بەشداریکەرێکی کارا لە پەروەردەکردنی منداڵ وبنیاتنانی کەسێتییاندا .

٤. پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی منداڵ بە شێوەیەکی گونجاو، بە جۆرێك کە منداڵ فێرببێت کە هەموو داواکارییەکی کە دەیکات، مەرج نیە جێبەجێبکرێت، تواناکان بۆ فەراهەمکردنی داواکانی سنووردارە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە ماڵ و لای باوان بۆی دابین دەکرێت کە وادەکات منداڵ هەموو شتێك داوابکات و خێزان بخاتە ژێر باری داواکارییەکانییەوە، یاخود بە پێچەوانەوە ڕەنگە داواکانی لە لایەن خێزانەکەیەوە بە تەواوی ڕەتبکرێتەوە، کە لە هەردوو بارەکەدا کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیان و دواڕۆژی منداڵ درووست دەبێت .

٥. پەرەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ گرنگییەکی گەورەی باخچەی منداڵانە، لە باخچە منداڵ فێردەبێت چۆن لەگەڵ گروپ و کۆمەڵەکاندا بگونجێت و مامەڵەیان لەگەڵ بکات و خۆی بە ئەندامێکی ناو کۆمەڵەکە بزانێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی سروشتی وردە وردە لە قۆناغی چڕبونەوە لەدەوری خود بێتە دەرەوە و فێری کاری بەکۆمەڵ و ڕێکخراو هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ببێت، چونکە تەنها تێکەڵ بوون لەگەڵ گەورەکان ناتوانێت ئەم ئامانجە بەدیبهێنێت، بەڵکو تێکەڵبوون لەگەڵ منداڵان و هاوتەمەنەکانیدا ئاشنای دەکات بە پێداویستی و بابەتە گرنگەکانی تەمەنی خۆی و هاوکاری دەکات بە ئاشنابوون بە شوناسی کەسێتی خۆی (مصطفی، ٢٠٠٢ : ١٨) .

## ٢ . ٣ . ٤ تایبەتمەندیەکانی قۆناغی بەرایی منداڵی :

لە گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەی کە منداڵی قۆناغی بەرایی پێ دەناسرێتەوە، تایبەتمەندییەکانی گەشەیە، بەو پێیەی لەم قۆناغەی تەمەنی منداڵدا گەشەی سەرجەم لایەنە جیاجیاکانی کەسێتی منداڵ گۆڕانکارییەکی خێراو تێبینی کراو بە خۆیەوە دەبینێت هەر چەند بە بەراوورد بە قۆناغی پێش خۆی کردەی گەشەکردن لە ئاستێکی دیاریکراودایە، بە شێوەیەکی تەواوکاری و تێکهەڵکێشراو هەریەکەیان کاریگەریی لەسەر ڕەوتی بەرەو پێشچوونی گەشەی لایەنەکانی دیکە هەیە، گەشە کۆمەڵێك لایەن لەخۆ دەگرێت کە لە ڕاستیدا بریتین لە لایەنە جیاجیاکانی کەسێتی مرۆڤ، کە

ناتوانرێت له یەکتری دابڕێنرێن تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە نەبێت، چونکە تاك بونەوەرێكی لێكدانەبڕاوە و هەر گۆڕانێك لە هەر قۆناغێكی گەشەی دیاریكراودا ڕوودات کاریگەری دەبێت لەسەر قۆناغی دواتر، بۆیە دەتوانین گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژە پێبدەین :

## ٢ . ٣ . ٤ . ١ گەشەی جەستەیی :

یەکەم دەرکەوتنی تێبینیکراو لە دەرکەوتەکانی گەشە کە باوان گرنگییەکی زۆری پێدەدەن و بەووردی چاودێری بەرەوپێشچونی دەکەن، گەشەی جەستەییە، بەو پێیەی زۆر ڕوون و ئاشکرا و تێبینی کراوە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەنی منداڵدا، کە خۆی لە بەرزبونەوەی باڵا و زیادبوونی کێشدا دەنوێنیت .

گەشەی جەستەیی لای منداڵانی قۆناغی بەرایی جیاواز و گۆڕاوە بە گوێرەی بەشە جیاجیاکانی جەستە، ئێسك و ماسولکەکان بە ئاستێکی زۆرتر گەشە دەکەن و بەردەوام دەبن لە گەشە کردن، بەتایبەتی لە باڵا و لە پەلەکاندا و شێوەی منداڵ تا ڕادەیەك بەرەو ڕێکخستنێکی زیاتر دەچێت، بە جۆرێك لە تەمەنی شەش ساڵیدا ڕێژەی گەشەکردووی بەشە جیاجیاکانی جەستە بە بەراوورد بە یەکتری وەك ئەوەی لێدێت کە لە جەستەی مرۆڤێکی پێگەیشتودا دەبینرێت، بارستایی جەستەی منداڵیش لەم قۆناغەدا بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ گەشەی ماسولکە و ئێسکەکان لە کاتێکدا لە قۆناغەکانی پێشوو تردا بەشی زۆری بارستەی منداڵ دەگەڕایەوە بۆ چەوریيەکانی جەستەی، هەر لە کۆتایی ئەم قۆناغەشدا ددانە شیریيەکان دەکەون و ددانی هەمیشەیی لە جێگەیان دێنەدەرەوە (ملال وكبداني، ٢٠١٧ : ١٠٣) .

هاوکات لەگەڵ ئەمانەشدا گەشەی فسیۆلۆجیمان هەیە، بەو پێیەی کە جەستە تەنها بریتی نییە لە ئێسك و ماسولکە، بەڵکو کۆمەڵێك کۆئەندامی زۆر هەن کە بەرپرسن لە بەڕێوە بردنیان، ئەوانیش بە هەمان شێوە بە کۆمەڵێك قۆناغی جیاوازی گەشەدا تێدەپەڕن، بەتایبەت کۆئەندامی دەماری، بە شێوەیەك کە قەبارەی مێشکی منداڵ لە قۆناغی بەراییدا دەگاتە ئاستی ٩٠٪ ی قەبارەی مێشکی مرۆڤێکی کامڵ و پێگەیشتوو، ئەمەش وادەکات وەڵامدانەوە خۆویست و خۆنەویستەکانی منداڵ بەرامبەر وروژێنەرە دەرەکییەکان لەو تەمەنەدا بگاتە ئاستێکی باڵا (أبو علي،٢٠١٤ : ١٩) .

لە گرنگترین پێداویستیە سەرەکییەکانی گەشەی جەستەیی و فیسیۆلۆجی بریتین لە پێداویستییەکانی خواردن و خواردنەوە و خەوتن و پشودان و دەرکردنە دەرەوەی پاشەڕۆ زیادەکانی لەش (الطيب و الأخرون،١٩٩٢ :٢٢) .

## ٢ . ٣ . ٤ . ٢ گەشەیی جوڵەیی :

لە دیارترین کاریگەرییەکانی گەشەکردنی جوڵە لای منداڵی بەراپی توانای منداڵە بۆ لەبەرکردن و داکەندنی جل و بەرگەکانی خۆی و ئەنجامدانی یاری و چالاکییەکانی وەك هەڵگەڕان و سەرکەوتن بەسەر بەرزایی و دابەزین لێی و لێخوڕینی دوو چەرخە و بەشداریکردن لە یارییە جووڵەییەکانی وەك چاوشارکێ و تۆپ تۆپێن و ...هتد، هاوکات بەدیهاتنی هاوسەنگی و گونجاویی و لە نێوان دەست و چاوەکان و توانای کۆنترۆڵکردنی ماسولکەکان بەشیوەیەکی ورد و پێویست لە بەئەنجامگەیاندنی چالاکییەکانیدا یەکێکی دیکەیە لە تایبەتمەندییەکانی گەشەی جوڵەی لەم قۆناغەی تەمەنی منداڵدا (أبو علي،٢٠١٤ : ٢١) .

هەروەها یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە جووڵەییەکانی منداڵ لەم قۆناغەدا بەردەوام نەبونیەتی لەیەك جۆر چالاکی، بەڵکو تینویەتی منداڵ بۆ جووڵە و چالاکی وا دەکات کە زۆرێك لە جووڵەکانی ئەنجامدار نەبن، هەر ئەمەش وادەکات لە چالاکیەکەوە بۆ چالاکیەکی دیکە جوڵەکانی بگۆڕێت بە شێوەیەکی زۆر خێرا .

زۆرێك لە توێژینەوەکان سەلماندویانە کە گەشەکردنی کۆئەندامی دەمار و ماسولکەکان و شارەزایی و ئەزموونەکانی ناو کۆمەڵگا کاریگەرییەکی تەواویان هەیە لە سەر گەشەکردنی جووڵەیی لای منداڵ، ئەمەش پشتڕاستی دەکاتەوە کە لایەنەکانی گەشە کاریگەریی تەواویان لەسەر یەکتری هەیە و هیچ کامیان بێ ئەوانی دیکە ناتوانێت بە ڕێکارە دروست و سروشتیەکەی خۆیدا بڕوات (الطيب و الأخرون،١٩٩٢ :٢٢) .

## ٢ . ٣ . ٤ . ٣ گەشەی ژیریی :

زانای دەروونی جان پیاجیە (Piaget) پێیوایە منداڵ لە تەمەنی دوو ساڵی بۆ حەوت ساڵی بە قۆناغێکدا تێدەپەڕێت کە ئەو ناوی ناوە (قۆناغی پێش کردە واقعیەکان) کە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی منداڵ لەم تەمەندا بریتی دەبێت لە (چڕبونەوە لە دەوری خود) بەو مانایەی کە منداڵ توانای جیاکردنەوەی تێڕوانینە خودیەکانی خۆی نیە لە تێڕوانینی کەسانی دیکە، لەبەرئەوە

بەشێوەیەکی وا هەڵسوکەوت دەکات وەك ئەوەی کە ئەوانی دیکە بە هەمان تێگەیشتنی ئەو لە جیهانی دەوروبەری ئەو تێدەگەن .

هەروەها یەکێکی دیکە لەو تایبەتمەندیانەی کە پیاجیە ئاماژەی بۆ دەکات تێگەیشتنی منداڵە بۆ بابەتەکان وەك خۆی کە دەیبینێت نەك ئەوەی کە لۆژیکە، لەبەرئەوە تێگەیشتنیشیان بۆ هەر بابەتێك تەنها پشت دەبەستێت بە لایەنێکی هەستی ئەو بابەتە، لە هەمانکاتدا توانای تێگەیشتنی بۆ ئەو زانیاریە سادانە پەرەدەسەنێت کە لە ناو بازنە و چوارچێوەی بایەخ و گرنگی پێدانەکانی خۆیدایەتی، گەشەی ژیری و عەقڵی منداڵ لەم قۆناغەدا پەرەسەندنێکی زۆر خێرا بەخۆیەوە دەبینێت و کۆمەڵێك کردەی عەقڵی نوێ لەم قۆناغەدا بۆ منداڵ دروست دەبێت وەك کردەکانی پەیبردن، بیرهاتنەوە، بە ئاگابوون، ئەندێشەکردن و بیرکردنەوە، کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێك دەرکەوتەی وەك :

أ- فێربوونی چەمکە جیاوازەکانی وەك کات و شوێن و ژمارەکان، بە تایبەت لە سەرەتادا پەیبردن بۆ چەمکی شوێن وەك لە پێش و پاش و دووری و نزیکی تێدەگات بە تێگەیشتنێکی هەستیانە .

ب- زیرەکی : بە واتایی پەیبردنی منداڵ بە پەیوەندیە کرداریە هەستپێکراوەکان و فێربوونی توانای گشتاندن لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، هەروەها تێگەیشتن لە زۆرێك لە زانیارییە سادە و ساکارەکان و فێربوون لە ڕێگەی هەوڵ و هەڵەوە .

ت- ئاگایی : لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا منداڵ توانای بەئاگابوونی زۆر بەرز دەبێتەوە .

ث- بیرهاتنەوە : منداڵ توانای بیرهاتنەوەی ڕاستەوخۆی زانیارییەکانی زۆرتردەبێت .

ج- ئەندێشەکردن : ئەم قۆناغەی تەمەنی منداڵ بە یارییە ئەندێشەییەکان جیادەکرێتەوە کە زۆرجار منداڵ تێیدا هەڵدەستێت بە گێڕانی ڕۆڵی گەورەکان ، بە تایبەت دایك و باوك (أبو علي،٢٠١٤ : ٢٥) . لە تایبەتمەندییەکانی ژیری و کردە عەقڵییەکانی منداڵی ئەم قۆناغەش بریتیە لە باڵادەست بوونی تایبەتمەندی چڕبونەوە لەدەوری خود لە گشت هەڵسوکەوت و قسەکردن و بیرکردنەوە و پەیپێبردنێکی ناوەکی و دەرەکیدا . هەروەها منداڵانی ئەم قۆناغە پەی بە لایەنە جیاواز و دژبەیەکەکانی بابەتەکان دەبەن پێش ئەوەی تێبینی لێکچون و هاوشێوەیی نێوانیان بکەن، یەکەمجار پەیبردنیان بۆ قەبارە گەورەکانە، پاشان قەبارە بچوکەکان، پێ توانان لە ناسینی جیاوازی بارستایی و کێشی لە یەکتر نزیکی بابەتەکان، بە گشتی بابەتەکان بە گوێرەی پێوەرێکی هەستی دیاریکراو پۆلێن دەکەن (سلیمان، ٢٠٠٣ : ٤٣) .

## ٢ . ٣ . ٤ . ٤ گەشەی زمان :

منداڵ لە قۆناغی باخچەدا کۆمەڵێك تایبەتمەنی زمانەوانی خۆی هەیە کە پێی جیادەکرێتەوە لە قۆناغەکانی دیکە، لە گرنگترینی ئەوانەش بریتین لە :

١. بەهۆی فێربونی ڕاستەوخۆی وشەکان و حەزی زانینی واتاکانیانەوە، فەرهەنگ و پاشخانی وشەکانی منداڵ دەوڵەمەندتر دەبێت، کەم و کوڕییەکانی زمان زۆر کەمتر دەبێتەوە بە بەراورد بە قۆناغی پێشتر .
٢. دەربڕینەکانی منداڵ ڕوونتر و وردتر دەبێت لە ڕووی دەربڕین و گۆکردن و تێگەیاندنی بەرامبەرەوە.
٣. بەو پێیەی کە دەربڕینی منداڵ لەم قۆناغەدا پشت دەبەستێت بە هەستەکان، لەبەرئەوە دەربڕینە زمانەوانیەکانیان بۆ بابەتە هەستپێکراوەکان زیاترە بە بەراوورد بە بابەتە ڕووتەکان .
٤. گەشەی زمانەوانی منداڵ لەم قۆناغەدا، گەشەیەکی خێرایە لە ڕووی دەستکەوت و تێگەیشتنەوە.
٥. توانای منداڵ بۆ تێگەیشتن زۆر لە پێش ئەو توانایەوەیە کە هەیەتی بۆ بەکارهێنانی ئەو وشانەی کە دەیانبیستێت، هەروەها هەر منداڵێك پێکهاتە و ڕێکخستنی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ قسەکردن (النوایسة و القطاونة،٢٠١٥ :١٥١) .

لەم قۆناغەدا گەشەی زمانی منداڵ خۆی لە پەرەسەندنێکی خێرا و زۆربوونی چەمك و زانیارییەکاندا دەبینێتەوە، کە منداڵ بەکاریان دەهێنێت و چەندە تەمەنی بەرەو پیش بچێت، ڕستەکانی دوور و درێژتر و ئاڵۆزتر دەبێت، لە تەمەنی سێ ساڵیەوە منداڵ دەست دەکات بە بەکارهێنانی ڕستەی پێکەوە بەستراو و بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی و جێناو و ئامرازەکانی پرس و سەرسوڕمان، ئەم داڕشتنە زمانەوانیانەی منداڵ وردەوردە بەرەو زۆری و هەمەچەشنی و قوڵبونەوەی زیاتر دەڕوات .

هەروەها گەشەی زمان لای منداڵ تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بەو شارەزاییە زمانەوانیەوە هەیە کە لە ناو ژینگەی منداڵدا بوونی هەیە، بە واتایەکی دیکە هەرچەندە لە ڕووی جەستەیی و فسیۆلۆژیی و دەمارییەوە ئەندامەکانی گۆکردن تەواو و پێگەیشتوو بن، هێشتا بەدەستهێنانی شارەزایی و گەشەی کۆمەڵایەتی ودۆخی زمانەوانی ژینگەی دەوری منداڵ ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە گەشەکردنی زمان لای منداڵ .

وەك تێبینی کراوە منداڵی باخچە زۆرتر دەربارەی خودی خۆی و ئەو بابەتانەی کە جێگەی بایەخی خۆیەتی قسەدەکات، هەروەها ئارەزوویەکی زۆری هەیە بۆ پرسیارکردنی بەردەوام و چەنبارە بە جۆرێك کە ئەم تەمەنە بە تەمەنی پرسیارکردن ناسراوە، لەم قۆناغەدا منداڵ بە شێوەیەکی بەردەوام لە قسەکانیدا وشەی (من) بەکاردەهێنێت هەتا بە فراوان بوونی شارەزاییەکانی دەکەوێتە دووبارەکردنەوەی ناوی ئەو کەس و بابەتانەش کە لە ناو بازنەی گرنگی پێدانەکانیەتی، ئارەزووی ئەوە دەکەن وشەکانیان تیکەڵاوی گاڵتە و گەپ بکەن، هەروەها حەز دەکەن ووشە نوێیەکان زۆر دووبارە بکەنەوە بەو شێوازەی کە خۆیان ئارەزوویان لێیەتی و چێژی لێوەردەگرن (ملال و کبداني،٢٠١٧ : ١٠٤) .

هەروەها دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە پەیوەندییەکی زۆر پتەو هەیە لە نێوان گەشەی زمانەوانی و گەشەی ژیری لای منداڵ، بە شێوەیەك هەندێك لە دەرکەوتەکانی گەشەی زمانەوانی ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەریی گەشەی ژیریدایە بۆ نموونە، دەرکەوتنی ئەرکی ئاماژەی هێماکان بە واتای ئاماژەدانی بابەتێك بۆ بابەتێکی دیکە، هەروەها منداڵ هێما زمانەوانیەکان لە چوارچێوەی ئاستی ژیری خۆیدا بەکاردەهینێت، جگەلەوەی لە دوای تەمەنی پێنج ساڵییەوە لە چڕبونەوەی لە دەوری خودەوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دووبارە هۆکارەکەی پەیوەندی بە گەشەکردنی لایەنی ژیرییەوە هەیە پشت ڕاستی دەکاتەوە کە لایەنە جیاجیاکانی ژیری پێکەوە گرێدراوون و یەکتری تەواو دەکەن (أبو زید، ٢٠١١ : ٤٥) .

## ٢ . ٣ . ٤ . ٥ گەشەی هەڵچوونی :

لە قۆناغی منداڵی بەراییدا هەڵچوونەکانی منداڵ زۆرتر لە دەوری خودی خۆی چڕدەبێتەوە، کە دیارترینیان بریتین لە شەرمکردن، هەستکردن بە تاوان، هەستکردن بە کەمی، متمانە کردن بە خود و لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە هەستی ترس و توڕەیی و ئیرەیی بردنە، کە بە شێوەیەکی گشتی کاریگەرییەکی نەرێنییان لە سەر منداڵ هەیە، بەتایبەت کاتێك کە گەورەکانیش نەزانن چۆن مامەڵەی گونجاوی لەگەڵدا بکەن، بۆ نموونە هەندێك جار پشتگوێی دەخەن، یا خود بە توندی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، بەجۆرێك بیرکردنەوە و جووڵەی منداڵ لە چوارچێوەیەکدا قەتیس دەکەن و چی دیکە ئەو منداڵە هەوڵی ئەنجامدانی کارێکی جیاوازنادات تاوەکو ڕووبەڕووی سزا نەبێتەوە (علي، ٢٠١٨ : ١٠)، یاخود بۆ بەرگرتن لێی هەڵدەستن بە دابینکردن و جێبەجێکردنی هەموو داواکارییەکانی منداڵ، کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی منداڵ فێری بەکارهێنانی ئەو هەڵچوونانە ببێت بۆ

بەدیهێنانی هەموو نیازەکانی خۆی کە ڕەنگە هەندێك جار سەرکێشێت بۆ هەندێك ڕەفتاری نەرێنی وەك شەڕانگێزی و لاساری .

هەڵچوونی منداڵ جیاوازە لە هەڵچوونی گەورەکان و بەوە دەناسرێتەوە کە کورت خایەنە و بە خێرایی دەست پێدەکات و هەر بە خێراییش کۆتایی پێدیت، هەڵچوونەکانیشی زۆر و هەمەچەشن و لەسەر یەك جۆر جێگیر نین، زۆر بە خێرایی لە گریانەوە دەگۆڕێت بۆ پێکەنین و بە پێچەوانەشەوە، بەڵام بە گشتی لە ڕووی سەر پەرییەوە لە ئاستیکی زۆر توندان، بە شێوازێك کە ناتوانێت هیچ جیاکارییەك بکات لە نێوان هەڵوێستێکی بێبایەخ و هەڵوێستێکی زۆر گرنگدا و، شایەنی باسە لەم قۆناغەدا هەڵچوونەکان لە نێوان کچان و کوڕاندا زۆر جیاوازە، بە جۆرێك کچان زیاتر هەڵچوونی ترسیان هەیە، و کوڕانیش لە کچان زیاتر هەڵچوونەکانی شەڕانگێزییان تێدا دەردەکەوێت (أبو زيد، ٢٠١١ : ٤٦) .

ڕەفتارە هەڵچوونییەکان بە شیوەیەکی یەك لە دوای یەك لە قۆناغی بەراییدا گەشە دەکەن و وەڵامدانەوە هەڵچوونیەکان وورده وورده لێکجیادەبنەوە و تایبەتمەند دەبن، هەروەها وەڵامدانەوە هەڵچوونیە زارەکی و گۆکراوەکان جێگای وەڵامدانەوە جەستەییەکان دەگرنەوە، هەروەها لە پاش گەیشتن بە تەمەنی پینج ساڵی منداڵ بەرەو ئەوە دەڕوات کە جڵەوی زیاتری هەڵچوونەکانی بکات و سەرەتاکانی جێگیربوونی هەڵچووەکانی بێتە ئاراوە (اسماعيل، ١٩٩٥ : ٣٢) .

## ٢ . ٣ . ٤ . ٦ گەشەی کۆمەڵایەتی :

زانایانی دەرونشیکاری وایدەبینن کە ساڵانی یەکەمی تەمەنی منداڵ بناغەی بنەڕەتی دروست بوونی ژیانی دەروونی و کۆمەڵایەتی منداڵە بە هەموو لایەنەکانیەوە، کە تێیدا منداڵ پەی بە خودی خۆی دەبات وەکو مرۆڤ، لە لایەکی تریشەوە توانای زمانەوانی بە جۆرێك گەشە دەکات کە یارمەتی دەدات بۆ تێگەیشتن لە دەوروبەری و پەرەپێدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی .

بێگومان خێزان کاریگەریی هەیە لە فێربوونی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی منداڵ لە ڕێگەی کردەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە، کە بە چەند قۆناغێکی تێکەڵاوی پێکەوە بەستراودا تێدەپەڕێت، لەو ڕێگایەشەوە منداڵ ئەو ڕەفتار و نەریتانە وەردەگرێت کە خێزانەکەی هەڵیانسەنگاندووە، چونکە منداڵ ئارەزووی ئەوە دەکات کە پەسەندکراو بێت و لە لایەن دەورو بەریەوە قبوڵکراو بێت، بە پێچەوانەی ئەوەوە کاتێك هەست بکات ناپەسەند و ڕەتکراوەیە دووچاری تەنهایی و دوورەپەرێزی

گرفت دەبێتەوە لە هاوڕێگرتندا، لە گرنگترین پێکهاتە کاریگەرەکانی کردەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیش بریتین لە پاداشت و سزا و تێبینی کردن و لاسایی کردنەوە . شایەنی باسە هاوشان لەگەڵ ئەم گەشە کۆمەڵایەتییە و پەیوەستبوونی بە هاوەڵ و هاوڕێ بۆ یاریکردنەدا هەر لەم قۆناغەدا منداڵ هەستی خودگەرایی و پشت بەخۆبەستن و سەربەخۆ بوونی بۆ دروست دەبێت (خضر و أبراهيم، ٢٠١٣ : ٣٧٣) .

بەو پێیەی ئەم قۆناغە بە قۆناغی چڕبونەوە لە دەوری خود دەناسرێت، لەبەرئەوە منداڵ پێویستی بە هاوکاری گەورەکان هەیە بۆ فراوانکردنی بازنە کۆمەڵایەتیەکانی، لەم ڕووەشەوە پێویستی بە ناسینی خود و بەهێزکردنی متمانە بەخۆبوون و هاندان هەیە بۆ بەشداریکردن لە یارییە بە کۆمەڵەکاندا، ئەمەش لە ڕێگەی ڕێکخستنی یاری و چالاکیە گروپیەکانەوە بە دیدێت، کە منداڵ ڕادەهێنێت لەسەر هاوبەشیکردن و هاوکاریکردنی خۆویستانە .

گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵ لەم قۆناغەدا پشت دەبەستێت بە فراوان بوونی جیهانی منداڵ و هۆشیاری لە بارەی کەس و بابەتەکانی چواردەوری، کە وادەکات بە شێوەیەکی لەسەرخۆ و سروشتی پەیوەستی بە باوانیەوە کەم ببێتەوە و پەیوەندی بەستن لەگەڵ منداڵانی دەرەوەی چوارچێوەی خێزانەکەی جێگای بگرێتەوە، لەبەرئەوە ئەم قۆناغەی تەمەنی منداڵ (قۆناغی بەرایی) بە قۆناغێکی هەستیار لە ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵدا هەژمار دەکرێت (ملال وكبداني، ٢٠١٧ : ١٠٥) .

لەم قۆناغەدا گەشەی کۆمەڵایەتی بەرەوپێشچونێکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت و چەند تایبەتمەندیەك لەخۆ دەگرێت کە لە قۆناغەکانی پیشووتردا بوونی نەبووە، بە جۆرێك کاتێك منداڵ دەست دەکات بە یارییە بەکۆمەڵەکان دەبینین کاتێکی زیاتر لەگەڵ یەکتردا بەسەر دەبەن، ئەمەش یارمەتی دەدات بۆ کارلێك و تێکەڵاوی زیاتر لەگەڵ دەورووبەریدا .

## ٢ . ٣ . ٥ پێداویستییە دەروونییەکانی قۆناغی بەرایی منداڵی :

وێڕای تێرکردنی پێداویستییە جەستەی و فسیۆلۆژیەکانی منداڵ کە خۆی لە خۆراك پێدان و چاودێریکردنی تەندروستی و خەوتن و پشودانی پێویست و یاریکردندا دەبینێتەوە، هێشتا کۆمەڵێك پێداویستی دیکەی گرنگ هەیە کە ناکرێت نادیدە بگیرێن، کە ئەوانیش پێداویستییە دەروونییەکانن کە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەیە لە بەرەوپێشچونێکی دروست و سروشتی کردەی گەشەکردن لای منداڵ، کە گرنگترینیان بریتین لە :

### ٢ . ٣ . ٥ . ١ ئاسایش و هەستکردن بە پارێزراوی :

هەستکردن بە ئاسایش و پارێزراوی لە گرنگترین بابەتە دەروونییەکانی ژیانی منداڵ و داهاتویەتی، ئەمەش بە پشتبەستن بە دۆخی خێزان و پەیوەندی نێوان تاکەکانی ئەو خێزانەی کە منداڵ تێیدا دەژی . بە جۆرێك بوونی کێشەی ناوبەناو و بەردەوام و ململانێی نێوان تاکەکانی ناو خێزان بە تایبەت دایك و باوك، یاخود جیابونەوەیان لە یەکتری، تەنانەت دوورکەوتنەوەی یەکێکیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەروونی منداڵ دروست دەکات و هەستی نا ئارامی و دڵەڕاوکێ و ترس و هەست نەکردن بە ئاسایش و پارێزراوی دروست دەکات،لەبەرئەوە لەم قۆناغەی تەمەنی منداڵیدا هەبوونی ماڵێکی ئارام و پڕ لە خۆشەویستی پێداویستییەکی سەرەکی و گرنگی منداڵە، هاوشان لەگەڵ ئەمەشدا پێشکەشکردنی سۆز و خۆشەویستی لە لایەن باوانەوە کارێکی سەرەکی و پێویستە (أبو علي، ٢٠١٤ : ٥٤) .

### ٢ . ٣ . ٥ . ٢ نرخاندن و پاڵپشتیکردن :

منداڵ لە میانەی گەشەکردنیدا پێویستی بە نرخاندن و پاڵپشتیکردن و هاندان هەیە لە لایەن باوك و دایکیەوە، بە تایبەت کاتێك کارێك بە ئەنجام دەگەیەنێت بە دروستی دەیگەیەنێتە کۆتایی، دەربڕینە گۆکراوەکان بەشێوەیەکی دروست و لە کات و ساتی گونجاودا ڕۆڵێکی باش و کاریگەریی هەیە لە بەدیهێنانی پڕکردنەوە و تێرکردنی ئەم پیداویستیە دەروونیەی منداڵدا، بە پێچەوانەشەوە دەربڕینە نەرێنییەکان کاریگەرییەکی خراپ و ڕوخێنەریان دەبێت لە سەر لایەنەکانی دەروونی منداڵ، بە تایبەت لە ڕووی متمانەکردنی بە خودی خۆی، لەبەر ئەوە هۆشیاری باوان دەتوانێت کاریگەرییەکی گەورە لە سەر کۆی کردەی گەشەکردن لای منداڵ دروست بکات، هەروەها هاوکاری بێت بۆ وەرگرتنی شارەزایی و چۆنیەتی تێرکردنی هەندێك لە پێداویستیە سەرەکییە سادە و ساکارەکانی خۆی بێت، یارمەتی بدات لە دروست بوونی متمانە بە خۆ بوون و پەرەسەندنی خەسڵەتی سەربەخۆبون و پشت بە خۆبەستن (زهران، ١٩٨٦ : ٢٦٨ ) .

### ٢ . ٣ . ٥ . ٣ ئازادبوون و سەربەخۆبوون :

منداڵ ئەگەر ژینگەیەکی ئەرێنی بۆ بڕەخسێت کار و کردەوەکانی ئەرێنی دەبن، ئازادی لە کردار و چالاکییەکاندا ئەنجامدانی کاری هەڵە لە لایەن منداڵەوە دەکاتە ئەگەرێکی کراوە، مەبەست لە ئازادکردن ئەوە نییە کە لێبگەڕێین منداڵ هەرچی بوێت بیکات، بەڵکو مەبەست لێی ئەوەیە کە منداڵ

ئامادە و ساز بکرێت بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراودا پشت بە خۆی ببەستێت و بواری بۆ بڕەخسێنرێت کە بژاردەکان هەڵبسەنگێنێت و بڕیار لە هەڵبژاردنیان بدات . پاداشت و سزا بە گرنگترین ئەو پاڵنەرانە دادەنرێن کە دەتوانێت هانی منداڵ بدات لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراودا، باشتر وایە ئەو پاداشت و سزایانەش لە فۆرمێکی مەعنەویدا بن نەك ماددی و فیزیکی، هەروەها زۆر گرنگیشە دایك و باوك هەردوو هاوڕابن لە چۆنیەتی و چەندێتی جێبەجێ کردنی یاسا و پرانسیپە پەیڕەوکراوەکانی ناو خێزان بەرامبەر بە منداڵەکانیان (أبو علي، ٢٠١٤ : ٤٧) .

هەرچەندە بەگشتی ڕەنگە یاسایەکی دیاریکراو نەبێت بۆ سنووردار کردنی ئازادی منداڵ و جڵەوکردنی، بەڵام لادانێکی زۆر بەلای هەر بارێکیاندا کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشە و کەسێتی منداڵ دروست دەکات ئەمەش بەهۆی ئەو کاریگەرییە گەورەیەی کە لەسەر لایەنی دەروونی منداڵ هەیەتی .

## ٢ . ٣ . ٥ . ٤ گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی پێوەری :

مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ناتوانێت لە دەرەوەی کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیدا ژیانێکی دروست و ئاسایی بژی، منداڵ پێویستی بەوەیە کە سەر بە خێزانێك و گروپێك هاوڕێ یا دامەزراوەیەکی فێرکاری، یا ناوەندێکی تایبەت، یاخود هەر چوارچێوەیەکی دیاریکراو بێت و خۆی بە بەشێك لەو چوارچێوەیە بزانێت، هەروەها دیاریکردنی ناسنامەی هەر منداڵێك پشت دەبەستێت بەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی کە بۆی دەگەڕێتەوە، کە سەرەتا بە خێزان دەست پێدەکات و دواتر بە تێکەڵاوبوونی لەگەڵ هاوەڵەکانی لە کەسوکار و خزمان و دراوسێ و منداڵانی ئەو باخچەیەی کە پەیوەندی پێوەدەکات (أبو علي، ٢٠١٤ : ٤٥) .

بەهۆی ئەم هەستکردن بە گەڕانەوە و ئەندامبوونە لە چوارچێوە و گروپێکی دیاریکراودا ، منداڵ پێوەرە کۆمەڵایەتیە پەسەند و ناپەسەندەکان دەناسێت، باش و خراپ بە گوێرەیی پێوەری کۆمەڵگاکەی لێك جیا دەکاتەوە، هەموو ئەو بەها و نەریت و بیرۆکانە وەردەگرێت کە لە فەرهەنگی کۆمەڵگاکەیدا برەوی پێدراوە، هەر لەوێشەوە فێری وەفا و دڵسۆزی و هاوکاریکردن و هەر خەسڵەتێکی دیکە دەبێت کە دەیکاتە ئەندامێکی گونجاو و پەسەندکراو لە گروپەکەیدا و دەبێتە بنەمایەکی سەرەکی دروست کردنی کەسێتی کۆمەڵایەتی منداڵ .

## ٢ . ٤ توێژینەوەکانی پێشوو:

### ٢ . ٤ . ١ تەوەری مەڵتی میدیا

١. توێژینەوەی**( رياض و عياط :٢٠٢١ )** لە وڵاتی میسڕ بە ناونیشانی **(برنامج وسائط متعددة لتنمية الوعي الصحي و أثره على التعايش الأمن لدى طفل الروضة في ظل جائحة كورونا - بەرنامەکانی مەڵتی میدیا بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری تەندروستی و کاریگەریی لەسەر پێکەوە ژیانێکی ئاسایش لای منداڵانی باخچە لە سایەی پەتای کۆرۆنادا) .**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی ئەو ڕەهەندانەی هۆشیاری تەندروستی کە پێویستە لە قۆناغی باخچەدا پەرەی پێبدرێت هاوشان لەگەڵ ڕەهەندەکانی پێکەوەژیانی ئاسیش و پارێزراو، هەروەها جێکردنەوەی لە بەرنامەسازی مەڵتی میدیایەك کە هەردوو توێژەر هەستابوون بە ئامادەکردنی . میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە میتۆدی ئەزموونی، ئامرازەکانی توێژینەوەش بریتییە لە دوو لیست لە هۆشیاری تەندروستی و پێکەوەژیانی ئاسایش کە هەردوو توێژەر بە جۆرێك ئامادەیان کردوە کە لەگەڵ منداڵانی باخچەدا گونجێنراوە، ئامادەکردنی ڕێنوێنێکی بەکارهێنانی مەڵتی میدیا بۆ مامۆستایان و ئامرازەکانی پێوانە کە بریتییە لە (تاقیکردنەوەی ئەلیکترۆنی وێنەداری هۆشیاری تەندروستی، کارتی تێبینی کردنی ڕەفتاری ئاماژەدەر بۆ هۆشیاری تەندروستی لای منداڵی باخچە، و پێوەری ئەلیکترۆنی وێنەداری پێکەوەژیانی ئاسایش ) . هەروەها سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییە لە (٤٠) منداڵی کوڕ و کچ لە ئاستی دووەمی باخچە لە باخچەی (الجلاء) لە پارێزگای (أسيوط) کە تەمەنیان لە نێوان (٦-٧) ساڵدایە، کە دابەشکران بۆ هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵ .

پاش جێبەجی کردنی بەرنامەکە و ئەنجامدانی هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و کۆتای توێژەر گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە بەکارهێنانی مەڵتی میدیا کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە پەرەپێدانی هۆشیاری تەندروستی و پێکەوە ژیانی ئاسایش لای منداڵانی باخچە لە سەردەمی پەتای کۆرۆنادا .

٢. توێژینەوەی **(حميد و السماحي :٢٠٢٠)** لە وڵاتی میسڕ بە ناونیشانی **(فاعلية برنامج تفاعلي مقترح متعدد الوسائط قائم على (التحكم من خلال البرنامج - التحكم من خلال الفيديو) في تنمية الوعي التكنولوجي لدى طفل الروضة - کاریگەریی بەرنامەی کارلێکی پێشنیارکراوی مەڵتی میدیای بنیادنراو لەسەر (کۆنترۆڵکردن لەڕێگەی بەرنامەوە -**

**کۆنترۆڵکردن لە ڕێگەی ڤیدیۆوە )لە پەرەپێدانی هۆشیاری تەکنەلۆژیا لای منداڵی باخچە )**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە پێوانەکردنی کاریگەریی بەرنامەی مەڵتی میدیای کارلێکی پشت بەستوو بە کۆنترۆڵ کردن لەڕێگەی بەرنامەوە و کۆنترۆڵکردن لە ڕێگەی ڤیدیۆوە لە پەرەپێدانی هۆشیاری تەکنەلۆژیا لای سامپڵێکی هەڕەمەکی لە منداڵانی باخچە حکومیەکانی شاری (بور سعید) کە ژمارەیان (٤٠) منداڵە، بە پشت بەستن بە میتۆدی ئەزموونی و ئامرازەکانی وەك پێوەری هۆشیاری تەکنەلۆژی و تاقیکردنەوەی هۆشیاری تەکنەلۆژی لای منداڵی باخچە دوای جێبەجێکردنی بەرنامەی مەڵتی میدیای کارلێکی .

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە کە بە کارهێنانی مەڵتی میدیا بە هەردوو جۆرە بەکارهاتووەکەیەوە (کۆنترۆڵ کردن لەڕێگەی بەرنامەوە – کۆنترۆڵ کردن لە ڕێگەی ڤیدیۆوە ) کاریگەریی هەیە لە سەر تاقیکردنەوەی پاشەکی منداڵان لە پێوەری هۆشیاری تەکنەلۆژیدا و لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی . و لە تاقیکردنەوەی پاشەکیشدا (کۆنترۆڵ کردن لەڕێگەی بەرنامەوە) کاریگەرییەکانی زیاترە لە سەر منداڵانی گروپی ئەزموونی لە پێوەری هۆشیاری تەکنەلۆژیدا .

**٣.** توێژینەوەی **(منصور : ٢٠١٨)** لە وڵاتی میسر بە ناونیشانی **(برنامج مقترح لتنمية الثقافة السياحية لدى طفل ما قبل المدرسة بأستخدام الوسائط المتعددة في ضوء الأتجاهات العالمية الحديثة - بەرنامەیەکی پێشنیارکراو بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیری گەشتوگوزار لای منداڵی پێش خوێندنگا بە بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لە بەرڕۆشنای ئاراستە جیهانییە نوێیەکان)**

ئامانجی توێژینەوەکە دروست کردنی لیستێکە لە چەمکە ڕۆشنبیریە گەشتوگوزاریە گونجاوەکان بۆ منداڵی پێش خویندنگا و، دانانی تێڕوانینێکی پێشنیارکراو بۆ بەرنامەیەکی مەڵتی میدیا بە مەبەستی پەرەپێدانی ڕۆشنبیری گەشتوگوزاری لای منداڵی پێش خوێندنگا بە گرنگی و ڕێساکانی جێبەجێکردنیەوە . بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر میتۆدی وەسفی و میتۆدی شێوە ئەزموونی بەکارهێناوە لەگەڵ ئامرازەکانی توێژینەوەی وەك لیستەیەك لەو چەمك و زانیاریانەی پەیوەندی بە ڕۆشنبیری گەشتوگوزارەوە هەیە و گونجێنراون لەگەڵ منداڵانی پێش خوێندنگادا، و تاقیکردنەوەیەکی وێنەداری تایبەت بەو مەبەستە و بەرنامەیەکی پەرەپێدان لەو بەرەیەوە بە بەکارهێنانی مەڵتی میدیا .

سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە منداڵانی باخچەی یەکێك لە خوێندنگاکانی فێرکاری بنەڕەتی لە پارێزگای (جیزە) . لە ئەنجامدا توێژینەوەکە ئەوەی خستۆتە ڕوو کە بەکارهێنانی بەرنامەیەکی پێشنیارکراو بەکارهێنانی مەڵتی میدیا کاریگەریی هەیە لە سەر پەرەپێدانی ڕۆشنبیری گەشتوگوزار لای منداڵانی پێش خویندنگا ئەمەش پاش بەراووردکردنی نمرەی بەدەستهاتوو لە لای گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و تاقیکردنەوەی کۆتای .

**٤.** توێژینەوەی **(المليجى و الجندي : ٢٠١٧)** لە وڵاتی میسر بە ناونیشانی **(فاعلية برنامج وسائط متعددة لتنمية ثقافة أطفال الروضة حول بعض المهن اليدوية و تعديل أتجاهاتهم نحوها - کاریگەریی بەرنامەیەکی مەڵتی میدیا بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیری منداڵانی باخچە دەربارەی هەندێك پیشە دەستییەکان و ڕێککاری لە ئاراستەکانیان بەرامبەر ئەو پیشانە )**

ئامانجی توێژینەوەکە لێکۆڵینەوەیە لە کاریگەریی بەکارهێنانی بەرنامەیەکی مەڵتی میدیا بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیری منداڵان لە بارەی هەندێك لە پیشە دەستییەکان و ڕێککاری لە ئاراستەکانیان بەرامبەر ئەو پیشانە . بە پشتبەستن بەمیتۆدێکی ئەزموونی، ئامرازەکانی تویژینەوەکەش بریتییە لە تاقیکردنەوەی وێنەداری ڕۆشنبیری پیشە دەستیەکان و پێوانەی ئاراستەی منداڵان بەرامبەریان و، بەکارهێنانی بەرنامەیەکی مەڵتی میدیای کە کۆمەڵێك چالاکی جیا جیای لەخۆگرتبوو دەربارەی دوازدە پیشەی دەستی جیاجیا لە ڕووی کەل و پەل و شوێنی بە ئەنجامگەیاندنی .

سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە (٣٠) منداڵی کوڕ و کچ لە ئاستی دووەمی باخچە لە بە ڕێوبەرایەتی (أسيوط)ی فێرکاری، لە کۆتایدا ئەنجامی توێژینەوەکە دەرخەری گەورەیی کاریگەریی بەکارهێنانی بەرنامەی مەڵتی میدیا بوو لە پەرەپێدانی ڕۆشنبیری منداڵانی باخچە لە بارەی پیشە دەستیەکان و ڕێککاری ئاراستەی منداڵان لە بارەیانەوە .

**٥.** توێژینەوەی **(Weiss & Others : 2006)** لە ئسرائیل بە ناونیشانی **( Effects of multimedia environments on kindergarten children s mathematical achievement and style of learning**
**کاریگەریی ژینگەی مەڵتی میدیا لە بەجێگەیاندن و شێوازی فێرکردنی بیرکاری باخچەی منداڵاندا)**

ئاماجی توێژینەوەکە زانینی کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی مەڵتی میدیایە لە فێربوونی بیرکاری لە قۆناغی باخچەی منداڵاندا و، پەسەندکردنی بەکارهێنانی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر بۆ فێربوون لای منداڵانی ئەو قۆناغە .

میتۆدی توێژینەوەکە میتۆدێکی ئەزموونییە، سامپڵی توێژینەوەکە پێك هاتووە لە (١١٦) منداڵی (٥٥ کورِ و ٦١ کچ) لە شەش پۆلی باخچەی منداڵان کە ناوەندی تەمەنیان (٤،٥) ساڵ بە شێوەیەکی هەرەمەکی لە شەش باخچەی جیاواز هەڵبژێردرابوون پاشان دابەشکرابوون بەسەر هەردوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵدا، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە منداڵانی گروپی ئەزموونی مەڵتی میدیایان لەگەڵ بەکارهاتبوو سەرکەوتو بوون لە بەدەست هێنانی زۆرتری نمرەی دەستکەوتی بیرکاری کە ئەمەش سەلمێنەری بەهێزی کاریگەریی مەڵتی میدیایە لە بابەتی بیرکاری لای منداڵانی باخچە .

٢ . ٤ . ٢ تەوەری دڵەڕاوکێی دابڕان

١. توێژینەوەی **( شنار :٢٠٢٢)** لە وڵاتی ئەردەن بە ناونیشانی **(فاعلية برنامج أرشادي يستند الى نظرية بولبي في تخفيف مستوى قلق الأنفصال لدى عينة من أبناء المطلقين في قضاء ماعين - کاریگەریی بەرنامەیەکی ڕێنمایی پشت بەستوو بە تیۆری بولبی (Bowlby) لە کەمکردنەوەی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای سامپڵێك لە منداڵی ژن و مێردە لێکجودا بووەکان لە شارۆچکەی ماعین)** .

ئامانج لێی زانینی شوێنەواری کاریگەریی بەرنامەیەکی ڕێنمایی پشت بەستوو بە تیۆری بولبی (Bowlby) یە لە کەمکردنەوەی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای سامپڵێك لە منداڵی ژن و مێردە لێکجودا بووەکان لە شارۆچکەی ماعینی سەر بە پارێزگای مادبا لە وڵاتی ئەردەن .

میتۆدی توێژینەوەکە میتۆدێکی شێوە ئەزموونییە، و سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییە لە (١٣) منداڵی کورِ کە تەمەنیان لە نێوان (٩-١٣) ساڵاندایە، پاش جێبەجێ کردنی بەرنامەی ڕێنمایەکە و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەنجامەکان دەریانخستوە بەرنامەکە کاریگەرییەکی بەردەوامی هەیە لە کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای ئەو منداڵانەی کە دایك و باوکیان لێك جودا بونەتەوە .

٢. توێژینەوەی **(عائشة : ٢٠١٩ )** لە وڵاتی جەزائیر بە ناونیشانی **(قلق الأنفصال لدى أطفال المرحلة التحضيرية _ دراسة عيادية لستة حالات بأبتدائيات ولاية المسيلة - دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی قۆناغی ئامادەکاری_توێژینەوەیەکی کلینیکی بۆ شەش کەیس (حاڵەت) لە سەرەتاییەکانی ویلایەتی مسیلە) .**

ئامانج لە توێژینەوەکە ناسینی سروشتی دڵەڕاوکێی دابڕانە لای منداڵانی قۆناغی ئامادەکاری و هەروەها زانینی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان دڵەڕاوکێی دابڕان و زیادەڕەوی کردن لە پاراستنی منداڵ لە لایەن باوانەوە و بەهێزی پەیوەستی بە باوانەوە و پەیوەندی بە پەشێوی دڵەڕاوکێی دابڕانەوە، هەروەها ناسینی پەیوەندی نێوان پەشێوی دڵەڕاوکێی دابڕان و نەبوونی یەکێك لە باوان جا چ دایك بێت یاخود باوك .

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە توێژەر پشتی بەستوە بە بەکارهێنانی میتۆدی کلینیکی و بەکارهێنانی ڕێگەی توێژینەوەی بار (دراسة الحالة)، سامپڵی توێژینەوەکە پیکهاتوە لە (٦) بار لەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە نێوان (٥-٦)ساڵدایە، بە پشت بەستن بە ئامرازەکانی وەك چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوەی کێشانی وێنەی خێزان گەیشتە گرنگترین ئەنجامەکانی :

أ- سروشتی دڵەڕاوکێی دابڕان خۆی دەنوێنێت لە ترس و، گریان و، هاوارکردن و، گرتنی دایك بە باوەش پیاکردن و ڕاکێشانی جل و بەرگەکانی و، هەندێك جار تا لە هۆشخۆ چوون و بورانەوەش دەڕوات .

ب- پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان دڵەڕاوکێی دابڕان و هەریەك لە گۆڕاوەکانی زیادەڕەوی کردن لە پاراستنی منداڵ لە لایەن باوانەوە، و بەهێزی پەیوەستی منداڵ بە باوانەوە، و نەبوون و لە دەست دانی یەکێك لە باوان جا چ دایك بێت یاخود باوك .

٣ . توێژینەوەی **(Ruar & Quimson : 2018)** لە وڵاتی فلیبین بە ناونیشانی **( Prevalence of Separation Anxiety Among Kindergarten Learners In Cuyapo East and West Districts بڵاوبوونەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لە نێو منداڵانی باخچە،فێرخوازانی کەرتی کۆیابوی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا )**

ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی ئاستی بڵاوبوونەوەی دڵەڕاوکێی دابڕانە لای خوێندکارانی باخچەی منداڵان لە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای (Nueva Ecija ،Cuyapo ) لە ماوەی چارەکی

دووەمی ساڵی ٢٠١٨، سامپڵی توێژینەوەکە بریتی یە لە (١٠٣) منداڵ لە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای (Nueva Ecija ،Cuyapo ) کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی (Slovin) وە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕوپێوی ڕاپرسی خوێندکارانی باخچەوە هەڵبژێردراوون .

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە، ئامرازی توێژینەوەکەشی بریتی یە لە ڕاپرسی ڕوپێوی . لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوت دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە بەربڵاوە و، گۆڕاوەکانی کەسێتی و پیشەی باوان و ڕیزبەندی منداڵ کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە سەر بڵاوبوونەوەی دڵەڕاوکیی دابڕان لای فێرخوازانی باخچە . و لە سەروی ئەمەشەوە (ڕەتکردنەوەی چونە خوێندنگا) یەکێکە لە مەترسیدارترین کێشەکانی ئەو منداڵانەی کە بەدەست ئەم دڵەڕاوکێیەوە دەناڵێنن (لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە)، بۆیە پێشنیاری بەکارهێنانی بەرنامەیەکی ڕێنمایی تایبەت بەم کێشەیە یەکیکە لە پێشنیارەکانی تویژینەوەکە .

٤ . توێژینەوەی **( ناصر :٢٠١٧)** لە وڵاتی عێراق بە ناونیشانی **(قلق الأنفصال لدى الأطفال الملتحقين برياض الأطفال - دڵەڕاوکێی دابڕان لای ئەو منداڵانەی پەیوەندیان کردوە بە باخچەی منداڵانەوە )** .

ئامانجی توێژینەوەکە ئاشنابوونە بە دڵەڕاوکێی دابڕان لای ئەو منداڵانەی پەیوەندیان کردوە بە باخچەی منداڵانەوە لە پارێزگای (المثنى)، و زانینی کاریگەریی جیاوازی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەیە کە بریتین لە گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ)، توێژینەوەکە پشتی بەستوە بە میتۆدی وەسفی، سامپڵی توێژینەوەکەش پێك هاتووە لە (٤٠٠) دایك کە (١٩٢) دایکی منداڵی کوڕن و، (٢٠٨) دایکیشیان منداڵەکەیان کچن و بە هەموویان ڕێژەی (١١,٢٦٪)ی کۆمەڵگای باخچەی منداڵانی حکومی و ناحکومییان پێك دەهێنن لە پارێزگای (المثنى) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٥ – ٢٠١٦) کە تەمەنیان لە نێوان (٣ – ٥) ساڵدایە .

هەروەها ئامرازی توێژینەوەکە بریتی یەلە پێوەرێکی (٣٢) بڕگەیی تایبەت بە دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵان (لە ئامادەکردنی توێژەر)، پاش ئەوەی لە لایەن دایکانەوە وەڵامی درابویەوە، بەو پێیەی منداڵ توانای وەڵامدانەوەیانی نیە، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە لە پارێزگای (المثنى) لە ئاستێکی بەرزدان و، ئەوەشی دەرخست کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ دا و جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێدایە .

٥ . توێژینەوەی **(كبداني و ملال : ٢٠١٧)** لە وڵاتی جەزائیر بە ناونیشانی **(المشكلات النفسية لدى طفل الروضة قلق الأنفصال نموذجا - كێشە دەروونی و ڕەفتارییەکان لای منداڵانی باخچە، دڵەڕاوكێی دابڕان وەك نموونە )** .

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئەوەیە ئایا پەیوەندی کردنی منداڵ بە باخچەی منداڵانەوە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دڵەڕاوكێی دابڕان ؟ کامانەن گرنگترین ئەو نیشانانەی کە ئاماژەن بۆی ؟ میتۆدی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی بووە و ئامرازەکانیشی بریتین لە چاوپێکەوتن و تۆڕیکی تایبەت بە تێبینی کردنی دڵەڕاوكێی دابڕان . بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر هەستاوە بە ئەنجامدانی توێژینەوەی بار بۆ (٦) منداڵ (٢کوڕ و ٤ کچ) وەك سامپڵی توێژینەوەکەی کەلە پێنج باخچەی جیاواز هەڵبژاردبوون ، ئەنجامی توێژینەوەکەشی بریتییە لە :

- پەیوەندی کردن بە باخچەی منداڵانەوە دەبێتە هۆی دروست بوونی دڵەڕاوكێی دابڕان لای منداڵ .
- دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە لەشیوەی هەندێك نیشانەی دەروونی (هەڵچونی) وەك (غەمباربوون و گریان) و هەندێك نیشانەی کۆمەڵایەتی وەك (هەستکردن بە تەنهایی و پاشەکشەکردن)، و هەندێك نیشانەی ژیری (مەعریفی) وەك (پەرتبوون و بڵاوبونەوەی ئاگایی)، و نیشانەی ڕەفتاری وەك (شەڕانگێزی و کرتاندنی نینۆك بە ددانەکان )و تێکچونی خەو وەك (خەوزڕان و بینینی خەونی ناخۆش . .) دا خۆی دەبینێتەوە

٦ . توێژینەوەی **(ربيع :٢٠١٢)** لە وڵاتی میسر بە ناونیشانی **(فعالية برنامج بأستخدام أنشطة فنية لخفض بعض مظاهر قلق الأنفصال عن الأسرة لدى عينة من أطفال المستوى الأولى بالروضة - کاریگەری بەرنامەیەك بە بەکارهێنانی چالاکیە هونەرییەکان بۆ دابەزاندنی هەندێك دەرکەوتەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای سامپڵێك لە منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە )** .

ئامانجی ناسینی ئەو چالاکیە هونەرییە گونجاوانەیە کە دەتوانن ببنە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی دڵەڕاوكێی دابڕان، کەمکردنەوەی هەندێك لە دەرکەوتەکانی دڵەڕاوكێی دابڕان لە خێزان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە بە بەکارهێنانی چالاکی هونەری و، پێدانی زانیاری بە دایکان و مامۆستایانی باخچە و ئاشناکردنیان بە هەندێك کارامەیی مەعریفی و ڕەفتاری لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ منداڵدا لە کاتی پەیوەندی کردنی بە باخچەوە کە ڕەنگە بتوانێت بیپارێزێت لە دڵەڕاوكێی

دابڕان . توێژەر لە توێژینەوەکەیدا میتۆدی ئەزموونگەری بەکارهێناوە ئەویش بە وەرگرتنی یەك گرووپی ئەزموونی بەهۆی بچوکی سامپڵەکەیەوە، کە پێکهاتبوو لە (٤٠) منداڵی کوڕ و کچ کە بە شێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردرابون و، هەروەها سامپڵیکی (٤٠) کەسیش کە بریتی بوون لە دایکی منداڵانی گرووپی ئەزموونی، و سامپلیکی (٣) کەسیش لە مامۆستایانی باخچە بریتی بوون لەو سامپڵانەی کە توێژەر دیاریکردبوون بۆ توێژینەوەکەی و، بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی وەك تاقیکردنەوەی وێنەیی و پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان و بەرنامەی چالاکی هونەری توێژەر توانیبووی بگاتە ئەو ئەنجامەی کە :

- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نمرەی بەدەستهاتوو لە لایەن منداڵەکانەوە لە پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و تاقیکردنەوەی کۆتایدا دوای بەکارهێنانی بەرنامەکە لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی کۆتای . (لای دایکان و مامۆستایان) .
- هیچ جیاوازییەك نییە لە نمرەی بەدەست هاتووی کوڕان و کچان لە تاقیکردنەوەی کۆتای دوای بەکارهێنانی بەرنامەکە (لای دایکان و مامۆستایان) .

٧ . توێژینەوەی **(سلیمان :٢٠٠٣)** لە وڵاتی میسر بە ناونیشانی **(فعالية برنامج أرشادي لخفض قلق الأنفصال لدى أطفال الروضة - کاریگەریی بەرنامەیەکی ڕێنمایی بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە ) .**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتی یە لە کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لە دایك لای منداڵانی باخچە لە ڕێگەی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی ڕێنماییەوە، و یارمەتی دانی دایکان و مامۆستایان بۆ فێربوونی هەندێك لە کارامەیی ڕەفتاری و مەعریفی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە بۆیەکەمجار دەچنە باخچە بە مەبەستی پاراستنیان لە دڵەڕاوکێی دابڕان .

توێژەر میتۆدی ئەزموونی بەکارهێناوە بۆ بە ئاکام گەیاندنی توێژینەوەکەی، بۆ ئەم مەبەستەش سامپڵی توێژینەوەکەی بریتی بوون لە (٣٢) منداڵی کوڕ و کچ کە دابەش کرابوون بەسەر هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵ، و سامپڵێکی (٣٢) کەسیش کە بریتی بوون لە دایکی ئەو منداڵانەی کە وەك گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵ وەرگیرابوون، وە سامپڵێکی (٦) کەسیش کە بریتی بوون لە مامۆستایانی باخچە .

ئەنجامی توێژینەوەکەش دەریخست کە بەکارهێنانی بەرنامە ڕێنماییەکە کاریگەریی تەواوی هەیە لەسەر کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە .

## ٢ . ٤ . ٣ گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو :

وەك ئاماژەی پێدراوە بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکانی پێشوو دابەش دەبن بەسەر هەردوو تەوەری سەرەکی (مەڵتی میدیا) و (دڵەڕاوکێی دابڕان) کە هەردووکیان تەوەری پێکهێنەری ئەم توێژینەوەی ئێستان، لێرەدا توێژەر لە چەند ڕوویەکەوە گفتوگۆ لەسەر توێژینەوەکانی پێشوو دەکات و بەراووردی دەکات لەگەڵ توێژینەوەکەی ئێستادا کە ئەوانیش بریتین لە :

**١ . لە ڕووی ئامانجەوە :**

بە گشتی ئامانجی توێژینەوەکانی (ریاض و عیاط :٢٠٢١) و (حمید و السماحي :٢٠٢٠) (منصور : ٢٠١٨) و (الملیجی و الجندي : ٢٠١٧) و (Weiss & others : 2006) بریتییە لە زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی مەڵتی میدیا وەك گۆڕاوێکی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوە پاشکۆکانی دیکە، کە ئەمەش هاوشێوەی یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەیە، هەروەها توێژینەوەکانی ( شنار :٢٠٢٢) و (عائشة : ٢٠١٩ ) و (Ruar & Quimson : 2018) و ( ناصر :٢٠١٧) و (کبداني و ملال : ٢٠١٧) و (ربیع :٢٠١٢) و (سلیمان :٢٠٠٣) بە گشتی ئامانجەکانیان بریتییە لە زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە کە ئەمەش هاوشێوەی یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیەی ئیستایە، وە توێژینەوەکانی (ناصر :٢٠١٧) و (ربیع :٢٠١٢) هاوشێوەی توێژینەوەکەی ئێستا ئامانجێکیان زانینی کاریگەریی گۆڕاوی ڕەگەزە لەسەر ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە، وە توێژینەوەی (Ruar & Quimson : 2018) سەرباری ئەو ئامانجانە زانینی کاریگەریی گۆڕاوی شوێنی کاری باوان لەسەر ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕانی کردۆتە یەکێکی تر لە ئامانجەکانی کە تاڕادەیەك هاوشێوەی یەکێك لە ئامانجەکانی توێژینەوەکەی ئێستایە .

**٢ . لە ڕووی میتۆدی توێژینەوەوە :**

هەریەکە لە توێژینەوەکانی (ناصر :٢٠١٧) و (کبداني و ملال : ٢٠١٧) و (Ruar، Quimson : 2018) میتۆدی وەصفیان بەکارهێناوە، بەڵام توێژینەوەی (منصور : ٢٠١٨) هاوشانی میتۆدی وەصفی میتۆدی ئەزموونیشی بەکارهێناوە، جیاواز لەوان توێژینەوەکەی (عائشة : ٢٠١٩ ) میتۆدی کلینیکی و توێژینەوەی باریی بەکارهێناوە، بەڵام توێژینەوەکانی دیکە هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا هەموو هاوبەشن لە بەکارهێنانی میتۆدی ئەزموونی بۆ بەجێگەیاندنی توێژینەوەکانیان، هەرچەند لە ڕووی دیزاینی ئەزموونەکانیانەوە جیاوازیان هەیە، بە جۆرێك

توێژینەوەی (شنار :٢٠٢٢) و (ریاض و عیاط :٢٠٢١) دیزاینی شێوە ئەزموونییان بەکارهێناوە، لە کاتێکدا توێژینەوەکانی (حمید و السماحي :٢٠٢٠) و (سلیمان :٢٠٠٣) ئەزموونیی دوو گروپی و توێژینەوەی (Weiss & others: 2006) ئەزموونیی سێ گروپیان دیزاین کردووە، هەرچی توێژینەوەی (ربیع :٢٠١٢) و (الملیجی و الجندي : ٢٠١٧) هاوشێوەی توێژینەوەکەی ئێستا پەیڕەوی ئەزموونی یەك گروپیان کردووە .

**٣ . لە ڕووی کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەوە :**

هەرچەند لە ڕووی ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوە و شێوازی هەڵبژاردن و ژمارەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکان جیاوازی هەبوو لە نێوان توێژینەوەکاندا، بەڵام هەموو توێژینەوەکان هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە هاوبەش بوون لەوەی کە کۆمەڵگای توێژینەوەکانیان بریتیە لە منداڵانی باخچە، جگە لە توێژینەوەکەی (شنار :٢٠٢٢) کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتی بوو لە خێزانە لێکترازاوەکان، نمونەی توێژینەوەکەشی بریتی بوو لە (١٣) منداڵی تەمەن (٩ بۆ ١٣) ساڵ، نمونەی توێژینەوەکانی (عائشة : ٢٠١٩) و (کبداني و ملال : ٢٠١٧) پێکهاتبوو لە (٦) منداڵ کە بەشێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردرابوون، هەروەها نمونەی توێژینەوەکەی (ناصر : ٢٠١٧) لە (٤٠٠) منداڵ و توێژینەوەی (Ruar & Quimson : 2018) لە (١٠٣) منداڵ و توێژینەوەی ( Weiss & others: 2006) لە (١١٦) منداڵ پێکهاتبوو، هەرچی توێژینەوەکانی (حمید و السماحي :٢٠٢٠) و (ریاض و عیاط :٢٠٢١) و (ربیع :٢٠١٢) هاوشێوەن لەوەی کە نمونەی توێژینەوەکانیان بریتیە لە (٤٠) منداڵی باخچە، بەڵام توێژینەوەی (منصور : ٢٠١٨) نمونەکەی (٣٢)منداڵ بوو، هەروەها توێژینەوەکەی (الملیجی و الجندي : ٢٠١٧) هاوشێوەی توێژینەوەکەی ئێستا نمونەکەی پێکهاتووە لە (٣٠) منداڵ .

**٤ . لە ڕووی ئامرازی توێژینەوەوە :**

ئامرازی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکاندا زۆر و هەمەچەشنن، توێژینەوەی (عائشة : ٢٠١٩) و (کبداني و ملال : ٢٠١٧) ئامرازی چاوپێکەوتن و هاوشانی توێژینەوەکانی (الملیجی و الجندي : ٢٠١٧) و (منصور : ٢٠١٨) تاقیکردنەوەی وێنەییان بەکارهێناوە، توێژینەوەی ( Weiss & others: 2006) فۆرمی ڕاپێوی بەکارهێناوە، هەروەها توێژینەوەکانی (ریاض و عیاط :٢٠٢١) و (Ruar & Quimson : 2018) و (ربیع :٢٠١٢) تاقیکردنەوەی دەستکەوتی نمرەییان بەکارهێناوە بەڵام توێژینەوەکانی (شنار :٢٠٢٢) و (حمید و السماحي :٢٠٢٠) و (ناصر : ٢٠١٧) و (سلیمان

:٢٠٠٣) هاوشێوەی توێژینەوەکەی ئێستا پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی پێوەر بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوەکانیان .

**٥ . لە ڕووی کەرەسە ئامارییەکانەوە :**

به شێوەیەکی گشتی توێژینەوەکانی پێشوو و توێژینەوەکەی ئێستاش هاوشێوەی یەکتر سوودیان وەرگرتوە لە بەکارهێنانی کەرەستە ئامارییەکانی وەك (T- test) ی یەك نمونە و دوو نمونە و (one way ANOVA) و، تاقیکردنەوەکانی (Mann – Whtney) و (Cronbach s alpha) و (Wilcoxon)، هاوکێشەی (Spearman) و (Cohen) .

**٦ . لە ڕووی ئەنجامەوە :**

ئەنجامی هەموو توێژینەوەکانی پێشوو هاوتای ئەو ئامانجانە بوون کە توێژینەوەکان لە پێناویدا ئەنجامدراوە، بۆ بەراوورد کردنی بەم توێژینەوەی ئێستاش، توێژەر لە شوێنی خۆیدا ئاماژە بە هاوشێوەی یاخود دژیەکیان دەکات .

# بەشی سێیەم

## ٣ . ڕێکارییەکانی توێـــژینەوەکە

٣ . ١ ڕێـــبازی تـــوێژینەوەکە

٣ . ٢ کۆمـــەڵگەی توێژینەوەکە

٣ . ٣ نـــموونەی تـوێژینەوەکە

٣ . ٤ ئـــامرازەکانی توێژینەوەکە

٣ . ٥ کەرەســـتە ئـــامارییەکان

## ٣ . ١ ڕێبازی توێژینەوەکە :

ڕێبازی توێژینەوەکە بریتیە لە ڕێبازی ئەزموونی, ئەویش بەهۆی گونجاوی لەگەڵ سروشتی کێشە و نموونە و ئامانجی توێژینەوەکەدا، ڕێبازی ئەزموونگەری بریتییە لە هەموارکردنی ورد و مەبەستداری هەلومەرجی دیاردەیەك و تێبینیکردنی، پاشان لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئەنجامی هەموارکردنەکەدا بەسەر دیاردەکەدا دێت (بۆکانی، ٢٠٢٠: ١٠١) . بۆ ئەم مەبەستە توێژەر یەك گروپی دیاریکرد وەك تاکە گروپی ئەزموونی توێژینەوەکە، کە ئەندامەکانی پاش تاقیکردنەوەی پێشەکی ڕووبەڕووی گۆڕاوی سەرەکی توێژینەوەکە کرایەوە و دواتر تاقیکردنەوەی پاشەکییان بۆ ئەنجامدرا .

## ٣ . ٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە لە ناوەندی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ - ٢٠٢٣)، بە هەردوو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە ژمارەیان (٣٥) باخچەی منداڵانی حکومیی و (٣٩) باخچەی منداڵانی تایبەتە، بڕوانە پاشکۆی(٢) .

خشتەی(١)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

| باخچە | نێر | مێ | ژمارەی منداڵ |
|---|---|---|---|
| پەروەردەی ڕۆژهەڵات | ٢٢٥٦ | ٢١٨١ | ٤٤٣٧ |
| پەروەردەی رۆژئاوا | ٤٠٤٢ | ٤١٠١ | ٨١٤٣ |
| کۆ | ٦٢٩٨ | ٦٢٨٢ | ١٢٥٨٠ |

## ٣ . ٣ نموونەی توێژینەوەکە :

نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٣٠) منداڵ لە ئاستی یەکەمی باخچەی (کازیوە) ی حکومی کە ژمارەیان (١٢٣) منداڵ بوو، پێکهاتبوون لە (٥٨) کوڕ و (٦٥) کچ، کە توێژەر گرووپی ئەزموونیی توێژینەوەکەی لێپێکهێنان، هەروەها (٣٠) دایك کە بریتیبوون لە دایکی منداڵانی گروپی ئەزموونی، توێژەر بە شێوازێکی مەبەستدار ئەم باخچەیەی هەڵبژاردوە، بەهۆی لەباری ژینگەی باخچەکە لە ڕووی فەراهەمیی هۆڵی تایبەت و ئامرازەکانی داتاشۆ و ئامادەیی کارگێڕی و ستافی

باخچەکە بۆ هاوکاریکردن و تەرخانکردنی ماوەیەکی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەکە، وەك لە خــشتەی (٢) دا خراوەتە ڕوو .

خشتەی (٢)

نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، بڕوانامەی دایك، شوێنی کاری دایك، ڕیزبەندی منداڵ لە خێزاندا)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | | | | | |
| نێر | | | مێ | | |
| ١٥ | | | ١٥ | | |
| بڕوانامەی دایك | | | | | |
| بێ بڕوانامە | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | دبلۆم | بەکالۆریۆس |
| ٤ | ٤ | ٤ | ٥ | ٨ | ٥ |
| شوێنی کاری دایك | | | | | |
| کابانی ماڵ | | | کارکردن لە دەرەوەی ماڵ | | |
| ٢٤ | | | ٦ | | |
| ڕیزبەندی منداڵ لە ناوخێزاندا | | | | | |
| یەکەم | ناوەند | کۆتایی | تاقانە | بێ خوشك و برا | |
| ٧ | ٧ | ٧ | ٤ | ٥ | |

## ٣ . ٤ ئامرازەکانی توێژینەوەکە :

### ٣ . ٤ . ١ پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان :

بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر پێوەرێکی ئامادەکردوە کە پێکهاتبوو لە (٤١) برگە، ئەمەش بە پشت بەستن بەو ئەدەبیات و وێژەیەی لەسەر بابەتی دڵەڕاوکێی دابڕان و نیشانەکانی لەبەر دەستن، هەروەها لە ڕێبەری دەستنشانکردن و ئاماری پەشێویە دەروونی و عەقڵیەکان – چاپی پێنجەم (DSM 5) ئاماژەیان پێکراوە وەك نیشانەیەك بۆ دڵەڕاوکێی دابڕان، توێژەر بە تاوتوێکردن و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی سەرپەرشتیاران کۆی ئەو نیشانە و دەرکەوتانەی دڵەڕاوکێی دابڕان کە لە توێژینەوە و وێژەکانی پێشوودا خرابوونە ڕوو لە چەند برگەیەکدا دارِشتەوە کە دواتر لە لایەن سەرپەرشتیارانەوە لە (٤١) برگەدا پوختەتر کرانەوە، پێوەرەکە بەجۆرێك ئامادەکراوە کە لە لایەن دایکانەوە وەڵام دەدرێتەوە، بەو پێیەی کە دایکان تێبینیکەرێکی بەسەرنجی منداڵەکانیانن .

بۆ هەر بڕگەیەك سێ بژاردە خراونەتە ڕوو كە دایكەكە دەتوانێت تەنها یەكێكیان هەڵبژێرێت ئەوانیش بریتین لە (زۆرجار، هەرگیز، هەندێكجار ) كە لە كاتی مامەڵەكردنی ئاماریدا هەر یەكێكیان نمرەی تایبەت بە خۆی بۆ دیاریكراوە بەجۆرێك (زۆرجار -٣) (هەندێكجار -٢) (هەرگیز -١)، بەو ئامانجەی پێوانەكە متمانەپێكراوبێت و بتوانرێت وەك پێوەرێكی زانستی پشتی پێببەسترێت توێژەر ئەم ڕێكارانەی گرتەبەر :

**ڕاستی Validity:**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستیی بۆ ئامرازی توێژینەوەكە، توێژەر ڕێگای ڕاستیی ڕواڵەتی وەك ڕێكارێك گرتە بەر .

**ڕاستی ڕواڵەتی:**

توێژەر بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستی پێوەرەكەی پەنای بردۆتە بەر ڕاستی ڕواڵەتی، مەبەست لە ڕاستی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە ئەوەیە كە ئایا ئامرازەكە لە ڕووكەش و ڕواڵەتدا، تاچەند دیاردەكە دەپێوێت . بۆ ئەم مەبەستەش بڕگە و پرسیارەكان، پیشانی چەند كەسێكی پسپۆڕ و شارەزای بوارەكە ئەدرێت، بۆئەوەی ڕای خۆیان لەسەر یەكە بە یەكەی دەرببڕن ( بۆكانی،٢، ٢٠٢٠: ١٥٤)، توێژەر ڕاو و بۆچوونی شارەزایان و هەڵسەنگێنەرانی ئەكادیمی ناو بوارەكەی وەرگرتووە و بڕگەكانی ئامرازی توێژینەوەكەی خستە بەر هەڵسەنگاندنی (٩) پسپۆڕ لە بوارەكانی ( پەروەردە و دەروونزانی ) و (ڕاگەیاندن) دا، پاش چارەسەركردنی وەڵامەكانی بەڕێزیان لە ڕێگەی بەكارهێنانی هاوكێشە بیركاریەكانەوە، دەركەوت ڕادەی پەسەندی كۆی بڕگەكان دوای هەمواركردنەوەی ئەو بڕگانەی تێبینیان لەبارەوە درابوو (٩٦،٧٤٪) بوو، كە ئەمەش ئاستێكی بەرزی ڕاستی ڕواڵەتییە، جیگەی باسە هیچ كۆدەنگییەك نەبوو لەسەر ڕەتكردنەوەی هیچ كام لە بڕگەكان هەروەك لە پاشكۆی (٣) دا خراوەتە ڕوو .

**جێگیری Reliability:**

بۆ زانینی جێگیری پێوەرەكە لە كۆتا هەمواركردنەوەیدا، توێژەر هەستا بە جێبەجێ كردنی بە سەر سامپڵێك لە منداڵانی ئاستی یەكەمی باخچە جیاواز لە منداڵانی نمونەكە، كە ژمارەیان (١٥) منداڵ بوو، پاشان لە ڕێگەی بەكارهێنانی هاوكێشەی ئاماریی ئەلفا كرۆنباخەوە ( Cronbach s

Alpha) هەستا بە چارەسەرکردنی داتاکان و دیاریکردنی گونجاندنی ناوەکی ئامرازەکە، دەرکەوت کە بەهای جێگیریەکەی (٠،٧٢٩) بوو، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ جێگیری توێژینەوەکە .

٣ . ٤ . ٢ تێبینیکردن :

تێبینیکردنی باری هەڵچوونی و هەڵسوکەوتی منداڵەکانی ئاستی یەکەمی باخچەی (کازیوە) لە سەرەتای پەیوەندیکردنیان بە باخچەکە و لە کاتی هاتنیان بۆ باخچە و لە ماوەی مانەوەیان لە باخچە و بەشداریکردنیان لە یاری و چالاکیە ڕۆژانەکانی باخچە، یەکێکی دیکەیە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری کە لە لایەن توێژەرەوە پشتی پێبەستراوە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو منداڵانەی کە دڵەڕاوکێی دابڕانیان هەیە و توێژەر مەبەستیەتی بیکاتە ئەندامی گروپی ئەزموونیی توێژینەوەکە، هەروەها بە درێژایی ماوەی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە تێبینیکردن ئامرازێکی سەرەکیبووە لە ئاراستەکردن و هەموارکردنەوەی پێویستی ڕێوشوێنە پەیڕەوکراوەکان، بە گشتی ئەو هەڵوێستانەی تێبینیکرن و تۆمارکردنیان جەختی لەسەر دەکرایەوە بریتی بوون لە (گریانی منداڵ لە کاتی هاتنیان بۆ باخچە، خۆهەڵواسین بە باوەشی باوان و دەستلێنەبونەوەی لێیان، باوەشکردن بە قاچ و کەمەری باواندا و ڕێگرتن لە ڕۆشتنیان، بەشدارینەکردن لە بازنەی بەیانیان دا، بەشدارینەکردن لە چالاکیەکانی یاریکردن و گۆرانی گوتن، دروستنەکردنی هاوڕێیەتیی .....هتد) .

٣ . ٤ . ٣ ناوەرۆکە بەکارهاتووەکان :

ئەو ناوەرۆکانەی کە لە ڕێگەی ئامرازی مەڵتی میدیاوە گواسترانەوە بۆ منداڵان بریتی بوو لە (٨) ڤیدیۆی وەرگێڕدراو، کە بە تایبەت بۆ ڕێنمایکردنی منداڵان و ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لە لایەن ناوەندە چارەسەرکارە دەروونییە جیهانییەکانەوە ئامادەکراون، توێژەر لە پێگەی ئەلەکترۆنی (YouTube) توانیویەتی دەستی پێیان بگات و وەریانبگێڕێتە سەر زمانی کوردی .

**راستی Validity:**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستیی بۆ ناوەڕۆکە بەکارهاتووەکان، توێژەر  ڕێگای ڕاستیی وەرگێڕانی وەك ڕێکارێك گرتە بەر .

ڕاستی وەرگێڕان بۆ ناوەڕۆکی ڤیدیۆ بەکارهاتووەکان :

ناوەڕۆکی ئەو ڤیدیۆیانەی کە توێژەر لە ڕێگەی مەڵتی میدیاوە بۆ منداڵانی نمایش دەکات تایبەت بوون بە دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە و پێشتر لە لایەن ناوەند و پەیمانگا دەرەوونیە بیانیەکانەوە ئامادەکرابوون، لەبەر ئەوە تەنها ڕاستی وەرگێڕانیان بۆ ئەنجامدرا، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر دەقی ئنگلیزی ڕەسەنی ناوەرۆکی ڤیدیۆکان خستە بەر دەست سێ شارەزای زمانەوانی لە هەردوو زمانەکەدا وەك لە پاشکۆی (٧) دا خراوەتە ڕوو، شارەزای یەکەم دەقە ڕەسەنە ئنگلیزییەکەی وەرگێڕایەوە سەر زمانی کوردی و، شارەزای دووەمیش دەقە کوردییەکەی دووبارە بۆ ئنگلیزی وەرگێڕایەوە، دواجار شارەزای سێیەم هەردوو دەقە ڕەسەن و دەقە وەرگێڕدراوەکەی شارەزای دووەمی بەراوورد کرد و، نزیکی هەردوو دەقەکە لە یەکدی ڕاستی وەرگێڕانی ناوەڕۆکی ڤیدیۆ بەکارهاتووەکانی سەلماند، بەو شێوەیەی کە لە پاشکۆی (٨) دا خراونەتە ڕوو .

## ٣ . ٥ جێبەجێکردن :

پاش گرتنەبەری ڕێکاریەکانی ڕێگەپێدان وەك لە پاشکۆی (١) دا خراوەتە ڕوو، توێژەر بە هەماهەنگی لەگەڵ کارگێڕی باخچەی کازیوە، ڕێککەوتن کە ڕۆژی (٢٠٢٢/١٠/١) وەك یەکەم ڕۆژی جێبەجێکردن کرداری دەستنیشان بکرێت، بەو پێیەی کە تێپەڕینی (١٤) ڕۆژ بەسەر بەردەوامی دڵەڕاوکێ و نەگونجانی منداڵ لەگەڵ ژینگەی باخچەدا، یەکێکە لە مەرجەکانی ئەژمارکردنی ئەو دڵەڕاوکێیە بە دڵەڕاوکێی دابڕان، دانیشتنەکان بۆ ماوەی (١٢) ڕۆژی یەك لە دوای یەك بەردەوام بوون جگە لە ڕۆژی هەینی کە پشووی فەرمیە، هەموو ڕۆژێك بۆ ماوەی نیو کاتژمێر توێژەر چالاکیە کردەییەکانی خۆی ئەنجامدەدا، کە لە کاتژمێر (٩) لە پاش ئەنجامدانی بازنەی بەیانیانی باخچەوە دەستی پێدەکرد، وەك لە پاشکۆی (٩) دا خراوەتە ڕوو .

## ٣ . ٦ کەرەستە ئامارییەکان :

توێژەر بۆ چارەسەرکردنی زانیارییەکانی سوودی لەبەکارهێنانی گورزەی ئاماری زانستە کۆمەڵایەتیەکان (SPSS) وەرگرتووە، کە ئەوانیش بریتین لە :

١. تاقیکردنەوەی تائی یەك نموونە (One Sample T-test) بۆ دیاریکردنی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا .

$$t = \frac{\bar{x} - \mu}{\frac{S}{\sqrt{N}}}$$

٢. تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی پێکەوەبەستراو (Paired-Samples T-test) بۆدیاریکردنی جیاوازەی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی، بەمەبەستی دیاریکردنی ئاستی کاریگەریی مەڵتی میدیا لە ڕواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان .

$$t = \frac{\sum d}{\sqrt{\frac{n(\sum d^{٢}) - (\sum d)}{n - ١}}}$$

٣. هاوکێشەی (Cohen) بۆ دیاریکردنی قەبارەی کاریگەریی بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لە ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی نمونەکە .

$$d = \frac{\tilde{x}_{١} - \tilde{x}_{٢}}{\sigma}$$

٤. تاقیکردنەوەی تائی دوو نموونەی سەربەست (Independent Samples T-test) بۆ دیاریکردنی کاریگەریی گۆڕاوی ڕەگەز و پیشەی دایك لەسەر ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە

$$t = \frac{(\tilde{x}_{١} - \tilde{x}_{٢}) - (\mu_{١} - \mu_{٢})}{\sqrt{\frac{s_{١}^{٢}}{n_{١}} + \frac{s_{٢}^{٢}}{n_{٢}}}}$$

٥. هاوکێشەی (One way ANOVA) بۆ دەسنیشان کردنی بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بە گوێرەی گۆڕاوەکانی (ڕیزبەندی منداڵ و ئاستی بڕوانامەی دایك ) .

$$SS = \sum (X - X^{-})^{٢} = \sum X^{٢} - \frac{(\sum X)^{٢}}{N}$$

٦. هاوکێشەی ئاماری ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach s Alpha ) بۆ دۆزینەوەی ئاستی جێگیری پێوەرەکە .

$$a = \frac{N \,.\, \tilde{r}}{١ + (N - ١) \,.\, \tilde{r}}$$

# بەشـــــــی چوارەم

۳. خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

٤ . ۱ ئەنـــجـامەکان

٤ . ۲ دەرئەنـجامەکان

٤ . ۳ ڕاســـــپاردەکان

٤ . ٤ پــــێشـنیارەکان

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

### ٤ . ١ ئەنجامەکان :

بەدیهێنانی ئامانجی یەکەم :

به مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە کە بریتیە لە زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە، توێژەر تاقیکردنەوەی دروستیی بۆ گریمانەی یەکەمی توێژینەوەکە ئەنجامدا کە لە دەقی گریمانەی یەکەمی توێژینەوەکەدا هاتووە (جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ناوەندی ژمێرەییدایە)، بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاستی ئەم گریمانەیە توێژەر هەستا بە چارەسەرکردنی زانیارییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماریی (SPSS)، ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی و بەهای (T) هەژمارکراو دۆزرایەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (One Sample T-Test) بە پشتبەستن بە ناوەندی گریمانەی بۆ تاقیکردنەوەکە کە بە (٨٢) دیاریکرا .

خشتەی (٣)

ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا

| ژمارە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای (ت) هەژمارکراو | خشتەیی | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٠ | ٨٨،١٠ | ٧،٨١٤ | ٨٢ | ٤،٢٧٦ | ١،٦٩٩ | ٢٩ | ٠،٠٥ |

وەك لە خشتەی (٣) ئاماژەی پێدراوە  ناوەندی ژمێرەیی بریتیە لە (٨٨،١٠) بە لادانی پێوەری (٧،٨١٤)، بەو پێیەی کە بەهای (ت) هەژمارکراو دەکاتە (٤،٢٧٦) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە (١،٦٩٩) لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) بە نمرەی ئازادی (٢٩)، واتای وایە کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە نێوان هەردوو ناوەندی گریمانەی و ناوەندی ژمێرەیدا، جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی ناوەندی ژمێرەیدایە بەو پێیەی گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بڵاوی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە و سەلمێنەری دروستی گریمانەی

یەکەمی توێژینەوەکەیە، هەروەها هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (کبداني و ملال : ٢٠١٧) و ( ناصر :٢٠١٧) و(Ruar & Quimson : ٢٠١٨) .

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی منداڵ و ئامادەگی بۆ توشبوون بە دڵەڕاوکێی دابڕان و کاریگەر بوونی بە جیابوونەوەی لە دایك و ئەندامانی خێزانەکەی و ژینگەی ماڵەوە، هەروەها ئامادەنەکردنی منداڵ بۆ ئەو دابڕانە و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دۆخە هاوشێوەکانی چوون بۆ باخچە و مانەوە بە تەنها بۆ ماوەیەك لە شوێنێك دوور لە کەسە ئاشنا و نزیکەکانی خۆی و لاوازی متمانە بەخۆبوون و پشت بەخۆ بەستن لای منداڵ .

بەدیهێنانی ئامانجی دووەم :

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە کە بریتیبە لە زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لە ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە، توێژەر تاقیکردنەوەی دروستیی بۆ گریمانەی دووەمی توێژینەوەکە ئەنجامدا کە لە دەقەکەیدا هاتووە (جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی بەدەستهاتوو لە تاقیکردنەوی پێشەکی و پاشەکی لای گروپی ئەزموونی، جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پێشەکیدایە ) . بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (T) بۆ جیاوازی نمرەی بەدەست هاتوو لە هەردوو تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گرووپی ئەزموونی دۆزراوەتەوە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Paired Samples T-test) .

خشتەی (٤)

(T . test) بۆ نمرەکانی پێشەکی و پاشەکی پێوەری دڵەڕاوکێی دابڕان

| ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ٣٠ | ٨٣٣. ٢٨ | ٣٢٦. ١٠ | ٢٩٤. ١٥ | ٠٤٨. ٢ | ٢٩ | ٠،٠٥ |

وەك لە خشتەی (٤) ئاماژەی پێدراوە ناوەندی ژمێرەیی (٢٨،٨٣٣) بە لادانی پێوەری (١٠،٣٢٦)، بەهای (ت) هەژمارکراو دەکاتە (١٥،٢٩٤) کە گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە (٢،٠٤٨) بوو لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) بە نمرەی ئازادی (٢٩)، ئەمەش ئاماژەیە بۆبوونی جیاوازی بەڵگەداری

ئاماریی لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥)، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پێشەکیدایە بەو پێیەی کە ناوەندی ژمێرەی تاقیکردنەوەی پاشەکی (٥٩،٢٧) و بچوکترە لە نێوەندە ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشەکی کە (٨٨،١٠) یە وەك لە خشتەی (٤) خراوەتەڕوو، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵان لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا زۆرترە بە بەراوورد بە تاقیکردنەوەی پاشەکی، کە دەرخەری ئەوەیە بەکارهێنانی مەڵتی میدیا کاریگەریی هەیە لە سەر ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی نموونەی توێژینەوەکە، سەلمێنەری دروستی گریمانەی دووەمی توێژینەوەکەیە و هاوتایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (منصور : ٢٠١٨) و (حمید و السماحي :٢٠٢٠) و (رياض و عياط :٢٠٢١) ، کە جەختیان لەسەر کاریگەریی مەڵتی میدیا کردۆتەوە لەڕووی توانای ئەرێنی لە ئاراستەکردن و بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکانەوە لە ناوەندەکانی باخچەی منداڵاندا . هەروەها بۆ زانینی قەبارەی ئەو کاریگەرییەی گۆڕاوی سەربەخۆ (مەڵتی میدیا) لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ (ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە) دروستی دەکات، توێژەر پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی هاوکێشەی کۆهین .

خشتەی (٥)

قەبارەی کاریگەری مەڵتی میدیا لە ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە

| گروپ | جێبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | قەبارەیی کاریگەریی | | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ٣٠ | پێشەکی | ٨٨،١٠ | ٧،٨١٤ | ٢،٧٩١ | ٠،٨ | بەرزە |
| | پاشەکی | ٥٩،٢٧ | ٦،١١٩ | | | |

وەك لە خشتەی (٥) دەردەکەوێت بەهای ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشەکی (٨٨،١٠) بە لادانی پێوەری (٧،٨١٤)، لە کاتێکدا بەهای ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پاشەکی (٥٩،٢٧) بە لادانی پێوەری (٦،١١٩)، هەروەها بەهای ژمێرەیی قەبارەی کاریگەرییەکە یەکسان بوو بە (٢،٧٩١) کە ئەمەش گەورەترە لە (٠،٨) بەو واتایەی قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوە سەربەخۆکە لە ئاستێکی بەرزدایە بە پشت بەستن بەهاوکێشەی (کۆهین) بۆ زانینی قەبارەی کاریگەریی .

هۆکاری ئەمە دەگێڕێتەوە بۆ بەهێزی کاریگەریی مەڵتی میدیا و گونجاوی لەگەڵ سروشتی منداڵاندا و بە توانایی لە وروژاندنی هەردوو هەستەوەری بینین و بیستن و سەرنج ڕاکێشیی و سەرکەوتووی لە گەیاندنی ئەو بابەتەی کە توێژەر ئامادەیکردبوو بە ئامانجی درووستکردنی گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەی منداڵ لە بارەی هەڵوێستی دابڕان و جیابوونەوەی لە باوان و پەیوەندی کردن بە باخچەوە .

<u>بەدیهێنانی ئامانجی سێیەم لقی (ا)</u> :

بە مەبەستی بەدیهێنانی لقی (ا) لە ئامانجی سێیەمی توێژینەوەکە کە بریتییە لە زانینی کاریگەری گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵ، توێژەر تاقیکردنەوەی دروستیی بۆ گریمانەی سێیەمی توێژینەوەکە ئەنجامدا کە لە دەقەکەیدا هاتووە (جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا بەگوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێدایە) . بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەستا بە دۆزینەوەی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (T) بۆ جیاوازی نمرەی بەدەست هاتوو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی گرووپی ئەزموونی لای هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Independent Samples T-test) .

خشتەی (٦)

(T-test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ لە تاقیکردنەوی پێشەکی بۆ گۆڕاوی ڕەگەز

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای ت | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| نێر | ١٥ | ٨٨،١٣ | ٨،٢٦٢ | ٠،٠٢٣ | ٢،٠٤٨ | ٢٨ | ٠،٠٥ |
| مێ | ١٥ | ٨٨،٠٧ | ٧،٦٣٠ | | | | |

وەك لە خشتەی (٦) ئاماژەی پێدراوە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێر لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا بریتییە لە (٨٨،١٣) بە لادانی پێوەری (٨،٢٦٢)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی مێ لە هەمان تاقیکردنەوەدا بریتییە لە (٨٨،٠٧) بە لادانی پێوەری (٧،٦٣٠)، بەهای (ت) هەژمارکراو دەکاتە (٠،٠٢٣) کە بچوکترە لە بەهای (T) خشتەیی کە (٢،٠٤٨) بوو لە ئاستی

بەڵگەداری (٠،٠٥) بە نمرەی ئازادی (٢٨)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا، بەو واتایەی کە گۆڕاوی ڕەگەز هیچ کاریگەرییەکی نییە لە سەر ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە . ئەمەش پێچەوانەی گریمانەی سێیەمی توێژینەوەکە و پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی ( ناصر :٢٠١٧)، کە دەریخستبوو دڵەڕاوکێی دابڕان لە لای ڕەگەزی مێ زیاترە وەك لە لای ڕەگەزی نێر .

هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دڵەڕاوکێی دابڕان بارێکی هەڵچوونی تایبەت نییە بە یەکێك لە دوو ڕەگەزەکە، بەڵکو هاوبەشە لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا و لە ناو منداڵانی هەردوو ڕەگەزدا بڵاوە و پەیوەندی بە سروشتی منداڵیی و وابەستەییان بە باوانیانەوە هەیە، بەو پێیەی هەردوو ڕەگەز وەك یەك تاوەکو دەگەنە ئەو قۆناغەی هەوڵی سەربەخۆبوون دەدەن وابەستەیی تەواویان بە باوان بە تایبەت بە دایکیانەوە هەیە، کەواتە دڵەڕاوکێی دابڕان لەناو هەردوو ڕەگەزەکەدا وەکو یەك بڵاوە .

<u>بەدیهێنانی ئامانجی سێیەم لقی (ب)</u> :

بە مەبەستی بەدیهێنانی لقی (ب) لە ئامانجی سێیەمی توێژینەوەکە کە بریتییە لە زانینی کاریگەری گۆڕاوی شوێنی کارکردنی دایك لەسەر ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵ، سەلماندنی دروستیی بۆ گریمانەی چوارەم بە ئەنجامگەیەندرا، لە گریمانەی چوارەمی توێژینەوەکەدا هاتووە (جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا بەگوێرەی گۆڕاوی شوێنی کار و پیشەی دایك، جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی ئەو منداڵانەیە کە دایکیان ڕۆژانە بۆ کارکردن دەچێتە دەرەوەی ماڵ) . بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەستا بە دۆزینەوەی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (T) بۆ جیاوازی نمرەی بەدەست هاتوو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی گرووپی ئەزموونی لای هەردوو گرووپی منداڵی دایکانی کابانی ماڵ و منداڵی دایکانی کارکەر لە دەرەوەی ماڵ بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (Independent Samples T-test) .

خشتەی (٧)

(T-test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ لە تاقیکردنەوی پێشەکی بۆ گۆڕاوی شوێنی کاری دایك

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای ت | | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| کابانی ماڵ | ٢٤ | ٨٦،٤٢ | ٧،٠٤٦ | ٢،٥٨٠ | ٢،٠٤٨ | ٢٨ | ٠،٠٥ |
| کارکردن لە دەرەوەی ماڵ | ٦ | ٩٤،٨٣ | ٧،٦٠٠ | | | | |

وەك لە خشتەی (٧) ئاماژەی پێدراوە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ئەو منداڵانەی کە دایکیان کابانی ماڵە لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا (٨٦،٤٢) بە لادانی پێوەری (٧،٠٤٦) بووە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ئەو منداڵانەی کە دایکیان بۆ کارکردن دەچێتە دەرەوەی ماڵ لە هەمان تاقیکردنەوەدا (٩٤،٨٣) بووە بە لادانی پێوەری (٧،٦٠٠)، بەهای (ت) هەژمارکراو بریتی بوو لە (٢،٥٨٠) کە گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی کە (٢،٠٤٨) بوو لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) بە نمرەی ئازادی (٢٨)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی لە نێوان هەردوو گروپدا و، جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندی گروپی ئەو منداڵانەیە کە دایکیان بۆ کارکردن دەچێتە دەرەوەی ماڵ بەو پێیەی کە ناوەندە ژمێرەییان بەرزترە، بەو واتایەی کە ئەو منداڵانەی ئاستی یەکەمی باخچە کە دایکیان ڕۆژانە ناچارە بۆ کارکردن بچێتە دەرەوەی ماڵ دڵەڕاوکێی دابڕانیان لە ئاستێکی بەرزتردایە بە بەراوورد بەو منداڵانەی کە دایکیان هەمیشە لە ناو ماڵدایە و لە گەڵیاندایە، ئەمەش سەلمێنەری دروستی گریمانەی چوارەمی توێژینەوەکەیە .

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو منداڵانەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەزموونی جێهێشتن و دابڕان دەبنەوە، هەموو کات ترسی ئەوەیان هەیە کە دایکیان بەجێیان بهێڵێت و ڕووبەڕووی هەڵویستەکانی دابڕان ببنەوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو منداڵانە جێدەهێڵرێن بەو ئومێدەی کە لەگەڵ دۆخەکەدا ڕابێن و هیچ کات هەوڵی ڕەواندنەوە و چارەسەرکردن دڵەڕاوکێکانیان نەدراوە، بەڵکو ڕۆژانە بە ناچاری دۆخەکەیان بەسەردا دووبارە دەبێتەوە .

بەدیهێنانی ئامانجی سێیەم لقی (ج) :

به مەبەستی بەدیهێنانی لقی (ج) له ئامانجی سێیەمی توێژینەوەکه کە بریتییە لە زانینی کاریگەری گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ له خێزاندا لەسەر ئاستی دڵەڕاوكێی دابڕان لای منداڵ، توێژەر تاقیکردنەوەی دروستیی بۆ گریمانەی پێنجەمی توێژینەوەکه ئەنجامدا، که دەقی گریمانەی پێنجەمی توێژینەوەکه دەڵێت (جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی هەیە له ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی له تاقیکردنەوەی پێشەکیدا بەگوێرەی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ، جیاوازییەکەش له بەرژەوەندی منداڵانی بێ خوشك و برادایە) . بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەستا بە دۆزینەوەی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (F) بۆ جیاوازی نمرەی بەدەست هاتوو له تاقیکردنەوەی پێشەکی لای تاکەکانی گرووپی ئەزموونی کە بە گوێرەی ڕیزبەندییان لە ناو خێزانەکانیاندا دابەش ببوون بۆ منداڵی (یەکەم، ناوەند، کۆتایی، تاقانە، بێ خوشك و برا)، بۆ زانینی جیاوازی نێوانیان توێژەر شیکاری جیاوازیی یەك ئاراستەی(One Way ANOVA) بەکارهێنا بە پشتبەستن بە بەرنامەی (SPSS)، وەك لە خشتەی (٨) دا ئاماژەیی پێدراوە .

خشتەی (٨)

(One Way ANOVA) له تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای F | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| منداڵی یەکەم | ٧ | ٨٧،٥٧ | ٨،٧٣٤ | ٢٥ | ١،٩٦١ | ٢،٧٥٩ | ٠،٠٥ |
| منداڵی ناوەند | ٧ | ٨٦،٥٧ | ٣،٢٥٩ | | | | |
| منداڵی کۆتایی | ٧ | ٨٤،٨٦ | ٧،١٧٥ | | | | |
| منداڵی تاقانه | ٤ | ٨٧،٢٥ | ١٠،٣٧٢ | | | | |
| منداڵی بێ خوشك و برا | ٥ | ٩٦،٢٠ | ٦،٩٧٩ | | | | |

وەك لە خشتەی (٨) دا دەردەکەوێت بەهای (F) هەژمارکراو یەکسانە بە (١،٩٦١) بە نمرەی ئازادیی (٢٥) و لە ئاستی بەڵگەداریی (٠،٠٥) و بچوکترە لە بەهای (F) خشتەیی (٢،٧٥٩)، بەو واتایەی جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی نیە لە ئاستی دڵەڕاوكێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە بە پێی گۆڕاوی ڕیزبەندی منداڵ، ئەمەش پێچەوانەی گریمانەی پێنجەمی توێژینەوەکەیە .

هۆکاری ئەمە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە منداڵ هەموو کات لە ژێر کاریگەریی ئەو پەیوەستیەدایە کە بە دایك و ئەندامانی خێزانەکەیەوە هەیەتی و دابڕان و جیابونەوەی لێیان تووشی دڵەڕاوکێی دابڕانی دەکات، بوونی خوشك و برا یا خود ڕیزبەندی و پێگەی لە ناو خێزاندا ناتوانێت لە کاریگەریی ئەو پەیوەست بوونە کەمبکاتەوە کە هەیەتی، ڕەنگە گەر کۆتا منداڵ بێت و خوشك و برایی گەورەی هەبێت، ئەم پەیوەستیەی بۆ ئەو خوشك و برا گەورەیەی ببێتە مایەی دڵەڕاوکێی دابڕان، وە گەر تاقانە، یا بێ خوشك و برا، یاخود یەکەم منداڵیش بێت ئەم پەیوەستییە ڕاستەوخۆ بە دایکەوە توشی هەمان گرفتی دەکات .

<u>بەدیهێنانی ئامانجی سێیەم لقی (د)</u> :

بە مەبەستی بەدیهێنانی لقی (د) لە ئاماجی سێیەمی توێژینەوەکە کە بریتییە لە زانینی کاریگەری گۆڕاوی ئاستی بڕوانامەی دایك لەسەر ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵ، توێژەر تاقیکردنەوەی دروستیی بۆ گریمانەی شەشەمی توێژینەوەکە ئەنجامدا کە لە دەقی گریمانەکەدا هاتووە (جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی نیە لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکیدا بەگوێرەی گۆڕاوی بڕوانامەی دایك)، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەستا بە دۆزینەوەی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای (F) بۆ جیاوازی نمرەی بەدەست هاتوو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی لای تاکەکانی گرووپی ئەزموونی کە بە گوێرەی بڕوانامەی دایك دابەش ببوون بۆ (بێ بڕوانامە، سەرەتایی، ناوەندیی، ئامادەیی، دبلۆم، بەکالۆریۆس)، بۆ زانینی جیاوازی نێوانیان توێژەر دووبارە شیکاری جیاوازیی یەك ئاراستەی ( One Way ANOVA) بەکارهێنا بە پشتبەستن بە بەرنامەی (SPSS)، وەك لە خشتەی (٩) دا ئاماژەیی پێدراوە .

خشتەی (٩)

لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ گۆڕاوی بڕوانامەی دایك (One Way ANOVA)

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای F هەژمارکراو | بەهای F خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بێ بڕوانامە | ٤ | ٩٢،٢٥ | ٨،٦٥٥ | ٢٤ | ١،٨٤٠ | ٢،٥٠٨ | ٠،٠٥ |
| سەرەتایی | ٤ | ٩٤،٢٥ | ٨،٠٥٧ | | | | |
| ناوەندی | ٤ | ٨١،٥٠ | ٢،٦٤٦ | | | | |
| ئامادەیی | ٥ | ٨٤،٤٠ | ٣،٨٤٧ | | | | |
| دبلۆم | ٨ | ٨٧،٢٥ | ٨،٩٢٤ | | | | |
| بەکالۆریۆس | ٥ | ٩٠،٢٠ | ٧،٤٦٣ | | | | |

وەك لە خشتەی (٩) دا دەردەکەوێت بەهای (F) هەژمارکراو یەکسانە بە (١،٨٤٠) بە نمرەی ئازادیی (٢٤) و لە ئاستی بەڵگەداریی (٠،٠٥) و بچوکترە لە بەهای (F) خشتەیی (٢،٥٠٨)، بەو واتایەی جیاوازی بەڵگەداری ئامارێی نیە لە ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە بە پێی گۆڕاوی بڕوانامەی دایك، کە ئەمەش سەلمێنەری دروستی گریمانەی شەشەمی توێژینەوەکەیە .

هۆکاری ئەوەی کە ئاستی بڕوانامەی دایك نەیتوانیوە کاریگەریی هەبێت لەسەر ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵەکانیان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بڕوانامە ناتوانێت بە تاکە پێوەر بۆ ئاستی ڕۆشنبیری مرۆڤەکان سەیربکرێت، کارکردن لەسەر باری دەروونی منداڵان و پاراستنی لە گرفتی دڵەڕاوکێی دابڕان و هاوشێوەکانی ئەم گرفتە پێویستی بە ئاستێکی هۆشیاری و ڕۆشنبیری بەرز هەیە کە مەرج نییە بە هەبوونی بڕوانامە بەدەست بێت .

## ٤ . ٢ دەرئەنجام :

لەبەر ڕۆشنای ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە :

١. دڵەڕاوکیی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە بوونی هەیە و گرفتێکی بەربڵاوە لە ناویاندا .
٢. بەکارهێنانی مەڵتی میدیا کاریگەریی هەیە لەسەر ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە .
٣. گۆڕاوی ڕەگەز هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر دڵەڕاوکێی دابڕان .
٤. ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای ئەو منداڵانە بەرزترە کە ڕۆژانە دایکیان بەجێیان دەهێڵن و بۆ کارکردن دەچنە دەرەوەی ماڵ .
٥. پێگە و ڕیزبەندی منداڵ هیچ کاریگەرییەکی نییە لە سەر ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە .
٦. بڕوانامەی دایك هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی نییە لەسەر دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی ئاستی یەکەمی باخچە .

## ٤ . ٣ ڕاسپاردەکان :

بە لەبەرچاوگرتنی ئەنجامە بەدیهاتوەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خستەڕوو :

١. ئاشناکردنی دایکان بە چەمکی دڵەڕاوکێی دابڕان و هۆکار و چارەسەریەکانی، لە سەرەتای پەیوەندی کردنی منداڵەکانیان بە باخچەی منداڵانەوە، ئەمەش لە میانەی ڕێکخستنی کۆڕ و کۆبونەوە و سیمینار لە لایەن بەڕێوبەر و توێژەری باخچەکانەوە .
٢. ئاشناکردنی مامۆستایانی باخچە بە چەمکی دڵەڕاوکێی دابڕان و هۆکار و چارەسەرییەکانی، لە ڕێگەی ئەنجامدانی سیمینار و خولی زانستی و ڕێکخستنی کۆڕ و چالاکی تایبەت لە بارەیەوە، ئەمەش لە ڕێگەی هۆبە و بەشی تایبەت بە باخچەکان لە ناو بەڕێوبەرایەتیەکانی پەروەردەکاندا .
٣. کارئاسانیکردن و ڕەخساندنی ئامراز و تەکنەلۆجیای پێویست لە لایەن وەزارەتی پەروەردە و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بۆ برەودان بە بەکارهێنانێکی چالاکانەی مەڵتی میدیا وەك ئامرازێکی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە باخچەکاندا .

٤. دیاریکردنی دوو هەفتەی دەستپێکی ساڵی خوێندن لە باخچەکاندا بۆ ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە، لە ڕێی ئەنجامدانی چالاکی هەمەچەشن و سەرنجڕاکێش لە لایەن مامۆستا و کارگێڕی .

## ٤ . ٤ پێشنیارەکان :

وەك کاری تەواوکاری بۆ ئەم توێژینەوەیە، توێژەر پێشنیاری ئەنجامدانی چەند توێژینەوەیەك دەکات کە بریتین لە:

١ . ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە بە بەکارهێنانی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنی پەروەردەی وەك شانۆی بوکەڵەکان و چیرۆکی وێنەدار، بۆ ڕێنمای کردن و ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە .

٢ . ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی ئاستی هۆشیاری مامۆستایانی باخچە سەبارەت بە دڵەڕاوکێی دابڕان و هۆکار و چارەسەریەکانی .

٣ . ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بە مەبەستی ئاشنابوون بە ئاستی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی قۆناغی یەکی بنەڕەتی .

٤ . ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لە بارەی ئاستی ئاشنایی مامۆستایانی باخچە بە مەڵتی میدیا و چۆنیەتی خستنەگەڕی لە باخچەکاندا .

## سەرچاوەکان :

### سەرچاوە کوردیەکان :


- بۆکانی، سابیر (٢٠٢٠)، **ڕێبازی توێژینەوەی زانستی،** چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- قەرەچەتانی، کریم شریف (٢٠١٠)، **نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان،** چاپی دووەم ، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی .


### سەرچاوە عەرەبیەکان :


- ابو زيد، نبيلة امين (٢٠١١)، **اضطرابات النطق و الكلام،** الطبعة الاولى، دار عالم الكتب، القاهرة .
- ابو علي، وفقي حامد (٢٠١٤)، **الطفولة المبكرة الخصائص والمشكلات،** الطبعة الاولى، مكتبة الكويت الوطنية، الكويت .
- اسماعيل، محمد عماد الدين (١٩٩٥)، **النمو من الحمل الى الرشد،** الطبعة الاولى، دار القلم، الكويت .
- اوشريف، اميرة (٢٠١٧)، **دور وسائل الاعلام في حماية حق الاتصالي للطفل في الدول النامية،** جامعة الاخوة منتوري قسنطينة، مجلة العلوم الانسانية، عدد (٤٧)، المجلد (١)، صفحات ( ٣١١-٣٢٢)، الجزائر .
- باجري، عادل منصور (٢٠١٣)، **فاعلية برنامج مقترح قائم على الوسائط المتعددة التفاعلية في تنمية بعض مهارات التفكير الناقد و الأتجاه نحو التعلم الداتي و بقاء أثر التعلم لدى طلاب الصف الأول الثانوي،** أطروحة دكتوراه المنشورة، جامعة اسيوط، كلية التربية،المجلة التربوية، العدد ٣٣، مصر .
- بهادر، سعدية محمد علي (٢٠٠٢)، **المرجع في برامج تربية الأطفال ماقبل المدرسة،** طبعة الثالثة، شركة مطابع الطواجي، قاهرة .
- بيك، جوديث (٢٠٠٧)، **العلاج المعرفي – الاسس والابعاد،** طلعت مطر، الطبعة الاولى، هيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية، المركز القومي للترجمة، القاهرة .
- تونسي، عديلة حسن طاهر (٢٠٠٢)، **القلق و الأكتأب لدى عينة من المتطلقات و غير المتطلقات في مدينة مكة المكرمة،** رسالة الماجستير المنشورة، جامعة أم القرى، كلية التربية، قسم علم النفس، مكة المكرمة .

- الحافظ، حسني عبد وفاطمة محمد البغدادي ( ٢٠٢٠)، **تجارب عالمية واقليمية برياض الاطفال . . .واقعها، وسبل الارتقاء بها،** مجلة الطفولة والتنمية، العدد (٣٩)، ص (٥٧-٧٣) .
- حمودة، محمود عبدالرحمن (١٩٩٨)، **الطفولة والمراهقة: المشكلات النفسية والعلاج،** الطبعة الثانية، دار النهظة المصرية، قاهرة .
- حميد، عبدالرحمن احمد سالم و زينب موسى السماحي (٢٠٢٠)، **فاعلية برنامج تفاعلي مقترح متعدد الوسائط قادم على (التحكم من خلال البرنامج – التحكم من خلال الفيديو) في تنمية الوعي التكنلوجي لدى طفل الروضة،** المجلة العلمية المحكمة للجمعية المصرية للكمبيوتر التعليمي، المجلد الثامن، العدد الثاني، ص (١٨١ – ٢٥٨) .
- خضر، ايمان احمد و حنان حسن ابراهيم (٢٠١٣)، **فعالية مسرح الطفل في خفض القلق اكتئاب الموهبة لدى طفل الروضة السعودي،** جامعة المنصورة، مجلة بحوث التربية النوعية، عدد (٢٨)، ص (٣٦١ – ٣٩٨) .
- الخضر، مها عثمان عبدالله (٢٠١٦)، **استخدام الوسائط المتعددة في منهج الرياضيات واثره في تحصيل الاكاديمي لدى الطلاب الصف الاول الثانوي – المدارس النموذجية – محلية الخرطوم وسط،** جامعة السودان للعلوم والتكنلوجيا – كلية التربية، سودان .
- خليل، ليلى محمد عبدالحميد (٢٠٠٦)، **اساليب معاملة الوالدية كما يدركها الابناء و علاقتها بقلق الانفصال في مرحلة الطفولة،** الرسالة الماجستير المنشورة، جامعة الزقازيق – كلية التربية، مصر .
- دافيدوف، ليندا ل (١٩٩٢)، **مدخل علم النفس،** سيد الطواب و أخرون،طبعة الثالثة، الدار الدولية للنشر و التوزيع، القاهرة .
- ربيع، فاطمة صابر علي (٢٠١٢)، **فعالية برنامج باستخدام انشطة فنية لخفض بعض مظاهر قلق الانفصال عن الاسرة لدى عينة من اطفال المستوى الاول بالروضة،** رسالة الماجستير المنشورة، جامعة بور سعيد، مجلة كلية التربية، العدد الثاني عشر، ص (٧١٥ – ٧٣٣) .
- رياض، نهى مرتضى و جهاد طه عياط (٢٠٢١)، **برنامج وسائط متعددة لتنمية الوعي الصحي واثره على التعايش الامن لدى طفل الروضة في ظل جائحة كورونا،** جامعة اسيوط – كلية التربية للطفولة المبكرة، ادارة البحوث والنشر العلمي (المجة العلمية) .
- الزعبي، احمد محمد (٢٠٠٥)، **مشكلات الاطفال النفسية والسلوكية،** الطبعة الاولى، دار الفكر دمشق، دمشق .

- الزعبي، لؤي (٢٠٢٠)، **الوسائط المتعددة،** من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، السورية .
- زهران، حامد عبدالسلام (١٩٨٦)، **علم نفس النمو (الطفولة و المراهقة)،** طبعة خامسة، دار المعارف، قاهرة .
- الزهراني، علي بن أبراهيم سعيد (٢٠١٨)، **فاعلية أستخدام برنامج وسائط متعددة على التحصيل في مقرر الحساب الألي لدى طلاب الصف الثالث متوسط بمدارس محافظة القرى،** المجلة العلمية بحوث و النشر العلمي، المجلد٣٤، عدد ١١، جزء ٢، جامعة أسيوط – كلية التربية، مصر .
- سليمان، علي السيد (٢٠١٥)، **سيكولوجية النمو و النمو النفسي للعاديين و ذوي الاحتياجات الخاصة،** الطبعة الاولى، دار الجوهرة للنشر، القاهرة .
- سليمان، ميار محمد محمد علي (٢٠٠٣)، **فعالية برنامج ارشادي لخفض قلق الانفصال لدى اطفال الروضة،** رسالة الماجيستر المنشورة، جامعة الزقازيق – كلية التربية، مصر .
- السيد، خلف احمد مبارك و اخرون (٢٠٢٢)، **مدى انتشار بعض اضطرابات القلق لدى عينة من تلاميذ الاعدادية،** رسالة الماجستير المنشورة، جامعة سوهاج، كلية التربية، مصر .
- شنار، فؤاد احمد محمد (٢٠٢٢)، **فاعلية برنامج ارشادي يستند الى نظرية بولبي(Bowlby) في تخفيف مستوى قلق الانفصال لدى عينة من ابناء المطلقين في قضاء ماعين،** المجلة العربية للقياس والتقويم، العدد الخامس، ص (٢٢٥ – ٢٤٨) .
- شهاب، أسراء رأفت محمد علي (٢٠٢٠)، **برنامج قائم على الوسائط المتعددة لتنمية المهارات قبل الأكاديمية لدى أطفال الروضة المعرضين لخطر الديسكالكوليا،** جامعة أسيوط، كلية التربية للطفولة المبكرة، أدارة البحوث و النشر العلمي (المجلة العلمية) .
- الشهري، عبدالعزيز عبدالرحمن محمد (٢٠١٩)، **فاعلية أستخدام برمجية وسائط متعددة في تنمية بعض مهارات حفظ القرأن الكريم لدى طلاب المرحلة الثانوية بمدارس تحفيظ القرأن الكريم في محافظة النماص،** المجلة العلمية بحوث و النشر العلمي، المجلد ٣٥، عدد ١٢، ص (٦٧٠ – ٦٩٢)، جامعة أسيوط – كلية التربية، مصر .
- شيهان، دافيد (١٩٨٨)، **مرض القلق،** عزت شعلان، سلسلة كتاب ثقافية شهرية يصدرها مجلس الوطني للثقافة والفنون و الاداب، الكويت .

- صالح، اسمى نوري (٢٠١٥)، **دور البرامج الاطفال في القنوات الفضائية العربية المتخصصة في تثقيف الطفل،** الطبعة الاولى، دار غيداء للنشر، عمان .
- الطيب، محمد عبدالظاهر واخرون (١٩٩٢)، **الطفل في المرحلة ماقبل المدرسة،** الطبعة الاولى، منشأة المعارف، الاسكندرية .
- عائشة، جقابة (٢٠١٩)، **قلق الانفصال لدى اطفال المرحلة التحضيرية،** رسالة الماجستير المنشورة، جامعة محمد بوضياف بالمسلية –كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، الجزائر .
- عبدالحميد، هند لؤي (٢٠١٩)، **وعي معلمات رياض الاطفال بحقوق الطفل،** جامعة بغداد - كلية التربية للبنات، مركز البحوث النفسية، المجلد (٣٠) العدد (٢)، بغداد .
- عبدالواحد، هند ابراهيم عبدالرسول (٢٠١٣)، **اضطراب قلق الانفصال (الام- الطفل)،** الطبعة الاولى، دار الجامعة الجديدة للنشر، الاسكندرية .
- عبيد، ماجدة بهاءالدين السيد (٢٠٠٨)، **الضغط النفسي،** الطبعة الأولى، دار صفاء للنشر و التوزيع، عمان .
- العريشي، ايمن بن علي (٢٠١٠)، **اثر توظيف الوسائط المتعددة في تدريس مادة العلوم على تحصيل تلاميذ الصف السادس الابتدائي في مدينة جازان،** رسالة الماجستير المنشورة، جامعة ام القرى –كلية التربية، السعودية .
- علي، انسام اياد (٢٠١٨)، **الاثار السلبية للتكنلوجيا الحديثة على التربية الجمالية في الرياض الاطفال،** المجلة العربية للاعلام والثقافة الطفل، العدد ٤، جامعة الديالى – مركز ابحاث الطفولة والامومة .
- علي، موسى أحمد يوسف (٢٠١٧)، **فاعلية أستخدام برمجية الوسائط المتعددة في تدريس مادة الرياضيات على التحصيل العاجل و الأجل لدى طلاب الصف الأول الثانوي،** مجلة دراسات حوض النيل، عدد (٢٠)، صفحات (٣١٦ – ٣٤٠)، القاهرة .
- علي، ناهد محمد شعبان (٢٠٢١)، **فاعلية برنامج وسائط متعددة تفاعلية لتنمية مهارات الطالبة معلمة الروضة في تصميم وانتاج الالعاب الفيزيائية للطفل،** جامعة اسيوط، كلية التربية للطفولة المبكرة، ادارة البحوث والنشر العلمي المجلة العلمية، العدد السابع .
- فرويد، انا و درثي برلنجهام (١٩٤٢)، **اطفال بلا اسر،** محمد بدران ويسى، دار الفكر العربي .
- فرويد، سيغموند (١٩٨٤)، **التحليل النفسي لرهاب الاطفال،** جورج طرابيشى، الطبعة الاولى، دار الطليعة للطباعه والنشر، بيروت .

- فكري، ايمان جمال محمد (٢٠٢٠)، **تاثير برنامج وسائط متعددة قائم على نظرية العبء المعرفي في تحسين صعوبات التعلم القرائية لدى الاطفال الروضة ذوي صعوبات التعلم،** المجلة العلمية لكلية رياض الاطفال – جامعة بورسعيد، العدد السادس عشر، ص (٩٠٠ – ١٠٠٣) .
- قنطار، فايز (١٩٩٢)، **الامومة (نمو العلاقة بين الطفل والام)،** سلسلة كتاب ثقافية شهرية يصدرها مجلس الوطني للثقافة وافنون والاداب-- الكويت .
- كركوش، فتحية (٢٠٠٨)، **سايكولوجية طفل ما قبل المدرسة،** طبعة الأولى، ديوان المطبوعات الجامعية – الجزائر .
- محمود، اميرة غريب علي (٢٠١٥)، **فاعلية برنامج متعدد الوسائط لتنمية التحصيل نحو مادة الدراسات الاجتماعية لدى التلاميذ الصم بالمرحلة الابتدائية،** مجلة كلية التربية – جامعة بورسعيد، العدد الثامن عشر .
- مخيمر، عماد محمد و علي (٢٠٠٦)، **المشكلات النفسية للاطفال بين عوامل الخطورة وطرق الوقاية والعلاج،** طبعة الاولى، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة .
- مصطفى، فهيم (٢٠٠٢)، **الطفل و مهارات التفكير في رياض الأطفال و المدرسة الأبتدائية،** طبعة الأولى، دار الفكر العربي، قاهرة .
- ملال، صافية و خديجة كبداني (٢٠١٧)، **قلق الانفصال لدى طفل الروضة في ظل بغض المتغيرات الفردية،** جامعة محمد بن احمد وهران -٢، مجلة الرواق، العدد (٠٩)، الجزائر .
- ملال، صافية و شعشوع لحسن صامت (٢٠٢٢)، **التكفل النفسي بقلق الأنفصال لدى طفل الروضة،** جامعة محمد بن أحمد – وهران، مجلة أبعاد، مجلد ٩، العدد ١، الجزائر .
- المليجي، ريهام رفعت محمد و رانيا محمد نبيل الجندي (٢٠١٧)، **فاعلية برنامج وسائط متعددة لتنمية ثقافة اطفال الروضة حول بعض المهن اليدوية وتعديل اتجاهاتهم نحوها،** جامعة اسيوط، ٩٨ كلية الرياض الاطفال، ادارة البحوث والنشر العلمي ( المحلة العلمية)، المجلد الاول – العدد الاول، ص (١١١ – ١٥٢) .
- منصور، زينب اسعد محفوظ (٢٠١٨) ، **برنامج مقترح لتنمية الثقافة السياحيت لدى طفل ما قبل المدرسة باستخدام الوسائط المتعددة في ضوء الاتجاهات العالمية الحديثة،** المجلة العربية للتربية النوعية، العدد (٥)، ص (١٠٥ – ١٦٤) .

- موسى، عبدالله بن العزيز (٢٠٠٢)، **أستخدام تقنية المعلومات و الحاسوب في التعليم الأساسي**، الطبعة الأولى، مكتب التربية العربي للدول الخليج، الرياض .
- المؤمن، داليا (٢٠٠٤)، **الاسرة والعلاج الاسري**، الطبعة الاولى، دار السحاب للنشر، القاهرة .
- ناصر، ناصر حسين (٢٠١٧)، **قلق الانفصال لدى الاطفال الملتحقين برياض الاطفال**، مجلة اوروك، العدد الثاني، المجلد العاشر، ص (٤٨١ – ٥٠٦) .
- نبهان، احمد ابراهيم احمد (٢٠٠٩)، **دور مديرات رياض الاطفال كمشرفات مقيمات في تحسين اداء المعلمات و سبل تطويره في محافظات غزة**، رسالة الماجيستر المنشورة، الجامعة الاسلامية – غزة، كلية التربية، غزة – فلسطين .
- النوايسة، أديب عبدالله محمد و أيمان طه طايع القطاونة (٢٠١٥)، **النمو اللغوي و المعرفي للطفل**، دار الأعصار العلمي للنشر و الوزيع، عمان، الأردن .
- وولمان، بنجامين . ب (٢٠٠٦)، **مخاوف الأطفال**،عبدالعزيز القوسي و محمد عبدالظاهر الطيب، الطبعة الأولى، مكتبة أنجلو المصرية، القاهرة .

سەرچاوە ئینگلیزیەکان :

- DSM4 (1994) , **Manual Diagnostique et Statistiquedes troubles mentaux** , Masson , paris .
- Ivers , Karen S . & Anne E . Barron (2002) , **Multimedia Project in Education**,Second Edition ,Liberaries Unilimited .
- M .D, Abdulrahman et al (2020) , **Multimedia tools in the teaching and learning process: A systematic review** , Cellpress , volume (6) .
- **Oxford Advanced Learner's Dictionary** (2006) , oxford university press .
- Ruar , G . Lorrybella & Liza L . Quimson (2018) , **Prevalence of Separation Anxiety Among Kindergarten Learners in Cuyapo East and West Districts** , SOUTHEAST ASIAN GOURNAL OF SCIENCE AND TECHNOLOGY , Vol 3 , Pangasinan State University .

- Shilpa , Singh and Mishra Sunit (2013) , **A Study About Role Of Media In Early Childhood Education** , International Journal of Humanities and Social Science Invention , Volume 2 , Issue6 June .
- Stemler , Luann K . (1997) , **Educational characteristics of Multimedia** , JI . of educational multimedia , volume 6 (3-4) , 339-359 , USA .
- Weiss, Itzshka &Others (2006) , **Effect of Multimedia environments on Kindergarten children's mathematical achievements and style of learning ,Educational Media International** , Vol .43 , No .1 , Bar-Ilan University , Ramat –Gan, Iseael .

# پاشـــــكۆكان

# پاشکۆی (١)

## نوسراوی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی بۆ پشتگیری کردنی توێژەر

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ

إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة السليمانية
مكتب رئيس الجامعة

Kurdistan Region – Iraq
Council of Minister
Ministry of Higher Education & Scientific Research / University of Sulaimani Presidency / President Office

ژمارە: ٧/١٩/ ١٠٣٢٣
ڕێکەوت: ١٢ / ٩ / ٢٠٢٢ ی زایینی
٢٢ / ٦ / ٢٧٢٢ ی کوردی

No./
Date: / /2022

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
[ دەرچــــــوو ]
ژمارە /
ڕۆژ /

بابەت/ پشتگیری

سڵاوی زانست ...

ئاماژە بە نوسراوی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە (٢٥٦٣/٢٩/٧) لە (٢٠٢٢/٩/١٢).

پشتگیری بەڕێز (نەبەرد محمود حمه صالح) دەکەین کە خوێندکاری خوێندنی باڵا/ ماستەرە لە بەشی (باخچەی منداڵان) لە قۆناغی نوسینی توێژینەوەکەی دایە, بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی پێویستی بە سەردانی باخچەی منداڵانی (کازیوە)ی حکومی هەیە .

داواکارین لە بەڕێزتان هاوکاری بکرێت بۆ ئەو سەردانیکردنە .

لەگەڵ ڕێزدا ...

پرۆفیسۆر
دکتۆر کۆسار محمد علی مراد
سەرۆکی زانکۆ

وێنەیەك بۆ /

- نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ .
- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی/ نوسراوی سەرەوەتان .
- دۆسیەی نوسراوی دەرچوو.

هەرێمی کوردستان ، سلێمانی ، کەمپی نوێ،
ڕێگای کەرکوک

www.univsul.edu.iq
president.office@univsul.edu.iq

Kurdistan Region, Sulaimani, New Campus,
Kirkuk Road

Azhin ١٣-Sep-22

# پاشکۆی (٢)

ئاماریی فەرمی بەشی ئاماری بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی بۆ ژمارەی منداڵانی باخچەکان لە شاری سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣

| پەروەردەی ڕۆژئاوا | |
|---|---|
| ناوی باخچە | ژمارەی منداڵان |
| باخچەی منداڵانی سەرچنار | ١١٧ |
| باخچەی منداڵانی پەپولە | ٢٥٧ |
| باخچەی منداڵانی گوڵ | ٢٢٤ |
| باخچەی منداڵانی تاڤگە | ٣٠٤ |
| باخچەی منداڵانی لانک | ٢٥٦ |
| باخچەی منداڵانی شانۆ | ١٦٧ |
| باخچەی منداڵانی نێرگز | ٢١٠ |
| باخچەی منداڵانی شاهین | ١٥٦ |
| باخچەی منداڵانی زیوا | ٣٢٩ |
| باخچەی منداڵانی شادی | ٢٤٥ |
| باخچەی منداڵانی شۆخان | ٤٨١ |
| باخچەی منداڵانی کازیوە | ٢٠٨ |
| باخچەی منداڵانی خونچە | ١٠٨ |
| باخچەی منداڵانی ئاورنگ | ٢٢٥ |
| باخچەی منداڵانی هەنگ | ١٨١ |
| باخچەی منداڵانی شێخ جمال شێخ ڕشید | ٢٦٠ |
| باخچەی منداڵانی هەرمێ | ٢١٦ |
| باخچەی منداڵانی خەندە | ٢٨١ |
| باخچەی منداڵانی تەرزە | ٢٧٠ |
| باخچەی منداڵانی پەری | ١٨١ |
| باخچەی منداڵانی زێرینە | ٧ |
| باخچەی منداڵانی بەکرەجۆ | ٢٦٨ |
| باخچەی منداڵانی هەنار | ١٣٠ |
| باخچەی منداڵانی گەزۆ | ١٢٨ |
| باخچەی منداڵانی زەماوەند | ٤٤ |
| باخچەی منداڵانی ئامانج | ٢١٨ |
| باخچەی منداڵانی ڕەنگ | ١١٥ |
| باخچەی منداڵانی ڕەز | ١١١ |
| باخچەی منداڵانی بەردەقارەمان | ١٨٩ |
| باخچەی منداڵانی لیسی شمیدت | ٢٨٩ |
| باخچەی منداڵانی ئامێز | ٥٩ |
| باخچەی منداڵانی دەروازە | ٣٤٤ |
| باخچەی منداڵانی ترێ | ٣٦٧ |
| باخچەی منداڵانی تەیناڵ | ٧٦ |
| باخچەی منداڵانی چنار | ٣١٨ |
| باخچەی منداڵانی خۆر | ٢٣٦ |
| باخچەی منداڵانی دایک | ١٦٣ |
| ئەختەری سام ئاغا | ٣٠٥ |
| کۆمەڵگای سامی حسین ناظم ی باخچە | ١٠٠ |
| کۆی گشتی | ٨١٤٣ |

| پەروەردەی ڕۆژئاوا | |
|---|---|
| ناوی باخچە | ژمارەی منداڵان |
| باخچەی منداڵانی ئەرخەوان | ٢٩٢ |
| باخچەی منداڵانی ئەستێرە | ٣٥٠ |
| سەنتەری نێرگز منالًی خاوەن پێداویستی | ٢٧ |
| باخچەی منداڵانی چراخان | ٣٩٧ |
| باخچەی منداڵانی عەربەت | ١١٥ |
| باخچەی منداڵانی ناز | ٤١٨ |
| باخچەی منداڵانی ئامێز | ٢٧٨ |
| باخچەی منداڵانی ئاوێزە | ٢٦١ |
| باخچەی منداڵانی ئەختەر محمد علی بەگ | ٣١٧ |
| باخچەی منداڵانی پەلکە زێڕینە | ٢٠٣ |
| باخچەی منداڵانی دڵسۆزی | ٣٦٠ |
| باخچەی منداڵانی سلێمانی | ٤٠٧ |
| باخچەی منداڵانی وێنا | ٣٥٢ |
| باخچەی منداڵانی سارا | ٩١ |
| باخچەی منداڵانی شاری ڕۆشنبیران | ٢٢٠ |
| باخچەی منداڵانی دیلان ستی | ٣٤٩ |
| کۆی گشتی | ٤٤٣٧ |

## پاشکۆی (٣)

فۆرمی ڕاپرسی شارەزایان

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی / کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی باخچەی منداڵان

خوێندنی باڵا / ماستەر

بەڕێز . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

سڵاوی زانست . . . . . .

ئەو فۆرمەی لە بەردەستتدایە بەشێکە لە توێژینەوەیەکی ئەزموونی بە ناونیشانی **(کاریگەریی بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لەسەر ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی )** کە بژاردەی بڕگەکانی بریتیە لە ( زۆرجار، هەندێك جار، هەرگیز )، بەڕێزتان بەو پێیەی پسپۆڕ و شارەزان لە بوارەکەدا، داواکارین ئەرك بکێشن بە خوێندنەوەی بڕگەکانی و پاشان دەوڵەمەندکردنی لە ڕێی سەرنج و تێبینیەکانتانەوە، هاوکاریتان مایەی ڕێز و پێزانینە و خزمەتە بە توێژینەوەی زانستی .

دڵەڕاوکێی دابڕان : ترس و دڵەڕاوکێیەکی زیادەڕەوی تیاکراو و نەگونجاوە کە بەهۆی دابڕان لە ماڵ و کەسانی پێوە پەیوەستەوە دروست دەبێت .
مەڵتی میدیا : چەمکێکە بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەدان بە یەکگرتنی ئەو بەرنامە و ئامێرانەی کە بوار دەدەن بە بەکارهێنەر بۆ سوود وەرگرتن لە دەق و وێنە و دەنگ و وێنەی جوڵاو و پارچە ڤیدیۆکان لە یەککاتدا .

ناوی سیانی: پسپسۆڕی :

نازناوی زانستی: شوێنی کار:

توێژەر : نەبەرد محمود حمەصالح

سەرپەرشتیاری دووەم

پ .ی . د . یۆهان عثمان

سەرپەرشتیاری یەکەم

پ .د . نیان نامق صابر

| ژ | برگەکان | شیاو | نەشیاو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم هەست بە ئازاری ناوسك دەکات . | | | |
| ٢ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم هەست بە ئازاری سەری دەکات . | | | |
| ٣ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم هەست بە هێڵەنج و دڵتێکەڵهاتن دەکات . | | | |
| ٤ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم هەست بە ئازاری قوڕگی دەکات . | | | |
| ٥ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم هەست بە توندی لێدانەکانی دڵی دەکات . | | | |
| ٦ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم هەست بە گێژبون و سەرسوڕان دەکات . | | | |
| ٧ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم نیشانەکانی ئەنفلۆنزای تێدا دەردەکەوێت | | | |
| ٨ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم توشی بورانەوە و لە هۆشخۆچون هاتووە . | | | |
| ٩ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم بەردەوامی زۆر دەدات بە گریان . | | | |
| ١٠ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم بە دۆخی تورەبوندا تێدەپەڕێت . | | | |
| ١١ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم کتوپڕ گرنگیدانی بۆ شتەکان نامێنێت . | | | |
| ١٢ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکان پاشەکشە دەکات . | | | |
| ١٣ | منداڵەکەم لە هەموو شوێنێکی تاریك دەترسێت . | | | |
| ١٤ | منداڵەکەم دەڵێت هەست ئەکەم دوو چاو سەیرم دەکات لەو دیوی پەنجەرەکەوە . | | | |
| ١٥ | منداڵەکەم دەڵێت ژورەکەم دێوی ترسناکی لێیە . | | | |
| ١٦ | منداڵەکەم هەست دەکات کەسێك لە ژێر تەختی خەوەکەیەتی . | | | |
| ١٧ | منداڵەکەم زۆربەی کات خەمبار و دڵتەنگە . | | | |
| ١٨ | منداڵەکەم زۆربەی کات تەنهایە و حەز بە گۆشەگیری دەکات . | | | |
| ١٩ | منداڵەکەم دەیەوێت هەمووکات باسی بکەین . | | | |
| ٢٠ | منداڵەکەم دەیەوێت هەمووکات بایەخی پێبدرێت . [٩٦] | | | |
| ٢١ | منداڵەکەم پێی وایە ئێمە (خێزانەکەی) خۆشمان ناوێت . | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | منداڵەکەم پێی وایە خزمەکانمان خۆشیان ناوێت . | ٢٢ |
| | | | منداڵەکەم گلەیی لەوە دەکات کە کەس خۆشی ناوێت . | ٢٣ |
| | | | منداڵەکەم لە کارو باری گەورەکاندا حەز دەکات بەشداربێت . | ٢٤ |
| | | | منداڵەکەم دەیەوێت گوێبگرێت لە گفتوگۆی نێوان گەورەکان . | ٢٥ |
| | | | دەبێت یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەمان بەردەوام چاودێری منداڵەکەم بکات . | ٢٦ |
| | | | منداڵەکەم بەبێ یەکێك لە ئەندامانی خێزان ناچێت بۆ ماڵی هیچ هاوڕێیەکی . | ٢٧ |
| | | | منداڵەکەم بەبێ یەکێك لە ئەندامانی خێزان ناچێت بۆ ماڵی هیچ خزمێك . | ٢٨ |
| | | | منداڵەکەم لە هیچ شوێنێك بەبێ خێزانەکەی ناخەوێت . | ٢٩ |
| | | | منداڵەکەم نایەوێت بە تەنها بێت تاوەکو بە تەواوی خەوی لێدەکەوێت . | ٣٠ |
| | | | منداڵەکەم خەونی ناخۆش (ترسناك) دەبینێت . | ٣١ |
| | | | دەبێت یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەم هاوکاری منداڵەکەم بکات لە جێبەجێکردنی هەموو ئەرکێکدا . | ٣٢ |
| | | | دەبێت یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەم لەگەڵیدا بێت کاتێك دەچێتە دەستشۆری (WC) . | ٣٣ |
| | | | نایەوێت خۆی نانەکەی بخوات دەبێت یەکێك بیکات بە دەمیەوە . | ٣٤ |
| | | | خۆی جلەکانی لەبەر ناکات و دەبێت یەکێك لەبەری بکات . | ٣٥ |
| | | | خۆی پێڵاوەکانی لە پێ ناکات دەبێت یەکێك لە پێی بکات . | ٣٦ |
| | | | منداڵەکەم ترسی هەیە لەوەی کە وون ببێت . | ٣٧ |
| | | | منداڵەکەم ترسی هەیە لەوەی کەسێك بیرفێنێت . | ٣٨ |
| | | | منداڵەکەم نایەوێت بڕوات بۆ باخچە . | ٣٩ |
| | | | ترسێکی بێ بنەمای هەیە لەوەی کاتێ جێی دەهێلین نەگەڕێینەوە بۆ لای . | ٤٠ |
| | | | بە تەنها لە هیچ جێگایەك هەست بە ئارامی ناکات . | ٤١ |

## پاشکۆی (٤)

## لیستی ناوی هەڵسەنگێنەرانی ڕاستی ئامرازی توێژینەوەکە بە پێی پلەی زانستییان

| ژمارە | ناوی پسپۆڕان | نازناوی زانستی | پسپۆڕی | زانکۆ | ژ.بڕگەی پەسەندکراو | ژ.بڕگەی پەسەند نەکراو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | د . سولاف فائق محمد | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | سلێمانی | ٤١ | ٠ | ١٠٠٪ |
| ٢ | د . صابر بكر مستەفا | | دەروونزانی پەروەردەیی | سلێمانی | ٤١ | ٠ | ١٠٠٪ |
| ٣ | د . نەزاکەت حمە سعید | | میدیا | سلێمانی | ٤١ | ٠ | ١٠٠٪ |
| ٤ | د .ابراهیم سعید فتح الله | | میدیا- تەلەڤزیۆن | سلێمانی | ٣٦ | ٥ | ٨٧،٨٠٪ |
| ٥ | د . عمر احمد رمضان | | میدیا | سلێمانی | ٤١ | ٠ | ١٠٠٪ |
| ٦ | د .حسن فخرالدین خالد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەروونزانی پەروەردەیی | سلێمانی | ٤١ | ٠ | ١٠٠٪ |
| ٧ | د .کاروان محمد حسن | | میدیا | سلێمانی | ٤١ | ٠ | ١٠٠٪ |
| ٨ | د . نزیرە صالح محمد | | پەروەردەی تایبەت | سلێمانی | ٣٦ | ٥ | ٨٧،٨٠٪ |
| ٩ | د .گێلاس عبدالله اسماعیل | مامۆستا | دەروونزانی پەروەردەیی | سلێمانی | ٣٩ | ٢ | ٩٥،١٢٪ |
| کۆی گشتی | | | | | ٣٥٧ | ١٢ | ٧٤.٩٦٪ |

ژمارەی تەواوی بڕگەکان (٤١) بڕگەیە، کۆی ژمارەی پسپۆڕان (٩) بوو .

کۆی گشتی بڕگەکان = ژمارەی بڕگەکان × ژمارەی پێوەران

= ٤١×٩

= ٣٦٩

کۆی گشتی بڕگە دروستەکان = ٣٥٧

کۆی گشتی بڕگە نادروستەکان = ١٢

هاوکێشەی ڕاستی ڕواڵەتی =کۆی گشتی بڕگە دروستەکان ÷ کۆی گشتی بڕگەکانی پێوەر

=٣٥٧ ÷ ٣٦٩ × ١٠٠

= ٩٦،٧٤٪

ئەم ڕێژەیەش ئاماژەیە بۆ بەرزی ئاستی ڕاستی توێژینەوەکە .

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لەبەرئەوەی هیچ بڕگەیەك ڕای زۆرینەی هەڵسەنگێنەرانی لەسەر نییە بۆ گۆڕانکاری یاخود لابردن، بڕگەکان وەك خۆیان مانەوە .

# پاشکۆی (٥)

## شێوەی کۆتایی ئامرازی توێژینەوەکە

پاش سڵاو . . . . . . . . .

دایکی ئازیز

ئەم فۆرمەی لە بەردەستی بەڕێزتاندایە، بەشێکە لە توێژینەوەیەکی زانستی بە ناونیشانی (کاریگەریی بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لە ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی)، وەك دایکی منداڵێکی ئاستی یەکەمی باخچە، داواکارم ئەرك بکێشیت بۆ خوێندنەوەی بڕگەکان و وەڵامدانەوەیان بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە و دوور لە هەر لایەنگیریەك، ئەویش بە دانانی نیشانەی (✓) بۆ وەڵامی پەسەندکراو، دڵنیابە زانیاریەکانی ناو ئەم فۆرمە تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی بەکاردەهێنرێت .

هاوکاریتان مایەی ڕێز و پێزانینە و خزمەتە بە زانست . . . . . .

- ڕەگەزی منداڵ: نێر ( ) مێ ( )
- ڕیزبەندی منداڵ : منداڵی ( )
- ئایا منداڵەکەت تاقانەیە ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

  ئایا منداڵەکەت پێشتر چووەتە دایەنگە ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )
- ئاستی بڕوانامەی دایك :

  بێ بڕوانامە ( ) سەرەتایی ( ) ناوەندی ( ) ئامادەیی ( )

  دبلۆم ( ) بەکالۆریۆس ( ) ماستەر ( ) دکتۆرا ( )
- ئاستی بڕوانامەی باوك :

  بێ بڕوانامە ( ) سەرەتایی ( ) ناوەندی ( ) ئامادەیی ( )

  دبلۆم ( ) بەکالۆریۆس ( ) ماستەر ( ) دکتۆرا ( )
- کاری دایك :

  کابانی ماڵەوە ( ) فەرمانبەر ( ) هەرکارێکی دیکە لە دەرەوەی ماڵ ( )
- ئەو کەسەی منداڵ لەگەڵی دەژی :

  دایك و باوك ( ) دایك بە تەنها ( ) باوك بە تەنها ( )

  گەر وەڵامەکەت هیچ کامیان نەبوو تکایە دیاری بکە لەگەڵ کێدا دەژی ( )

| توێژەر | سەرپەرشتیاری دووەم | سەرپەرشتیاری یەکەم |
|---|---|---|
| نەبەرد محمود حمەصالح | پ .ی . د . یۆهان عثمان | پ .د . نیان نامق صابر |

| ژ | بڕگەکان | شیاو | نەشیاو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم هەست بە ئازاری ناوسك دەكات . | | | |
| ٢ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم هەست بە ئازاری سەری دەكات . | | | |
| ٣ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم هەست بە هێڵەنج و دڵتێکەڵهاتن دەكات . | | | |
| ٤ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم هەست بە ئازاری قوڕگی دەكات . | | | |
| ٥ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم هەست بە توندی لێدانەکانی دڵی دەكات . | | | |
| ٦ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم هەست بە گێژبون و سەرسوڕان دەكات . | | | |
| ٧ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم نیشانەکانی ئەنفلۆنزای تێدا دەردەکەوێت | | | |
| ٨ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم توشی بورانەوە و لە هۆشخۆچون هاتووە . | | | |
| ٩ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم بەردەوامی زۆر دەدات بە گریان . | | | |
| ١٠ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم بە دۆخی تورەبوندا تێدەپەڕێت . | | | |
| ١١ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم کتوپڕ گرنگیدانی بۆ شتەکان نامێنێت . | | | |
| ١٢ | لە هەڵوێستەکانی دابڕاندا (یاخود لە چاوەڕوانی ڕودانیدا) منداڵەکەم لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکان پاشەکشە دەكات . | | | |
| ١٣ | منداڵەکەم لە هەموو شوێنێکی تاریك دەترسێت . | | | |
| ١٤ | منداڵەکەم دەڵێت هەست ئەکەم دوو چاو سەیرم دەکات لەو دیوی پەنجەرەکەوە . | | | |
| ١٥ | منداڵەکەم دەڵێت ژورەکەم دێوی ترسناکی لێیە . | | | |
| ١٦ | منداڵەکەم هەست دەكات کەسێك لە ژێر تەختی خەوەکەیەتی . | | | |
| ١٧ | منداڵەکەم زۆربەی کات خەمبار و دڵتەنگە . | | | |
| ١٨ | منداڵەکەم زۆربەی کات تەنهایە و حەز بە گۆشەگیری دەكات . | | | |
| ١٩ | منداڵەکەم دەیەوێت هەمووکات باسی بکەین . | | | |
| ٢٠ | منداڵەکەم دەیەوێت هەمووکات بایەخی پێبدرێت .[١٠١] | | | |
| ٢١ | منداڵەکەم پێی وایە ئێمە (خێزانەکەی) خۆشمان ناوێت . | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٢ | منداڵەکەم پێی وایە خزمەکانمان خۆشیان ناوێت . | | | |
| ٢٣ | منداڵەکەم گلەیی لەوە دەکات کە کەس خۆشی ناوێت . | | | |
| ٢٤ | منداڵەکەم لە کارو باری گەورەکاندا حەز دەکات بەشداربێت . | | | |
| ٢٥ | منداڵەکەم دەیەوێت گوێبگرێت لە گفتوگۆی نێوان گەورەکان . | | | |
| ٢٦ | دەبێت یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەمان بەردەوام چاودێری منداڵەکەم بکات . | | | |
| ٢٧ | منداڵەکەم بەبێ یەکێك لە ئەندامانی خێزان ناچێت بۆ ماڵی هیچ هاوڕێیەکی . | | | |
| ٢٨ | منداڵەکەم بەبێ یەکێك لە ئەندامانی خێزان ناچێت بۆ ماڵی هیچ خزمێك . | | | |
| ٢٩ | منداڵەکەم لە هیچ شوێنێك بەبێ خێزانەکەی ناخەوێت . | | | |
| ٣٠ | منداڵەکەم نایەوێت بە تەنها بێت تاوەکو بە تەواوی خەوی لێدەکەوێت . | | | |
| ٣١ | منداڵەکەم خەونی ناخۆش (ترسناك) دەبینێت . | | | |
| ٣٢ | دەبێت یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەم هاوکاری منداڵەکەم بکات لە جێبەجێکردنی هەموو ئەرکێکدا . | | | |
| ٣٣ | دەبێت یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەم لەگەڵیدا بێت کاتێك دەچێتە دەستشۆری (WC) . | | | |
| ٣٤ | نایەوێت خۆی نانەکەی بخوات دەبێت یەکێك بیکات بە دەمیەوە . | | | |
| ٣٥ | خۆی جلەکانی لەبەر ناکات و دەبێت یەکێك لەبەری بکات . | | | |
| ٣٦ | خۆی پێڵاوەکانی لە پێ ناکات دەبێت یەکێك لە پێی بکات . | | | |
| ٣٧ | منداڵەکەم ترسی هەیە لەوەی کە وون ببێت . | | | |
| ٣٨ | منداڵەکەم ترسی هەیە لەوەی کەسێك بیرفێنێت . | | | |
| ٣٩ | منداڵەکەم نایەوێت بڕوات بۆ باخچە . | | | |
| ٤٠ | ترسێکی بێ بنەمای هەیە لەوەی کاتێ جێی دەهێلین نەگەڕێینەوە بۆ لای . | | | |
| ٤١ | بە تەنها لە هیچ جێگایەك هەست بە ئارامی ناکات . | | | |

## پاشکۆی (٦)

## فۆرمی هەڵسەنگێنەرانی ڕاستی وەرگێران

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی / کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی باخچەی منداڵان

خوێندنی باڵا / ماستەر

سڵاوی زانست . . . . . .

ئەودەقەی لە بەردەستتدایە بەشێکە لە لایەنی کردەیی توێژینەوەیەکی ئەزموونی بە ناونیشانی (کاریگەریی بەکارهێنانی مەڵتی میدیا لەسەر ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێی دابڕان لای منداڵانی باخچە لە شاری سلێمانی )، کە بریتین لە هەشت پارچە ڤیدیۆی کورتی تایبەت بە دڵەڕاوکێی دابڕان، کە توێژەر لە پێگەی (YouTube) وە دەستی خستون و وەرگێڕانی بۆ دەقەکانیان کردوە بۆ سەر زمانی کوردی و لە هەندێك شوێندا هەوڵی کوردانندنیانی داوە بەو چەشنەی لەگەڵ تێگەیشتنی منداڵانی ناو کۆمەڵگەی خۆماندا بگونجێت بۆیە داواکارم لە بەڕێزتان لە ڕێی سەرنج و تێبینیەکانتانەوە ڕاو و بۆچوونی خۆتان دەربخەن لە بارەی کاری وەرگێڕانی دەقەکان و گونجاویان لەگەڵ سروشتی منداڵاندا، هاوکاریتان مایەی ڕێز و پێزانینە و خزمەتە بە توێژینەوەی زانستی .

| | |
|---|---|
| ناوی سیانی: | پسپسۆڕی : |
| نازناوی زانستی: | شوێنی کار: |

| | | |
|---|---|---|
| توێژەر | سەرپەرشتیاری دووەم | سەرپەرشتیاری یەکەم |
| نەبەرد محمود حمەصالح | پ .ی . د . یۆهان عثمان | پ .د . نیان نامق صابر |

## پاشکۆی (٧)

### ناوی هەڵسەنگێنەرانی ڕاستی وەرگێڕانی ڤیدیۆکان

| ژ | ناو | پلەی زانستی | پسپۆڕی | شوێنی کارکردن | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | فاضل جمال مستەفا | پرۆفسیۆری یاریدەدەر | وەرگێڕان | ز . سلێمانی | لە ئینگلیزی بۆ کوردی |
| ٢ | شاخەوان جلال فرج | پرۆفسیۆر | زمانی کوردی | ز . سلێمانی | لە کوردی بۆ ئینگلیزی |
| ٣ | ئازاد حسن فتاح | پرۆفسیۆری یاریدەدەر | زمانی ئینگلیزی | ز .سلێمانی | بەراووردی هەردوو دەقە ئنگلیزیەکە |

پاشکۆی (٨)

دەقی ڤیدیۆکان بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی

ڤیدیۆی یەکەم : **Lama Lama misses mama**

ماوەی ڤیدیۆ : ٣ خولەك و ٣٤ چرکە

بڵاوکراوەتەوە لە : **Jacqueline Mitchell channel**

## Llama Llama Misses mama

warm in bed،Llama Llama
.

sleepy ، wakey،Wakey head

Llama school began today

Time to learn and time to play

make the bed and find some clothes

Brush the teeth and blow the nose

Eat breakfast

Clean the plate

Whoops

Oh my ……

We are running late

Drive to school and park the car

Tell the teacher who you are

Meet new faces

Hear new names

See new places

Watch new games

Hang the coat

Say good- bye

Llama llama

Feeling shy ……

Mama llama goes away

Llama llama has to stay

Strange new teacher

Strange new toys

Lots of kids

And lots of noise

What whould llama like to do?

Llama llama feels so new

Build acastle out of block?

Make a rock from a box?

Llama llama shakes his head

Llama walks away instead

Here's a little chugga-choo

With a captain and a crew

Would  the llama like a ride?

Llama llama tries to hide

Reading stories on the rug

sitting  ،Kids are cuddled snug

Would  the llama like to look?

Llama llama

Hates the book

Time for lunch! Now  find a seat

Llama llama doesn't want to eat

Llama makes a little moan

Llama llama feels alone

Llama misses mama so

Why did mama  llama go?

It's too much

. . For little llama …

Llama llama misses mama

new little ،Don't be sad llama

It's ok to miss your mama

But don't forget –

When day is through

She will come right  back to you

please don't  ،Llama llam fuss

Have some fun and play with us!

Put on coats and run outside

see the playhouse !try the slide!

Tag and jump rope .hide and seek

Close your eyes and do not peek!

Now it's time to

Draw and write

Great big crayons

Colors bright

Take some paper

. From the  stack…

Mama llama you come back

Teacher gets a good bye hug

Wave to friends on . reading  run

Climb the playhouse with the slide

See if mama fits inside

Lots to show and lots to say!

Bach a gain another day… .

something  Llama finds out new

He loves mama

دەق بە کوردی کراو :

بەرخە بەرخەی توك پەموو

بەرخە بەرخەی تووك پەموو
بەرخە دەیەوێت چی بکات

هەستە هەستە خـەواڵوو
هەست بە نامۆیی دەکات

ئەمڕۆ ڕۆژی باخچەیە
یاری میکـــانۆ بکەین ؟

کوا کاتی ناو جێگەیە
خانوو کەشتی دروست کەین ؟

جێگەکەت ڕێکخەرەوە
بەرخە سەری بادەدا

خێرا خۆت کۆ بکەرەوە
خۆی لە قسە لادەدا

جوان دەم وچاوت بشۆ
توت توت چك چك چك

نانی بەیانــی بخۆ
شەمەندەفەری بچوك

خێرا بـا بەڕێکەوین
تەنها یەك جێگە ماوە

نەوەکو درەنگ کەوین
بۆ بەرخەمان داناوە

دەی وەرە ناو سەیارە
بەرخە نایەی سەرکەوی ؟

بچینە باخچە ئەم جارە
لەگەڵمان بەڕێ کـەوی ؟

دادەکان چــاوەڕێتن
ئەنجا کاتـی چیرۆکە

هەر هەموویان هاوڕێتن
ڕاکەنە سەر فەرشەکە

منداڵی نوێ بنـاسە
منداڵان دەی کۆبـنەوە

لەگەڵ گشتیان بسازە
چیرۆکتان بۆ بگێرمەوە

ئەو هەموو ژوورە نوێیە
بەرخە تۆش گوێ دەگریـت ؟

هەر هەمووی یاری لێیە
یان هیشتا هەر دوور دەگریت

دەی باوەشێکم پیاکە
واکـاتی نیوەڕۆیە

بای بای بکە لە دایکە
بانان بخۆین، چی لێیە ؟

بەرخە بەرخە شـەرم دەکات
بەرخە نایەت دانیشێ

دایکی ڕۆشتووە بیری ئەکات
ئەڵێ من سکم دێشـێ

واهەست دەکات تەنیایە
بەڵام خۆی لە ڕاستیدا

هەرچەند دادەشی لایە
وا لـەبیری دایکیدا

لەناو ئەو منــداڵانە
بێ تاقەت مەبە بەرخە

ئەو هەموو یاریە جوانە
ڕاستی دڵتمان بۆ دەرخە

هەموان بیری دایك ئەكەین
بەس ئەزان پێی ئـەگەین
با لێشیان دوور كەوینەوە
هێندە نابات دێنــەوە
لەبەر ئەوە بەرخە گیان
لێمان مـەكە بەگریان
تۆش بۆ خۆت چێژ وەرگرە
گاڵتە بــكەو هەڵپەڕە
بەبێ خەم و بێ گریان
یاری بـكە لەگەڵمان
چاكەتەكەت لەبەر كـە
ڕاكـە بۆناو باخچە كە
با ماڵە باجێنە كەین
یا با خلیسكێنەكەین
پەتپەتێن و خەتــخەتێن
یا چاوشاركێ و ڕاوڕاوێن
تاوەكو شــەكەت دەبین
لەجووڵە جووڵ تێر دەبین
ئەوسا كاتی پشوو دێت
كاتی وێنەكێشان دێت
سەرو كاغەز دەهێنین
بەبۆیە دەیـنەخشێنین

هەرچی ڕەنگە هەمانە
بەرخە كامەیان جوانە؟
سووور یا سەوز یا زەردەكە
یان پەمــــەیە كاڵەكە
هەر لەوكات و ســاتەدا
یەكێك لە دەرگاكەی دا
دایكی بەرخە پەموو بوو
گەڕابوەوە زوو بە زوو
لە خۆشیدا بەرخی جـوان
كەوتە بای بای لە هەموان
توند توند دادەی باوەش كرد
ماڵئــاوایی لەویش كرد
گوتی دایە ئەمزانی
دییتەوە بە ئاسانی
ئیتر دڵم تەنگ ناكـــەم
خۆ من زۆر زوو پێت دەگەم
هەر گەشــتینە ماڵەوە
هەمووت بۆ دەگێڕمەوە
ڕووداوەكانی ئەمڕۆ
لـەگەڵ نانی نیوەڕۆ
تۆش بۆم باس بكە ئەمــڕۆ
چیـــــــت كـــــــرد كە دوور بــــــووم لە تــــــۆ .

**The invisible string** : ڤیدیۆی دووەم

ماوەی ڤیدیۆ : ٥ خولەك و ٢٦ چرکە

**www . Devorss . com** : بڵاوکراوەتەوە لە

**www .sceeto . com**

# The invisible string

Liza and Jeremy the twins، were a sleep one calm and quite night . Suddenly it began to rain very hard .thunder rumbled until it got so loud that it woke them up

Mommy mommy " they cried out as they ran to her ."

Donot worry، you tow! Just the storm making all the noise، go back to bed

We want to stay close to you "said Jeremy" we're scared ! .

Mam said "you know we are always together now matter what"

"but how can we be together when you are out here and we're in bed ?" said liza

Mom held something right in front of them and said this is how .

rubbing their sleepy eyes،the twins came closer to see what mom was holding

"I was about your age when my mommy first told me about The invisible string"

" I don't see a string "said Jeremy

"you don't need to see the invisible string . people Who love each other are always connected by a very special string made of love

"But if you can't see it with your eyes، you can feel it with your heart and know that you are always connected to everything you love

"When you are at school and miss me،your love travels all the way along the string until I feel it tug on my heart "

And when you tug it right back،we feel it in our hearts "said Jeremy"

"does jasper the cat have an invisible string?" liza asked .

"she sure does،"said mom"

And best friend like me and Lucy ?" Asked liza"

"Best friend too!"

"How far can the string reach?"

Anywhere and everywhere "mom said "

Asked Jeremy "would it reach me even if I were submarine captain deep in the ocean ? "

The mom said even there

Or a mountain climber ?

Even there

A dancer in France ?

Even there

A jungle explorer?

Even there

How about an astronaut out in space ?

Yes ‹ Even there

Then Jeremy quietly' asked‹ can my string reach all the way to uncle brain in heaven?

Yes‹ Even there

Does the string  go away when you're mad at us ?

Never "said mom" love is strong than angry‹ and as long as love is in your heart‹

The string will always be there

Even when you get older and can't agree about things like what movie to see ... or what game to play in the back seat... . or what time to go bed

Oh‹ that's right !you to should be in bed !‹ and with that‹ they all laughed as mom . Chased the twins back to their beds‹ within a few minutes they were asleep even though the storm was still making the same loud noise outside

As they slept ‹they started dreaming of all‹ the invisible strings they have and all the string their friends have‹ and their friends have until everyone in the world was connected by Invisible strings . And from deep inside they now could clearly see no one it ever alone .

دەقی وەرگێڕدراو بۆ کوردی :

پەتە نەبینراوەکە

ناواز و نماز خوشك و برایەك بوون، لە شەوێکی هێمن و بێدەنگدا خەوتبوون، لەناکاودا بارانێکی بەهێز دایکرد، دەنگی باران و تۆفانەکە هێندە بەرزبوو، خەبەری کردنەوە و بە هاواری دایکە دایکە ڕایان کرد بۆ لای دایکیان .

دایکی کە بە دەنگی ئەوان بەخەبەرهات، هەردووکیانی کردە باوەش و پێی گوتن، ئۆو نیگەران مەبن ئەوە تەنها بارانە ئەو هەموو دەنگە دەنگە، وەرن بگەڕێنەوە بۆ ناو جیگەکەتان، هەردوکیان گوتیان بەڵام ئەمانەوێت لەنزیکی تۆ بمێنینەوە ناواز گوتی ئێمە دەترسین، دایکی گوتی خۆ ئێوە دەزانن ئێمە هەموو کات پێکەوەین گرنگ نیە هەرچی ڕوودەدات .

نماز گوتی بەڵام ئێمە چۆن پێکەوەین کە تۆ لێرەیت و ئێمە لە ژووری نوستنەکەی خۆمانین، دایکیشی لەبەردەم ئەواندا دەستەکانی بەرزکردەوە و گوتی : ئەوها بەم شێوەیە، ئەوانیش بەدەم چاو خوراندنەوە هاتنە پێشەوە بۆ ئەوەی بزانن دایکیان چی بەدەستەوەیە، دایکیان گوتی من لە تەمەنی ئێوەدا بووم کە دایکم دەربارەی پەتە نەبینراوەکە قسەی بۆ کردم .

ناواز گوتی بەڵام من هیچ پەتێك نابینم، دایکیشی پێی گوت تۆ پێویست ناکات ئەو پەتە ببینیت، ئەو کەسانەی یەکتریان زۆر خۆش دەوێت، بە پەتێکی زۆر تایبەتی بە یەکتری بەستراونەتەوە، کە لە خۆشەویستی دروستکراوە، نمازیش گوتی بەڵام کە نەیبینین بەچیدا بزانین کە ئەو پەتە هەیە ؟

دایکی گوتی ڕاستە بەچاو نایبینی بەڵام بەدڵ دەتوانیت هەستی پێ بکەیت، هەمیشە بەستراویتەوە بەوکەسانەی کە خۆشیان دەوێیت، پاشان گوتی کاتێ ئێوە لە باخچەن و بیرم دەکەن خۆشەویستیەکەتان بەو پەتەدا بۆ من دێت و دەنوسێت بەدڵمەوە .

ناوازیش گوتی : ڕاستە کەتۆ بیرمان دەکەیت لە دڵماندا هەستی پێدەکەین، نمازیش گوتی ئەی پشیلەکەمان پەتی نادیاری هەیە ؟، دایکی گوتی : بەدڵنیاییەوە، ئەی هاوڕێ نزیکەکانیشمان وەك ئێمەن ؟، دایکی گوتی : بەڵێ بەدڵنیاییەوە .

پاشان نماز گوتی ئەی درێژی ئەو پەتە چەنێکە ؟، دایکیشی گوتی : ئەو پەتە دەگاتە هەموو شوێنێك،ناوازیش پرسی، ئەی ئەگەر من بوم بە دەریاوان و چوومە قووڵای دەریاکانەوە پەتەکە دەگاتە ئەوێش ؟، دایکی گوتی بەڵێ پەتەکە دەگاتە ئەویش، ئەی ئەگەر بەسەر شاخەکاندا سەرکەوین پەتەکە دەگاتە ئەویش؟، دایکی گوتی بەڵێدەگاتە ئەوێش، ئەی ئەگەر لە فەرەنسا بوین و سەمامان کرد ؟، دایکی گوتی تەنانەت لە ئەویش هەر پەتەکەمان پییە .

ئەی دارستانە دوورەکان ؟، تەنانەت ئەوێش، ئەی چی دەربارەی بۆشایی ئاسمان ؟، ئەوێش تەنانەت ئەوێش .

پاشان ناواز بەهیواشی گوتی ئەی دەگاتە لای داپیرە و باپیرە ؟، دایکی گوتی بەڵێ تەنانەت ئەگاتە ئەوێش، پاشان پرسیان ئەی ئەو کاتانەی کە لێمان توورە دەبێت پەتەکە دەڕوات ؟ دایکی گوتی نەخێر خۆشەویستی لە تووڕەبوون بەهێزترە، تا خۆشەویستی لە دڵتدا بێت ئەو پەتە هەر هەیە، تەنانەت ئەو کاتانەش کە گەورە دەبن و ناتوانن ڕێکەون لەسەر ئەو شتانەی کە دەتانەوێت، بۆ نموونە سەیرکردنی تەلەفزیۆن، یا هەڵبژاردنی یاریەکان، یان چ کاتێك بڕۆن بۆناو جێگەی نووستن، ئۆوو بەڕاست ئێوە دەبێت لەناو جێگەکەتاندا بن .

پاشان بە پێکەنینەوە دایکی ڕاوی نانە ناو جێگەکەیان، هەر چەندە باران و هەورە تریشقەش لە دەرەوە بەردەوام بوو، بەڵام پاش چەند خولەکێك خەویان لێکەوت، هەردوکیان خەویان بینی، لە خەوەکانیاندا ئەو پەتانەیان بینی کە هاوڕێکان و هاوڕێی هاوڕێکانیان و هەموو مرۆڤەکانی جیهان بەیەکەوە دەبەستێت، لە قوڵایی دڵیانەوە بەجوانی دەیانبینی کە کەس بە تەنیا نیە .

**ڤیدیۆی سێیەم : Tom has Separation Anxiety Disorder**

ماوەی ڤیدیۆ : ٣ خولەك و ٢٠ چرکە

بڵاوکراوەتەوە لە : **Anxiety Canada**

## Tom has Separation Anxiety Disorder

I don't know if this is right oh jeez

Wait she is going we'll ever see her again now oh do you good

She can’t hear you why did you stop Feeling us

we're out of food we're never gonna eat again you don’t have the flu shot only mom will protect you

Go have fun tom، oh geez don't he come play he won't let you or don't

first day of school you're never gonna come back don't leave me it's gonna be okay love school of death I tell you

school of death die what I stomachache you do oh my head headache

oh my beautiful boy .

she taught you beautiful everyone is gonna laugh at you

are you afraid yeah w said l'll never see you again oh well is w a big fast car gonna run you over huh no oh well Vicky must be a big tornado gonna blow you away no whoa what is w my worried dragon oh so all those fears you have belonged to your worry dragon

uh-uhh so they're not your fears at all they belong to him ha I guess so there isn't really anything for you to worry about hey my stomachache is gone cool come on

here cirrage go on have fun I'll see you later after school

hey you want to play soccer baseball with us yeah

oh geez huh geez

oh my head oh geez

دەقی بە کوردی کراو :

ئەژدیها: ئۆو ئەمە ماڵەکەیە

هاوار دەکات

چەپڵە لێدەدات

ئەژدیها : ئۆو بوەستە ئەمە ڕۆیشت

منداڵەکە کەوتە گریان

ئەژدیها : زۆر باشە زیاتر بگری ئەوگوێی لێت نیە

ئەژدیها : ئۆو ئەوە قاپەکەی لابرد وئیتر نان ناخۆیت جارێکی تر ئەبێت دایە فریات بکەوێت بگری و هاوار بکە ، بڵێ دایـە

ئەژدیها : ئۆو دەبێت دایکت بتپارێزێت

دایک : دەی کوڕم برۆ یاری بکە

ئەژدیها : ئۆو نەچیت

منداڵێك : سڵاو وەرە با یاری بکەین

ئەژدیها : نەڕۆیت وازت لێناهێنێت

منداڵێك : ئم نایەیت

ئەژدیها : یەکەم ڕۆژی باخچە، نەڕۆیت دوای هەرگیز ناگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە

کوڕەکە : تکایە بەجێم ماهێڵە

دایک : ئازیزم تۆ باش دەبیت

ئەژدیها : کوڕە باخچە ناخۆشە ها پێت دەڵێم، ئای چەند ناخۆشە

کوڕەکە: ئای من سکم دێشێت

کوڕەکە: بڵێ سەریشم

دایک : بەڕاست

کوڕەکە: سەریشم دێشێت، ئای سەرم
